تاوانی بەرتیڵ لە ڕووی شەرعیەوە

بە کوردی

نووسینی : قاسم محسن عولا

١٤٤٥هـ

پێشەکی :

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد الله نحمده ونستعينه ونستغفره ، و نعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا ، من يهده الله فلا مضل ، ومن يضلل فلا هادي له ، أشهد أن لا إله إلا واشهد أن محمدا عبده و رسوله اما بعد ...

فأن أصدق الحديث كتاب الله ، خير الهدي هدي محمد ﷺ ، وشر الأمور محدثاتها ، وكل محدث بعدعة وكل بعدعة ضلالة ، وكل ضلالة في النار ...

قال تعالى: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ [آل عِمۡرَان : ١٠٢]

قال تعالى: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبًا ١﴾ [النِّسَاء : ١]

قال تعالى: ﴿يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَـٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ [الأَحۡزَاب : ٧١]

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

قال تعالى: ﴿ٱلۡمَالُ وَٱلۡبَنُونَ زِينَةُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَٱلۡبَـٰقِيَـٰتُ ٱلصَّـٰلِحَـٰتُ خَيۡرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيۡرٌ أَمَلًا ٤٦﴾ [الكَهۡف : ٤٦]

قال تعالى: ﴿إِنَّمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَأَوۡلَـٰدُكُمۡ فِتۡنَةٌ ۚ وَٱللَّهُ عِندَهُۥٓ أَجۡرٌ عَظِيمٌ ١٥﴾ [التَّغَابُن : ١٥]

خوێنەری بەڕێز لە پەرتووکی ئەم جارەم دا باس لە بابەتێکی گرینگ دەکەین ، کە کۆمەڵگا و وەلات بەدەستیەوە دەنالێنێ و بۆ تە بە دیاردەی نێو خەلك و حکومەتدا ، منیش وەکو هاوڵاتیەك یان فەرمانبەرێکی حکومەت ، ئەم دەردەکوشندەیە یان ئەم تاوانە قێزە ونە بۆ ئێوەی خوێنەری بەڕێز باس دەکەم ، لە رووی حوکمە شەرعیە کانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ، ئەویش دیاردەی بە رتیل یان ریشوە هدایە وەرگرت یان دیاری وەرگرتن بە ناوی

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

جیا جیا ، هەروەها باسێکی تریش هەر لەم باسە دا ئەویش پرسیارکردنە لە رۆژی دوای لە و سپاردەیەی کە (خوای گەورە) پێمانی بەخشیوە جا چ لە تەمەن و مال وسامان و منداڵ ، یان پلەو پۆست و بەرپرسیارەتی لە ناو دامودەزگانی نێو حکومەت ، هەروەها بەرپرسیارتی وەرگرتن لە کاربە دەستی و پلە و پۆست دا ، بێ گومان لە رۆژگاری ئەم رۆدا ئەم دیاردانە هەر زۆر باوە ، بۆیە بارودۆخی خەلکی ئاوایە خەلکی ئێمە ئەوەی دوورە ئەم دیاردانە خۆیان دەپارێزن لەم تاوانە گەورانە وەکو بەرتیل وەرگرتن یان ریشوە وەرگرتن هدیە یان دیاری وەرگرتن ، هەر سال بە سال بارودۆخی بژیوی ژیانیان بەرەوو داروخان و هەژاری و فەقیری دەچێت ، بە هەمان شێوە ئەوانەیشی کەمێك مالیان هەیە خۆیان بە دوور دەگرن لە دانی بەرتیل یان رپشوە ئەوانیش مال و سەروەتیان زیاد ناکات ، چونکە کارەکانیان دەوستێت ئەگەر بەرتیل نەدەن ، بۆیە خۆینەری بەرێز زۆر پێم باش بوو ئەم بابەت بخەینە بەرباس و لێکۆلینەوە لە رووی شەرعیەوە ، چونکە ئەم دیاردەیە لە رۆژگاری ئەم رۆدا زۆر بەربلاوە ،بۆتە بە دیاردەیەکی کوشندەی نێو کۆمەلگای کوردەواری دا ، ئەمەش هۆکاری نەبوونی دەزگایەکی چاودێری تۆکمە یە ، بۆ بن برکردنی ئەم دیاردە قیزەونە ، بەلێ لە زۆر بەی زۆری دەزگایەکانی حکومەتدا بووە بە دیاردەیەکی نامۆ ، وە کەس ناتوانێت نکۆلی لێ بکات خۆی لێ بدەزێتەوە ، وە نکۆلی لی بکات لەم جۆرە گەندەلیە دا ، ئەویش تاوانی بەرتیل یان ریشوە ، وەرگرتنی هدایە و دیاری یە لە ناو دامودەزگاکانی دەولەت بگرە لە نێو خەلکیش دا بۆ تە دیاردە ، هەلبەت نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت خەلکی دامودەزگای حکومەت پێك دەهێنن ، هەر خەلکی ئەم وەلاتەن لە ناو دامودەزگاکانی دەولەت و حکومەتدا ، بۆیە خەلکی خۆیان زولم ستەم لە نەفسی خۆیان دەکەن ، بەهۆی ئەم تاوانە قێزەونە ، کە لە رووی شەرعیەوە تاوانێکی زۆر گەورەیە ، کە لە دوایی دا بابەت بابەت باسیان دەکەین ، کەتاوانێکی گەورەیە لە لای (خوای گەورە) پێغەمبەری ئاخر زمان و پێشەوایی مرۆڤایەتی ﷺ ، بەلێ ئەم خەلکانەی کە ئەم تاوانە قێزەونە ئەنجامدەدن خەلکانێکی هەلپەرست و گەندەل و فسادو خراپەکارو زالم ستەمکار وە دەروون نەخۆشنن ، چونکە هەر خەریکی کۆکردنەوەی مال سامانن بە حرامی ، پێیان وایە کە چوونە سەر کارێك و پلەو پۆستێ کیان وەرگرت ، ئەوا دەستیان لە گەنجینە گیر بووە ، هەموو مالی خەلکی فەقیر و هەژار بە غەنیمەت دەزانن ، تەنانەت مالی حکومەتیش پیان غەنیمەتە ، بۆیە پلە و پۆستەکەیان بە خراپی بە کار دەهێنن ، لە پێناوی پرکردنی ورگ و زگی خۆیان دا ، کاتێك دێن پلە پۆسێك وەردەگرن دەلێن : ئێمە چاکسازی دەکەین وەلات ئاوەدان دەکەین ، بەلام هەر گیز وانیە دۆر دەکەن بۆ خۆ دەولەمەند کردن وگەندەلی فسادی دەسەلات دەگرنە دەست پلە و پۆستەکەیان بەخراپی بەکار دەهێنن ، هەروەکو (خوای گەورە) بەروونی ئەو خەلکانەمان بۆ دەناسێنێ کە دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمۡ لَا تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ قَالُوٓاْ إِنَّمَا نَحۡنُ مُصۡلِحُونَ ١١ أَلَآ إِنَّهُمۡ هُمُ ٱلۡمُفۡسِدُونَ وَلَٰكِن لَّا يَشۡعُرُونَ ١٢﴾ [البَقَرَةِ : ١١ - ١٢] واتە : [وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ] وە کاتێك کە پێیان بڵێی ئاشوب مەگێڕن و ئاشوب مەنێنەوە لەسەر زەوی بە نیفاق و دووڕوویی و خۆشەویستی دەربڕین بۆ کافران و تاوانکردن [قَالُوا إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ (١١)] ئەڵێن: ئێمە تەنها چاکسازین..؟! [أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ الْمُفْسِدُونَ وَلَكِنْ لَا يَشْعُرُونَ (١٢)] بزانن ئاشوبگێڕی تەواو ئەوان خۆیانن بەڵام هەست ناکەن [وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُوا كَمَا آمَنَ النَّاسُ] وە کاتێك کە پێیان بڵێی ئیمان بێنن وەکو چۆن خەڵکی (واتە: صەحابە) ئیمانیان هێناوە..؟!

پێناسەی بەرتیل یان (الرشوە)

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمْ ۖ إِنَّهُم مَّسْـُٔولُونَ ﴿٢٤﴾﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

(مأخوذ من الرشا ، وهو الحبل يربط به الدلو لينزع من البئر) واتە : ووشەی رەشوە لە ووشەی (رشا) وە وەرگیراوە کە مەبەست پێی ئەو گوریسە یە یان ئەو حەبلە یە دە بەسرێتەوە بە و دولکەی یان ئەو دلویەی ، کە دەهێنرێتە ناو بیری ئاوە وە بۆ ئاو هێنان ..؟! .[1]

هەروەها بەمانای (أعطى) واتە : پێدانیش هاتووە .

هەروەها لە رووی شەرعناسیشدا : بەو شتە دەوترێت کە کەسێك بیدات بە کاربە دەستێك یان دەسەلاتدار یان ئەو کەسەی کاوربارى خەلکی بەدەستە ، بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندی ئەو بریارێك یان حکم بدات یان بە شێوەیەك بێت کە کەسی بەرتیل دەر دەیەوێت ..؟!

بەلێ لەم پێناسەیەی کە شەرع باسی دەکات دەر دەکەوێت بەرتیل یان ریشوە وەرگرتن ، زۆر گشتگیرترەوە لە پێدانی مال ، بەلکو هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە ئەو کە سە دەیدات بە و کار بەدەستە یان دەسەلاتدارە بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندی ئەو بریارکە بدات ، جا ئەو شتە مال بێت یان پارە و پول و بێت یان شتی بەنرخ بێت یان پلەو پایە بێت ، یان هەر قازانجێك و سوودێکی دونیایی بێت ..؟!

مەبەست لە (دەسەلاتدار) زۆر کەس دەگرێتەوە ، جا چ سەرۆکی وەلاتێك بێت یان قازی و دادوەر دادگای حکومەت بێت یان وەزیرو بەرێوەبە بەرێك بێت یان فەرمانبەرێك بێت یان لە هەر پلە و پایەکی هەبێت لە دولەتدا ، تەنانەت ئەگەر فەرمانبەرێك و کارمەندێکیش بێت و کاروباری خەلکی بەدەست بێت ، ئەمانە هەر ئەمووی کار بەدەست و دەسەلاتدار دەگرێتەوە ، هەموویان بەرپرسیارن لەو سپاردەیەی یان ئەو ئەمانەتەی کە پێیان سپێردراوە ، هەموویان تێدا بەپرسن لە و ئەمانەتە ، بەپێ جیاوازی پلەو پۆست ئەرکی خۆیان لە داموودەزگاکانی دەولەتەدا ، جا هەر دەزگاو فەرمانگەیەکی دەولەت بێت ، هەموویان بەر پرست لە ئەر کە کەی خۆیان کە جۆن رادەپەرێنن ، جا ج بە چاکسازی کاری چاکە بێت یان یارمەتی دان و هاورکاری کردنی خەلك بیچت بێ ئەوەی فرتوفێل بەرتیل وەرگرێت مووچەکەی خۆی حەلال بکات ، یان تەنها مەبەستی کۆکردنەوەو راو رووت بەرتیل و ریشوە خۆی بێت پۆستەکەی بەخراپ و گەندەلی بەکار بەهێنێ ..؟! بێ گومان ئەمانە هەموو تێدا بەر پرسن لە رۆژی دوای پرسیاریان لێ دەکری لە سەر ، هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : ((أَلا كُلُّكُمْ راعٍ، وكُلُّكُمْ مَسْؤُولٌ عن رَعِيَّتِهِ، فالأمِيرُ الذي علَى النَّاسِ راعٍ، وهو مَسْؤُولٌ عن رَعِيَّتِهِ، والرَّجُلُ راعٍ علَى أهْلِ بَيْتِهِ، وهو مَسْؤُولٌ عنْهمْ، والْمَرْأَةُ راعِيَةٌ علَى بَيْتِ بَعْلِها ووَلَدِهِ، وهي مَسْؤُولَةٌ عنْهمْ، والْعَبْدُ راعٍ علَى مالِ سَيِّدِهِ وهو مَسْؤُولٌ عنْه، ألا فَكُلُّكُمْ راعٍ، وكُلُّكُمْ مَسْؤُولٌ عن رَعِيَّتِهِ. [وفي رواية]: الرَّجُلُ راعٍ في مالِ أبِيهِ ومَسْؤُولٌ عن رَعِيَّتِهِ)) .[2] واتە: ئاگادار بن هەمووتان چاودێرو شوانن ، هەمووشتان بە پرسیارن لە ژێر دەستەکانتان، کاربە دەستی خەلکی شوانە و بەرپرسیارە لەژێر دەستەکانی ، پیاویش شوانی مال و خێزانەکەیەتی و بەرپرسە لێیان ، ئافرەتیش شوانی مالی مێردەکەی و منداڵەکانیەتی وە بەر پرسیشە لێیان ، کویلەش شوانە بە سەر مالی گەورەکەیەو بەر پرسە لێ ، دەئاگاداربن هەمووتان شوانن ، هەموویشتان بەرپرسن لە ژێر دەستەکانتان ،(لە روایەتێکی تریش هاتووە)، پیاویش شوانە لە مالی باوکی دا ،بەر پرسە لە شوانیەتیەکەی ..؟!

ئامۆژگاریەك بۆ کاربەدەستان و فەرمانبەران و کارمەندانی داموودەگاکانی دەولەت :

[1]-مختار الصحاح للرازي باب الراء ص ١٤٣.
[2]-صحيح مسلم برقم (١٨٢٩).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمْ ۖ إِنَّهُم مَّسْـُٔولُونَ ﴿٢٤﴾﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

ئەی ئەو کەسەی کە کاربەدەستی یان هەر پلە پۆستێکت هەیە لە ناو دامو دەزگاکانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت دا ، یان لە ناو دامودەزگای دەولەت دا ، بەراستی تۆ لە خێرو چاکەیەکی زۆر گەورە دایی ، ئەگەر لە کاتی ئەرکەکەدا ئەخلاص و دلسۆزیت هەبێت بۆ پیشە کەی خۆت تەنها ئەوە بکەیت هەرکارێك بێت بۆ رەزامەندی (خوای گەورە) و پێغەمبەرەکەی بێت ، وە لە ئەرك و کارەکەت یان پیشە کەت یارمەتی دەری خەلکی بیت و بەشێوەیەکی شەرعی و رێك و پێك کارەکانی رۆژانەت ئەنجام بدەی ..؟!

لە (عبدالله بن عمر) – خوا لێ رازی بێت – دەفەرموێت : ((الْمُسْلِمُ أخُو المُسْلِمِ، لا يَظْلِمُهُ ولا يُسْلِمُهُ، مَن كانَ في حاجَةِ أخِيهِ كانَ اللَّهُ في حاجَتِهِ، ومَن فَرَّجَ عن مُسْلِمٍ كُرْبَةً، فَرَّجَ اللَّهُ عنْه بها كُرْبَةً مِن كُرَبِ يَومِ القِيامَةِ، ومَن سَتَرَ مُسْلِمًا سَتَرَهُ اللَّهُ يَومَ القِيامَةِ)). [٣] واتە: موسلمان برای موسلمانە ستەمی لێ ناکات وە پشتی تێ ناکات و واز لە سەر خستنی ناهێنێت ، وە هەر کەسێك پێدا ویستی راکەی جێ بەجێ بکات ئەوا (خوای گەورە) پێداویستیەکانی جێ بەجێ دەکات ، وە هەر کەسێك ناخۆشیەك لە سەر موسلمانێك لابدات ئەوا (خوای گەورە) ناخۆشیەکانی رۆژی قیامەتی یان رۆژی دوایی لادەبات ، وە هەرکەسێك کەم و کوریەکانی موسلمانیچك داپۆشێت یان ستر بکات ، ئەوا (خوای گەورە) کەم و کوریەکانی دادەپۆشێت یان ستر دەکات لە رۆژی دوایی یان لە رۆژی قیامەتدا ..؟!

بەلێ ئەی کاربەدەست تۆ ناخۆشیەکان یان کارە قورسەکان لە سەر خەلکی لادەدەیت و بە شێوەیەکی رێك و پێك کە رەزامەندی (خوای گەورە) ی لە سەر بێت ، ئەوا پێویستیەکانی خەلك جێ بەجێ بکەیت دوور لە کاری خراپەکاری بە شێوەیەك کە رەزامەندی شەرعی ئاینی ئیسلامی لە سەر بێت ، ئەوا بە دلنیایەوە ناخۆشیەکان و کارە قورس و گرانە کان لە دونیا و لە رۆژی دوایی دا (خوای گەورە) لادەبات ، چونکە بە دلسۆزی ئەخلاصی تەواو ئەرك کارەکەت ئەنجامداوە بێ ئەوەی تووشی هیچ تاوانە حەرام کراوە کان ببیت ، هەر بۆیە ئەی کاربەدەست هەم لە دونیادا بەختەوەر دەبێت هەم لە دوا رۆژیش دا پاداشتی چاکە کردنت دەدرێتەوە ، بەلام بەم شێوەیەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەی سەرەوە باسی کردووە ..؟!

هەر بۆیە پێویست ئەی کاربەدەست خۆت لە کرداری خراپ کە یەکێکە لە تاوانە گەورە کان ئەویش بەرتیل و ریشوە وەرگرتنە بپارێزی تەقوای (خوای گەورە) بکە و کەسێکی دەست پاك و خاوێنە لە ئەرکە کەتدا ، چونکە بەرتیل یان ریشوە دروست نیە لە رووی شەرعی ئاینی ئیسلامی پیرۆزەوە ، هەلبەتە بەم هۆیەوە تووشی گوناهو تاوانی گەورە دەبیت ، بەر نەفەرتی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەویت ..؟!

لە (عبدالله بن عمر) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((لعنَ رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليْهِ وسلَّمَ الرَّاشِيَ والْمُرْتَشِيَ)). [٤] واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرەتی یان لە عنەتی لەو کەسە کردووە کە بەرتیل دەدات وە لەو کەسەش کە بەرتیل وەر دەگرێت ..؟!

ئەو ووشانەی کە پەیوەندی دارن بەووشەی (ریشوە یان بەرتیل) لەرووی شەرعیەوە :

یەکەم : (المصانعة) واتە : بەرگری یان پال پێوەنانی ستەمکار بۆ گەیشت بە مال سامان ، یان بەرگری دەکات لە پێویستەکانی .

---

[٣]- صحيح مسلم برقم (٢٥٨٠).
[٤]-سنن الترمذي برقم (١٣٣٧).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

دووەم :(السحت) واتە : پەیداکردنی هەموو مالێکی حەرام بە کاسبی یەکی قێزەن و پیس وەکو بەرتیل وەرگرتن یان زیدەورەوی کردن و ریبا کردن ، هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿فَيُسۡحِتَكُم بِعَذَابٖۖ وَقَدۡ خَابَ مَنِ ٱفۡتَرَىٰ ٦١﴾ [طه : ٦١] واتە : [فَيُسْحِتَكُمْ بِعَذَابٍ] لەبەر ئەوەی خوای گەورە سزایەکی واتان ئەدات ڕەگ و ڕیشەتان دەرئەکات و کۆتاییتان پێ دێنێ و دواتان دەبڕێ [وَقَدْ خَابَ مَنِ افْتَرَى] وە ئەوەیشی درۆ بۆ خوای گەورە هەڵبەستێ و سەر لە خەڵکی بشێوێنێت زەرەرمەندو خەسارەتمەند دەبێت..؟!

سێ یەم :(الهدية) واتە : پێدانی دیاری یەك یان شتێك بە بێ قەربوو کردنەوە یان بە بێ بەرانبەر بۆ پەیوەندی کردنی نزیکایەتی یا ئەکرام و شەرف.

جیاوازی نێوان بەرتیل و دیاری :

١-بەرتیل شتێکە کە دوای داواکاری دەدرێت ، بەلام دیاری لە پێش داواکاری دەدرێت .

٢-بەرتیل شتێکە دەدرێت بەو مەرجەیە کە یارمەتی بدات یان ئاسان کاری بۆ بکات ، بەلام دیاری ئەم مەرجەی تێدا نیە .

٣-بەرتیل شتێکە بە داواکاری دەدرێت یان وەردەگیرێت ، بەلام دیاری بە ئازادی دەدرێت یان وەردەگرێت .

تووخمە کانی تاوانی بە رتیل یان (الرشوة) :

یەکەم:(الراشی) واتە: ریشوە دەر یان بەرتیل دەر ، ئەو کەسە یە کە پالێنەری یان بەرگری کاری سەر سەختە بۆ ریشوە یان بەرتیل وەرگر ، وە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانج و مەبەستەکەی دا ..؟!

(لابن الأثير) – رەحمەتی خوا لێ بێت – دەلێت : بەرتیل دەر ، ئەو کەسە یە دەیدات یان دەبەخشی بۆ یارمەتی دانی کارێکی هەلە یان باتل..؟!.[٥]

بەلێ بە دلنیایەوە (الراشی) واتە: بەرتیل دەر یان ئەو کەسەی بەرتیل دەدات بەکاربەدەستانی دەولەت یان هەر دامودەزگایەکی گشتی تایبەتیش بێت ئەوا بە بەلگەی ئەم فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ نەفەرتی یان لەعنەتی لێکراوە ، ئەمەش یەکێکە لە تاوانە گەورە کان بە پێ بەلگەی شەرعی و بە کۆدەنگی زانایانی فقە یان شەرع ، چونکە تاوانێکی زۆر گەورەیە لەم تاوانە گەورەیە سەر هەلدەدات بۆ خراپە کاری و فسادی گەندەی و خواردنی مالی خەلك بە ناردوا یان بە ناحەق ، هەروەکو ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆمانی باس دەکات دەربارەی (الراشی) ..؟!

لە (عبدالله بن عمر) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((لعنَ رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليْهِ وسلَّمَ الرَّاشِيَ والْمُرْتَشِيَ)).[٦] واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرەتی یان لە عنەتی لەو کەسە کردووە کە بەرتیل دەدات وە لەو کەسەش کە بەرتیل وەر دەگرێت ..؟!

بێ گومان بۆ ئەوەی لە مەبە ستی (الراشی) واتە : بەرتیل دەر ، تێ بگەین و ووردبینەوە لە سەر ئەو تاوانەی کە ئەنجامی دەدات ، کە نەفرەتی یان لەعنەتی لێکراوە ، بەلام دەبێت پێکهاتەی یان تووخمەکانی بەرپرسیاریەت لە سەر تاوانە کەی هەبێت ، ئەمەش نموونەیەك لە عەقل و ژیری ، یان تەمەن بالغ بوون ، یان هەلبژاردن ، یان علم و زانست ، وە ئەم فەرموودەی خوارەوە کە باس لەم پێکهاتانە دەکات کە باسمان کرد ..؟!

لە (عائيشة أم المؤمنين) – خوا لێ رازی بێت – دە گێرتەوە دەلێت : ((أنَّ رسولَ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ قال: رُفِعِ القلَمُ عن ثلاثةٍ: عن النائمِ حتى يستيقِظَ، وعن المُبتلَى حتى يبرَأَ، وعن الصبيِّ حتى يكبَرَ)).[٧] واتە: قەلەم لە سەر ئەم سێ کەسە هەلگیراوە واتە : گوناهو تاوانیان بۆ نانوسرێت : خەوتوو تاکو هەلدەستێت لە خەو ، شێت تاکو عەقلی یان ژیری دێتەوە یان چاك دەبێتەوە ، منداڵ هەتاکو گەورە دەبێت دەبێتە تەمەنی بالغ بوون ..؟!

دووەم: (المرتشی) واتە: بەرتیل وەرگر ، ئەو کەسەیە کە بەرتیلە کە قبول دەکات و بەمەرجەکە رازی دەبێت کە (المرتشی) یان بەرتیل دەر بۆی داناوە ، هەورەها ئەویش ئەو کەسەیە کە خاوانی پلە پۆست و سولتە کاربەدەستی دولەتە ، کەواتە : (المرتشی) ئەو کەسەیە کە رازی دەبێت بەرتیلەکە وەربگرێت ، هەروەکو لە باسی (الراشی) واتە : بەرتیل دەر باسمان کرد کە سزایە و حکم و تاوانەی بەرتیل دەر جیە ، ئەویش بەهەمان شێوەی بەرتیل دەر حکم سزاو تاوانی هەیە ، بۆیە هەردوو تووخم یان هەردوو رکن هەمان حکمیان هەیەلە شەرعی دا ، کەواتە : (المرتشی) بە پێ بەلگەی فەرموودەکە نەفەرتی یان لەعنەتی لێکراوە ، چونکە بەتاوانێکی زۆر گەورە هەژمار دەرکرێت لە شەرع دا بە پێ کۆدەنگی زانایان ئیسلام.

---

[٥]-لابن الاثير : النهاية في غريب الحديث والاثر (٢٢٦/٢).
[٦]-سنن الترمذي برقم (١٣٣٧).
[٧]-سنن ابو داود برقم (٤٣٩٨).

لە(ثوبان مولى رسول الله ﷺ) –خوای لێ رازی بێت – دەگێڕیتەوە لە پیغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((لعنَ اللهُ الراشِي، و المرتشِي، و الرائشَ الذي يمشي بينهما)) . [٨] واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرەتی یان لە عنەتی لەو کەسە کردووە کە بەرتیل دەدات وە لەو کەسەش کە بەرتیل وەر دەگرێت ، هەروەها لەو کەسەش کە دبێتە هاری کاری نێوانیان واتە: هاتوو چۆیان لە نێوان دەکات بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە ...؟!

بۆیە (المرتشی) واتە : بەرتیل وەرگەر بە پایەکی یان تووخمی بنەرەتی یان سەرەکی (ریشوە) یان بەرتیل دەدەنرێت ، هەروەکو لە فەرموودەکەی پێغەمبەری خواصلی داهاتووە ، سزای (الراشی) و (المرتشی) هەمان سزایان هەیە و ، هەردوو تووخم بەر نەفرەتی (خوای گەورە) و پێغەمبەرەکەی ﷺ کەوتوون ، بەلام هەردووکیان مەرجیان هەیە وەکو لە فەرموودەکەی تر باسمان کرد کە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆمانی باس دەکات ..؟!

لە (عائيشة أم المؤمنين) – خوا لێ رازی بێت – دە گێڕتەوە دەلێت : ((أنَّ رسولَ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ قال: رُفِعِ القلَمُ عن ثلاثةٍ: عن النائمِ حتى يستيقِظَ، وعن المُبتلَى حتى يبرَأَ، وعن الصبيِّ حتى يكبَرَ)).[٩] واتە: قەلەم لە سەر ئەم سێ کەسە هەلگیراوە واتە : گوناهو تاوانیان بۆ نانوسرێت : خەوتوو تاکو هەلدەستێت لە خەو ، شێت تاکو عەقلی یان ژیری دێتەوە یان چاك دەبێتەوە ، منداڵ هەتاکو گەورە دەبێت دەبێتە تەمەنی بالغ بوون ..؟! بە لێ ئالەم فەرموودەیەدا باسی لە عەقل و ژیری و هەلبژاردنی علم و زانست ، هەروەها تەمەن و بالغ بوون یان خەوتن و دەکات ، بەلام (المرتشی) ئەم دوو جینە لە فەرمانراوای یان کاربەدەست وەکو (حاکم وقازی) مەرج و شەرت نیان گرێتەوە ، بە کۆدەنگی فقە های زانایان ، بێ گومان تاوان یان جریمەی (المرتشی) هەمان تاوانی (الراشی) یە ، چونکە هەردوو کەسە کە هەولی خراپە کاری و گەندەلی و فەسادی کۆمەلگا دەدەن ، بۆ بەرژەوەندو سوود گەیاندن بەخۆیان ، بیر لەو کەسانە ناکەنەوە کە حەق راوەکە هی ئەوان بەلام (الراشی) و (المرتشی) و (الرائش) زەوتی دەکەن خۆیان دەکە بەخاوەنی ئەم مال و سامان نە نارەوایە کە لە بنچینە دا مافی خەلك ئەوان بە ناحەق زەوتی دەکەن ، بێ گومان هەلبەتە مال سامانی هەر وەلاتێك هی خەلکی ئەم وڵاتەیە بەگشتی ئینجا فەرمانرەواو دەسەلاتدارن و کاربەدەستان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بە نارەوا مافی خەلك دەخۆن حەقە کەیان پێ نادەن ، لە جیاتی حەقی خاوەن ماف بدەن ، دەرۆن بەنارەوا و ناحەق ئەو مافەی خەلکی دەیدەن بە کەسانێك بۆ سوود گەیاند بۆ پەرژەوەندی خۆیان بەکاری دەهێنن ، مافە ئەصلیە کەی خەلك ناگەڕێنەوە لەم ڕێگایە مال سامان نارەواو ناحەق کۆدەکەنەوە ، هەلبەت مەبەست لە (الراشی) و (المرتشی) ئەوەیە کە ئەم دوو تووخمە ئەم دیاردە ناشرین و قیزەونە ئەنجامدەددەن بیر لە دوار ڕۆژ ناکەنەوە کە (خوای گەورە) رایان دەوەستێنێت لە پرسیار لێ کراوان کە دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

سێ یەم : (الرئش) : واتە : کەسی سێ یەم لەم تاوانە قیزەونە ، ئەویش یارمەتی دەر بۆ پێك هێنانی یان بۆ ڕێکەوتن لە نێوان (الراشی) و (المرتشی) ، هەروەها (الرئش) ئەو کەسەیە کە نێوەند گیری دەکات لە نێوان (الراشی) و (المرتشی) دا ..؟!

لە (لابن الأثير) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : ئەرکی یان ڕۆلی (الرئش) واتە: کەسی سێ یەم ، ڕۆل دەگێڕی لە نێوانیان دا ، وەکو ئەوەی ئەو نێوندگیریە هەندێك مەرج زیاد دەکات و هەندێکی تر کەم دەکات ..؟! . [١٠] بەدلنیایەوە ڕۆلی (الرائش) ڕۆلێکی کاریگەرو گەورە دە بی نێت

٨-السيوطي الجامع الصغير برقم (٧٢٣٧).
٩سنن ابو داود برقم (٤٣٩٨).
١٠-لابن الأثير (النهاية في غريب الحديث والأثر (٢٢٦/٢).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

لە نێوەندگیری نێوان (الراشی) و (المرتشی) ، چونکە (الرائش) تاوانێکی زۆر گەورە و مەترسیدار ئەنجام دەدات ، بەو رۆلەی کە نێوەند گیری دەکات لە نێوان (الراشی) و (المرتشی) ، هەلبەتە (الرائش) بەژدارە لەم تاوانە گەورەیە جا بە ووتەیەك بێت یان بە کردارىك بێت یان بە ئاماژەیەك بێت ، چونکە هەمان حکم و سزای (الراشی) و(المرتشی) هەیە لە شەرع دا ، بێ گومان (الرائش) بەپرسیاریەتیەکەی تاوانە کە زیاتر دە خرێتە ئەستۆی (الرائش) چونکە ئەم کەسە واتە (الرائش) دەرگای کردنەوەی تاوانەکەیە ، هەلدەستێت بە ئەنجامدان و رۆلی گیران لەم تاوانە پلەی زیاتری هەیە لە تاوان و حکم و سزا لە (الراشی) و (المرتشی) ، چونکە (الرئش) دەبێتە دەلال و چاوساغی تاوانی بەرتیل ، لەنێوان (الرشی) و(المرتشی).

چوارەم : (الصيغة) معنى : (النشاط الذي يقوم به الجاني) واتە : ئەم چالاکی یە کە تاوانباران هەدەستن بە ئەنجامدانی ، بەلێ (الصيغة) : ئەوەیە کە بە ویست و ووشە و نووسین و ئاماژە هەلدەستێت بە ئەنجامدانی ، هەر بۆیە (الصيغه) ئەمەیە کە رێکەوتنەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت جا چ لە رێگای ویست بێت یان بە ووشەیەك بێت یان بە نووسینێك بێت یان بە ئاماژە کردنێك بێت ، ئەمەش دەبێتە پەسەند کردن و رازی بوون یان قبول کردن نێوان (الراشی) و (المرتشی) بە گرێبەستەی کە ئەنجامی دەدەن ، هەر دوو لایەن پێی رازین لە سەر ئەم (الصيغه) یە ، وە هەلبەتە پابەندە بە مەرجەکان ، بەلام زۆر جار هەیە بە تایبەتی (الراشی) پاشگەز دەبێتەوە سکالادەکات لە لایەنی پەیوەندی دار ،بۆ ئەوەی حەقە کەی بۆ بگەرێتەوە ، هەندێك جار (المرتشی) رازی نابێت یان خۆی لەم تاوانە بە دوور دەگرێت و پاشگەز دەبێتەوە ، ئەمەش زۆر بەکەمی روودەدات ، هەلبەتە (الرائش) واتە : کەسی نێوند گیر خۆی لەم پابەند بوون بە دوور دەگرێت ئەو تەنها ئیشی دەلالی کردن رێ نیشاندان و ئاسانکاری کردنی تاوانە کەیە ..؟!

بەلێ (الصيغه) ئەمەیە کە گرێبەستێك ئەنجامدەدرێت لە نێوان (الراشی) و (المرتشی) جائەم گرێبەستە بە ووشەیەك بێت یان بە نووسینێك بێت یان بە ئاماژەیەك بێت ، هەلدەستن بە ئەنجامدانی ،بۆ بەدی هێنانی ئامانج و ویست کردارە کەیان ئەویش تاوانی بەتیلە ، بەلێ (الراشی) ئەم شتەی خۆی ج پارە بێت یان چ شتێکی بەنرخ بێت نمایش دەکات بۆ (المرتشی) دوای لێ دەکات کە لێ قبول بکات یان بەسەندی بکات بەم برەپارەیە یان بەم شتە بەنرخە ، جا(الراشی) بە شێوازێك نمایشەکە یان سیناریۆیەکە ئەنجام دەدات کە (المرتشی) هەست نەکات تاوان یان تاوانەکەی لە لا گەورە نەبێت ، ئەویش بە دەربڕینی چەند ووشەیەکی شرین پێ دەلێت : ئەمە برە پارەیە یان ئەم شتە بەنرخە بۆ تۆیە یان بیگرە ئەمە بۆ رێز لێنان تە یان ئەمە بۆ یارمەتی دانی تۆیە ، یان ئەمە بۆ کرامەت و شکۆی تۆیە ، یان ئەمە دیاری خەلاتە بۆ تۆ یان ئەمە بۆ شتە باشە دەی کەم بە خاتری تۆی ، چەندی دەربرین و ووشەی شرین دەلێت : تەنها بۆ ئەوەی تاوانەکە بچووك بکاتەوە لەلای (المرتشی) بەلام لە راستی دا ئەمانە هەر هەمووی رازانەوەو درۆکردن تەنها مەبەستی پەسەند کردن و قبول کردنی (المرتشی) یە ، مەبەست بە ئاماژە ئەوەیە هەر جوولەکەیە لە جەستەی یان لە لاشەی (الراشی) و (المرتشی) وە بێت ، وەکو بە دەست بە چاو بە ووتەی نهێنی ئەمانە ئامرازی گرێبەستەکەیانە ..؟!

حکمی بەرتیل لە شەریعەتی ئیسلامدا

بەرتیل یان (ریشوە) لە شەریعەتی ئیسلام دا بە کۆدەنگی زانایان حەرامە ، وە یەکێکە لە تاوانە گەورە کان ، وە هەرکەسێکیش بەرتیل بە حەلال بزانێت ئەوا کوفری کردووە یان پێی بێ باوەر دەبێت ، وە هەرکەسێکیش بەتیل بە حەرام بزانێت بەلام وەریش بگرێت یان بەرتیل بدات ئەوا بە

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

پێشەرعی ئاینی ئسلام (فاسق) یان لە سنوور دەرچوو دادەنرێت ..؟! بە دلنیایەوە شەریعەتی ئاینی ئیسلام لەسەر هەموو موسلمانێکی حەرام کردووە کە تاوانی بەرتیل یان ریشوە ئەنجام بدات ، جا ئەوەی کە بەرتیل دەدات یان ئەوەی شی کە بەرتیل وەردەگرێت یان ئەوەشی کە نێوندگیری دەکات بۆ رێکەوتنی بەرتیل دەر و بەرتیل وەرگر ، چونکە بە بەلگەی قورئان و فەرموودەکانی پیغەمبەری خوا ﷺ ، بەرتیل حرام کراوە لە سەر موسلمانان هەر کەسێك ئەنجامی بدات ئەوە یەکێك لە تاوانە گەورە کانی ئەنجامداوە بێ گومان تاوانێکی زۆر گەورە و مەترسیدارە لە شەریعەتدا.

(خوای گەورە) دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿وَلَا تَأۡكُلُوٓاْ أَمۡوَٰلَكُم بَيۡنَكُم بِٱلۡبَٰطِلِ وَتُدۡلُواْ بِهَآ إِلَى ٱلۡحُكَّامِ لِتَأۡكُلُواْ فَرِيقٗا مِّنۡ أَمۡوَٰلِ ٱلنَّاسِ بِٱلۡإِثۡمِ وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ١٨٨﴾ [البَقَرَة : ١٨٨] واتە: [وَلَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ] وە ئێوە لە نێوان یەکتریدا ماڵەکانتان بە باتڵ و پووچەڵ مەخۆن وەکو فاڵچی کە پارەی خەڵکی بەناحەق ئەخوا، یان ئەوەی کە لەشفرۆشی ئەکات، یان ئەوەی کە پارەی عەرەق ئەخوا، یان پارەی خەڵکت لەلا بێت و بەڵگەیان نەبێت و تۆیش نکوڵی لی بکەیت، یان هەر شتێك کە حەرام بێت [وَتُدْلُوا بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ] وە ماڵەکانتان مەدەن بە حاکم و دەسەڵاتدارەکان وەکو ڕەشوەو بەرتیل [لِتَأْكُلُوا فَرِيقًا مِنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالْإِثْمِ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ] بۆ ئەوەی هەندێك لە ماڵی خەڵکی بخۆن بە ناحەق و زوڵم وە کاتێك کە خۆشتان ئەزانن کە ئەمە حەرامە وە ماڵی ئێوە نیە وە بۆتان دروست نیە..؟!

حوکمی بەرتیل بە بەلگەی قورئانی پیرۆز :

١-(خوای گەورە) دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿سَمَّٰعُونَ لِلۡكَذِبِ أَكَّٰلُونَ لِلسُّحۡتِۚ فَإِن جَآءُوكَ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُمۡ أَوۡ أَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡۖ وَإِن تُعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ فَلَن يَضُرُّوكَ شَيۡـٔٗاۖ وَإِنۡ حَكَمۡتَ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِٱلۡقِسۡطِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ ٤٢﴾ [المَائِـدَة : ٤٢] واتە: [سَمَّاعُونَ لِلْكَذِبِ] ئەمانە دیسان گوێ ئەگرن لە درۆی گەورەکانیان [أَكَّالُونَ لِلسُّحْتِ] وە ماڵی حەرام ئەخۆن ئەوەی کە بە ڕەشوەو بەرتیل بێ یان هەر جۆرە حەرامێك بێت لێی ناگەڕێنەوە [فَإِنْ جَاءُوكَ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ] ئەگەر ئەمانە ئەهلی کتاب هاتن بۆ لات ئەی پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - ئەوا تۆ حوکم و بڕیار بدە لە نێوانیاندا بە قورئانی پیرۆز [أَوْ أَعْرِضْ عَنْهُمْ] یان پشتیان تێبکەو خۆت سەرپشکی ئایا بڕیار دەدەی لە نێوانیاندا یاخود ئەیانگە ڕێنیتەوە [وَإِنْ تُعْرِضْ عَنْهُمْ فَلَنْ يَضُرُّوكَ شَيْئًا] وە ئەگەر پشتیان تێ بکەی ئەوان هیچ زیانێك بەتۆ ناگەیەنن، (ابن عباس) دەفەرمێت: ئەم ئایەتە مەنسوخەو خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - کردووە کە حوکم و بڕیار لەنێوانیاندا بدات بە قورئانی پیرۆز [وَإِنْ حَكَمْتَ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ] ئەگەر پیاوێك لە بەنی قورەیزە پیاوێکی لە (بەنی نەزیر) بکوشتایە ئەوا دەیانکوشتەوە، بەڵام پیاوێك لە (بەنی نەزیر) پیاوێکی بکوشتایە لە (بەنی قورەیزە) ئەوا بە (سەد وەسق، کە دەکاتە شەش سەد صاع) خورما ئازادیان دەکردو لێی خۆش دەبوون، کاتێك کە خوای گەورە پێغەمبەری- صلى الله عليه وسلم - نارد پیاوێك لە بەنی نەزیر پیاوێکی لە بەنی قورەیزە کوشت وتیان بماندەنێ دەیکوژینەوە، ئەوانیش وتیان با پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - بڕیار بدات لە نێوانماندا، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: ئەگەر حوکمت لە نێوانیاندا کرد ئەوە بە دادپەروەری حوکم بکە لە نێوانیاندا بەو قورئانەی کە خوای گەورە دایبەزاندووە بۆت (دادپەروەری ئەوەیە کە دەبێت بکوژرێتەوە) [إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ] بە دڵنیایی خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆش ئەوێ کە دادپەروەرن [وَكَيْفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِنْدَهُمُ التَّوْرَاةُ فِيهَا حُكْمُ اللَّهِ] ئەی محمد- صلى الله عليه وسلم - چۆن ئەوان تۆ ئەکەنە حەکەم و دادوەرو حوکم بۆ لای تۆ دێنن لە کاتێکدا خۆیان تەوراتیان بۆ هاتووە کە تەوراتیش حوکمی خوای گەورەی تیایە، واتە: لە تەوراتیشدا هەمان حوکمە کە ئەگەر ژن و پیاو لە دوای زەواجێکی شەرعی زینایان کرد ڕەجم دەکرێن..؟!

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

٢-(خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿وَتَرَىٰ كَثِيرٗا مِّنۡهُمۡ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِ وَأَكۡلِهِمُ ٱلسُّحۡتَۚ لَبِئۡسَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٦٢ لَوۡلَا يَنۡهَىٰهُمُ ٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلۡأَحۡبَارُ عَن قَوۡلِهِمُ ٱلۡإِثۡمَ وَأَكۡلِهِمُ ٱلسُّحۡتَۚ لَبِئۡسَ مَا كَانُواْ يَصۡنَعُونَ ٦٣﴾ [المَائِدَة : ٦٢ - ٦٣]واتە : [وَتَرَى كَثِيرًا مِنْهُمْ يُسَارِعُونَ فِي الْإِثْمِ] ئەبینی زۆرێك لەوان لە مونافیقان یان لە جوولەکە پەلە و دەستپێشخەری ئەکەن لە تاوان و شیرکدا [وَالْعُدْوَانِ] وە لە دژایەتی کردن و دەستدرێژی کردنە سەر غەیری خۆیان و سنوور بەزاندن و ستەم کردن [وَأَكْلِهِمُ السُّحْتَ] وە لە خواردنی ماڵی حەرام [لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ] کە ئەمە خراپترین کارێکە کە ئەنجامی ئەدەن..؟! [لَوْلَا يَنْهَاهُمُ الرَّبَّانِيُّونَ وَالْأَحْبَارُ عَنْ قَوْلِهِمُ الْإِثْمَ وَأَكْلِهِمُ السُّحْتَ] ئەوە بۆچی قەشە ی گاورو زانای جوولەکەکان قەدەغەو بەرهەڵستیان ناکەن لەوەی کە ئەم قسە خراپانە بکەن وە ئەم حەرامانە بخۆن [لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَصْنَعُونَ] کە ئەمە خراپترین کارێکە کە زاناکانیان ئەیکەن کە کەمتەرخەمی ئەکەن لەوەی کە ئینکاری ئەم خراپەیە بکەن کە ئەوانی تیایە..؟!

٣-(خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿فَبِظُلۡمٖ مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمۡنَا عَلَيۡهِمۡ طَيِّبَٰتٍ أُحِلَّتۡ لَهُمۡ وَبِصَدِّهِمۡ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ كَثِيرٗا ١٦٠ وَأَخۡذِهِمُ ٱلرِّبَوٰاْ وَقَدۡ نُهُواْ عَنۡهُ وَأَكۡلِهِمۡ أَمۡوَٰلَ ٱلنَّاسِ بِٱلۡبَٰطِلِۚ وَأَعۡتَدۡنَا لِلۡكَٰفِرِينَ مِنۡهُمۡ عَذَابًا أَلِيمٗا ١٦١﴾ [النِّسَاء : ١٦٠ - ١٦١]واتە: [فَبِظُلْمٍ مِنَ الَّذِينَ هَادُوا حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ طَيِّبَاتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ] بەهۆی زوڵم و ستەمی جوولەکەکانەوەو سەرپێچی کردنی پێغەمبەرانیان هەندێك شتی حەڵاڵ و پاکمان لەسەریان حەرام کرد کە پێشتر بۆیان حەڵاڵ کرابوو [وَبِصَدِّهِمْ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ كَثِيرًا] وە بەهۆی ئەوەی کە ڕێگری و بەربەستیان ئەکرد لە ڕێگای خوای گەورە لە ئیسلام و شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - وە لە کوشتنیان بۆ پێغەمبەران..؟![وَأَخْذِهِمُ الرِّبَا] وە بەهۆی ئەوەی کە مامەڵەیان بە ریباوە ئەکردو ماڵی خەڵکیان بەناحەق ئەخوارد [وَقَدْ نُهُوا عَنْهُ] لە کاتێك کە نەهیان لێکرابوو قەدەغە کرابوون کە ڕیبا بخۆن [وَأَكْلِهِمْ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ] وە ماڵی خەڵکیان بەناحەق و بە باتڵ ئەخوارد وەکو بە ڕەشوەو بە بەرتیل [وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا] وە بۆ کافران لەوان سزایەکی زۆر بەئێش و ئازارمان داناوە..؟!

٤-(خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿۞ إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعَۢا بَصِيرٗا ٥٨﴾ [النِّسَاء : ٥٨] واتە : {فەرمانکردن بە گەڕاندنەوەی راسپاردە بە خاوەنەکانیان} [إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا] بە دڵنیایی خوای گەورە فەرمانتان پێ دەکات کە ئەمانەتەکان بگەڕێننەوە بۆ خاوەنی خۆیان، ئەم ئایەتە هەر چەندە ئایەتێکی مەدەنییە لە دوای کۆچکردنی پێغەمبەر- صلى الله عليه وسلم - بۆ مەدینە دابەزیوە، بەڵام لەناو مەککەدا دابەزیوە لەسەر گەڕاندنەوە ی کلیلەکانی کەعبەی پیرۆز بۆ خاوەنەکەی کە (عثمان بن أبي طلحة) بوو [وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ] وە ئەگەر حوکم و بڕیاریشتان دا لە نێوان خەڵکیدا با بە دادپەروەری بێ بەتایبەتی قازیەکان ئەوانەی کە فەرمانڕەوان، چونکە تا دادپەروەر بن خوا لەگەڵیانەو پشتیوانیانە [إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ] بە دڵنیایی ئەمە باشترین شتە کە خوای گەورە ئامۆژگاری ئێوەی پێ دەکات [إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا] بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر بیسەری وتەکانتانەو بینەری کردەوەکانتانە..؟!

حوکمی بەرتیل لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ :

قال : رسول الله ﷺ (لعَن اللهُ الرَّاشيَ والمُرتشيَ)

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

١-لە (عبدالله بن عمر) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((لعنَ اللَّهُ الرَّاشِيَ والمرتشِيَ فى الحُكمِ)).[١١] واتە: (خوای گەورە) نەفرینی یان لەعنەتی لە کەسە کردووە کە بەرتیل یان ریشوە دەدات بە خەلك ، وە لە وە کەسەشی کە بەرتیل وەردەگرێت لە حوکمدا ، هەروەها لە رووایەتێکی تریش هاتووە ، نەفرەتی خوا لە کەسەش بێت کە نێوندگیری دەکات لە نێوانیان کە پێ دە لێن : (الرائش) ..؟!

٢- لە (عمر بن حمزه بن عبدالله بن عمر) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕیتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((كلُّ لحمٍ أنبته السحتُ فالنارُ أولى به قيل يا رسولَ اللهِ وما السحتُ قال الرِّشوةُ فى الحكمِ)) .[١٢] واتە : ئەو گۆشتەی کە سوحت واتە : بەرتیل یان ریشوە ، گەشەی پێ کردبێت ئەوا هەر بۆ ئەوە باشە بە ئاگر بسووتێت ..؟! ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ مەبەست لە سوحت چیە ..؟! فەرمووی : بەرتیل وەر گرتن یان بەرتیلدان لە حکم دا ..؟!

٣- لە (عبدالرحمن بن عوف) دەگێڕیتەوە دەلێت : پێغەمبەری خواصلی فەرموویەتی : ((لَعْنُ الآكلِ والمُطعِمِ سواءٌ فى الرِّشْوةِ)) .[١٣]

واتە: نەفەرت یان لە عنەت لە کەسەی کە خواردن دەخوات ئەوەشی کە خواردنی پێدەدات بۆ ریشوە یان بەرتیل وەك یەك وایە ، واتە : بەهەمان شێوە بەر نەفەرت یان لەعنەت کەوتوون ..؟!

٤- لە (عمرو بن العاص) – خوا لێ رازی بێت – دەفەرموویت : ((ما من قومٍ يَظْهَرُ فيهِمْ الرِّبا إلَّا أُخِذُوا بِالسَّنَةِ وما من قومٍ يَظْهَرُ فيهِمْ الرُّشَا إلَّا أُخِذُوا بِالرُّعْبِ)) .[١٤] واتە: هەر قەومێك ریبایان لێ دەرکەوت ئەوا ئیلا دەبێت دەست بە سوننەت وە بگرن ، وە هەر قەومێك بەرتیل یان ریشوە یان لە نێوان دەرکەوت ئەوا ئیلا ترس و تۆقاندن لە نێوانیان دا بەر پا دەبێت ..؟!

٥-لە (أبو حميد الساعدى) – خوا لێ رازی بێت – دە گێڕیتەوە دەلێت : ((أنَّ النَّبيَّ صلَّى اللَّهُ علَيهِ وسلَّمَ استَعمَلَ رجلًا منَ الأزدِ يقالُ لَهُ ابنُ اللُّتبيَّةِ علَى الصَّدقةِ فجاءَ فقالَ هذا لَكُم وَهَذا أُهْديَ لي فقامَ النَّبيُّ صلَّى اللَّهُ علَيهِ وسلَّمَ علَى المنبَرِ فحمِدَ اللَّهَ وأثنى علَيهِ وقالَ ما بالُ العامِلِ نبعثُهُ فيجيءُ فيقولُ هذا لَكُم وَهَذا أُهْديَ لي ألا جَلسَ في بيتِ أمِّهِ أو أبيهِ فينظرَ أيُهْدى لَهُ أم لا لا يأتي أحدٌ

---

[١١]- سنن الترمذي برقم (١٣٣٧) ، ابوداود برقم (٣٥٨٠) ، ابن ماجه (٢٣١٣).
[١٢]-فتح الباري لابن حجر العسقلاني (٥٣١/٤).
[١٣]- شعيب الأرناؤوط في تخريج مشكل الآثار برقم (٥٦٦٠) اسناد ضعيف .
[١٤]-الشيخ الالباني في ضعيف الترغيب برقم (١١٦٢).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

منكم بِشيءٍ من ذلِكَ إلَّا جاءَ بِهِ يومَ القيامةِ إن كانَ بعيرًا فلَهُ رغاءٌ أو بقرةً فلَها خوارٌ أو شاةً تَيعَر ثمَّ رفعَ يديهِ حتَّى رأينا عَفرةَ إبطَيهِ ثمَّ قالَ اللَّهمَّ هل بلَّغتُ اللَّهمَّ هل بلَّغتُ)) .[١٥] واتە : لە (ابو حميد الساعدى) – خوا لێ رازی بێت - هاتووە ، پێغەمبەری خوا ﷺ پیاوێکی ئەزدی کرد بە سەر کاری سەر زەکات ناوی (ابن للتبيه) بوو- (ئیبون سەرح) ووتی : (ابن الاتبيه) – کاتێ کە هاتەوە ووتی : ئەمە هی ئێوەیەو ، ئەمەش هی منە بە دیاری بۆم هاتووە ..؟! پێغەمبەری خوا ﷺ سەرکەوتە سەر مینبەر راوەستاو سوپاس و ستایشی (خوای گەورە) کردوو فەرمووی : (ئەمە چی پێ دەلێن : هەندێ سەر کار کە دەی نێرم بۆ شوێنی دێتەوە دەلێ : ئەمە هی ئێوەیە و ، ئەمەش هی منە بە دیاری بۆم هاتووە ، جا ئگەر وایە بۆ چی لە مالی دایکی یان لە مالی باوکی دانانیشێت بزانێ دیاری بۆ دێت یان نا ؟! هەر کەسی شتێ لە مالی زەکات بۆ خۆی ببات ئەوە لە رۆژی قیامەتدا ئەو شتە دەهێنی ، جا ئەگەر ووشتری دزی بێ ئەوا ووشترەکە دەبۆرێنی ، ئەگەر رەشە ولاخی دزی بێ ئەوا رەشە ولاخەکە دەقۆرێنی ، ئەگەر مەر یان بزنی دزی بێ مەرەکە یان بزنەکە دەبارێنی ..؟! لە پاشاندا هەردوو دەستی بەرز کردەوە هەتا سپیایی هەردوو بالی دەرکەوت ، ئینجا فەرمووی : (خوای تۆ شایەت بە ئەوا من پێم راگەیاندن ، خوایە تۆ شایەت بە ئەوا من پێم راگەیاندن ..؟!

٦-لە (أبو حميد الساعدى) – خوا لێ رازی بێت – دە گێرێتەوە دەلێت :لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :((هدايا الأُمَراءِ غُلولٌ)).[١٦]

واتە : دیاری بۆ فەرمانرەواکان فێل و سەختەکاری ..؟! کەواتە : دیاری وەرگرتن بۆ کار بەدەستان سەختەکاری و فێل خیانەت و ناپاکی یە..؟!

٧-لە (أبو حميد الساعدى) – خوا لێ رازی بێت – دە گێرێتەوە دەلێت :لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :((هدايا الأمراءِ والعُمَّالِ غُلولٌ)) .[١٧] واتە : دیاری بۆ فەرمانرەواکان و کاربەدەستان فێل و سەختەکاری و خیانەت و ناپاکی یە ..؟!

جۆرەکانی بەرتیل دان بە کاربەدەستان یان ئەو کەسانەی حکم و فەرمانرەوایی دەکەن :

یەکەم : بەرتیلدان یان ریشوە دان بە دەسەلاتدارێك یان بە کار بەدەستێکی دەولەت بۆ چاو پۆشی کردن یان بەدەستهێنانی شتێك کە مافی ئەو کەسە نیە ، ئەم جۆرە بەرتیلە یان ریشوەیە ، حەرامترین و گوناهترین و خراپترین و قێزە وەنترین جۆری بەرتیلدانە ، هەر ئەمەش مەبەستی سەرەکی ئەم ئایەتەیە کە (خوای گەورە) دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿وَلَا تَأۡكُلُوٓاْ أَمۡوَٰلَكُم بَيۡنَكُم بِٱلۡبَٰطِلِ وَتُدۡلُواْ بِهَآ إِلَى ٱلۡحُكَّامِ لِتَأۡكُلُواْ فَرِيقٗا مِّنۡ أَمۡوَٰلِ ٱلنَّاسِ بِٱلۡإِثۡمِ وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ١٨٨﴾ [البَقَرَة : ١٨٨] واتە : [وَلَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ] وە ئێوە لە نێوان یەکتریدا ماڵەکانتان بە باتڵ و پووچەڵ مەخۆن وەکو فاڵچی کە پارەی خەڵکی بەناحەق ئەخوا، یان ئەوەی کە لەشفرۆشی ئەکات، یان ئەوەی کە پارەی

---

[١٥]-سنن ابي داود برقم (٢٩٤٦).
[١٦]-الطبراني في المعجم الأوسط (١٦٨/٥).
[١٧]- الطبراني في المعجم الأوسط برقم (٧٨٥٢).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمْ ۖ إِنَّهُم مَّسْـُٔولُونَ ﴿٢٤﴾﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

عەرەق ئەخوا، یان پارەی خەڵکت لەلا بێت و بەڵگەیان نەبێت و تۆیش نکوڵی لی بکەیت، یان هەر شتێك كە حەرام بێت [وَتُدْلُوا بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ] وە ماڵەکانتان مەدەن بە حاکم و دەسەڵاتدارەکان وەکو ڕەشوەو بەرتیل [لِتَأْكُلُوا فَرِيقًا مِنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالْإِثْمِ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ] بۆ ئەوەی هەندێك لە ماڵی خەڵکی بخۆن بە ناحەق و زوڵم وە کاتێك کە خۆشتان ئەزانن کە ئەمە حەرامە وە ماڵی ئێوە نیە وە بۆتان دروست نیە..؟!

دووەم : بەرتیل دان یان ریشوە دان ، لە پێناوی ئەوەی کەسێکی تر ، مافێکی یان بەرژەوەندیەکی لە کیس بچێت و وازی لێ بهێنێت بۆ کەسێکی بەرتیلدەر ..؟! ئەوەش لەبەر ئەوەیە ئەو کەسەی کە بەرتیل دەدات حەسوودیی ئیرەیی بەمافە دەبات کە هی کەسێکی تر ، دەیەوێت بەرتیل بدات بۆ ئەوەی مافەکەی لێ زەوت بکات ، بێ گومان ئەو حەسوودیەو ئیرەیی پێ بردنە لە دلیەوە هەلدەقولێت بۆ ئەوەی مافە کەی لێ زەوت بکات ، هەلدەستێت بەرتیل دەدات بە کاربەدەست یان دەمی کاربەدەستان چەور دەکات بۆ ئەوەی بەم مافە بگات ، بەلام لە راستی دا ئەم مافە شایستەی ئەو نیە ، چونکە لە ڕێگای دەم چەور کردن بەدەستی دەهێنێ نەوەك مافی خۆی بێت ، ئەمەش بەشێکی ترە لە بەرتیل دان و ریشوە دان یان دەم چەور کردن بۆ بەرپرسان بۆ ئەوەی مافی کەسێکی تر زەوت بکات بە نارەوا ئەم شتە یان ئەم پۆست و پلەیە بەدەست بهێنێ ، بێگومان بگرە ئەگەر

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

تاوانەکەی لەوەی پێشووتر زیاتر نەبیچت کەمتر نیە ..؟! چونکە تاوانەکە ئەوەندە گەورەیە ، ئەوەیە کە کەسیچك لە پێناوی ئەوەی برایەکی موسلمانی تر نەگات بە ماف و پەرژەوەندیەکانی خۆی ، وە نەگان بە خۆشی ئاواتەکانی خۆی ، هەلبە تە کەسێکی تر دێت بە نارەوا ئەم مافەی لێ دەسێنێت بە نارەواو ناحەق ، بۆیە بەم شێوەیە دەبێتە رێگر و جەردە لە بەردەمیدا ، وە بێ گومان کاربەدەسێکیش تووشی هیلاکەت و سەر لێشێوان دەکات وە تووشی بەرتیل دەم چەوەر کردن دەکات بەهەمان شێوە تاوانەکە گەورەتر دەکات ئەویش تووشی خیانەت و ناپاکی و سەختەکاری دەکات ، بۆ ئەوەی بەم شێوەیە کاربەدەستەکە تووشی حوکمێکی ناحەق نارەوا دەکات ، هەلبەتە خیانەت لە ئەمانە ت سپاردەکەی دەکات کە بە ئەمانەت ئەم پۆست پلەی وەرگرتووە لە دەولەت بەلام ئەو هەلدەستێت بە خیانەت و ناپاکی کردن لە پلە وپۆستەکەی بە بەرتیل وەرگرتن و ناحەق و نارەوا خیانەت کردن لە ئەمانەتەکی یان لە بەرپرسیاریەتەکەی کە پێی سپێراو بوو ، بۆیە بەرتیل خۆر یان بەرتیل وەرگر خیانەت دەکات و مافی خەلکێکی تر دەفەوتێنیت ، بۆ پەرژەوەندیە کانی خۆی بەکاری دەهێنێت ، لە پێناوی پلەو پۆست و خۆ دەولەمەند کردنی خۆی ، ملی یەکێکی تر دەقاچێ نێتەوە تەنها بۆ ئەوەی خۆ تێدا خۆشگوزەرانی بژی لە ژیانی دونیادا ، هەلبەت مافی موسلمانیەتی و نەمافی مرۆڤایەتی حیساب دەکات ،ئەگەر ئەو بەخۆشی ژی حیساب بۆ هیچ کەسێکی تر ناکات مافی هەموو خەلك پێ شەل دەکات ، تەنها بۆ ئەوەی بگات بە مرامە قێزەونە پیسە کانی خۆی ..؟!

سێ یەم : بەتیل دان لە پێناوی بە دەست هێنانی پلە و پایە و پۆست و کارو بارو لێپرسراویەتیەك ، ئەمەش بە قێزەونترین و خراپە ترین و گوناهترین خیانەت و ناپاکی ترین بەرتیل دادەنرێت ..؟! چونکە زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوە ئەوە کارێکی سەختەی حەرامە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دا ، بێ گومان حەرامیەکەشی زۆر خراپتر دەبێت لەوانەی پێشوو تر ، چونکە ئەگەر هاتوو ئەو کەسە کە بەرتیل دەدات شیاوی ئەم پلە و پۆست و لێپراویەت نەبێت ، چونکە هەر وایە کەسی شیاو بۆ شیوێنی شیاو ..؟! نەکو کەسی نەشیاو بۆ شوێنی شیاو ، ئەمە یاسایەکی گشتگیر بۆ هەموو کەسێك کە عەقل ژیری هەبێت ، کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاوە ..؟! بەلێ ئەگەر هاتوو ئەو کەس شیاوی ئەو پلەو پایە پۆست و لێپرسراویە تیە نەبێت ، هەلبەت ئەوا خیانەتێکی زۆر گەورە یە کە لەو ئەمانەتەی بەم کاربەدەستە دراوە ، هەر وەك (خوای گەورە) دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿۞ إِنَّ ٱللَّهَ

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعَۢا بَصِيرٗا ٥٨﴾ [النِّسَاء : ٥٨] واتە : {فەرمانکردن بە گەڕاندنەوەی راسپاردە بە خاوەنەکانیان} [إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا] بە دڵنیایی خوای گەورە فەرمانتان پێ دەکات کە ئەمانەتەکان بگەڕێننەوە بۆ خاوەنی خۆیان، ئەم ئایەتە هەر چەندە ئایەتێکی مەدەنییە لە دوای کۆچکردنی پێغەمبەر- صلى الله عليه وسلم - بۆ مەدینە دابەزیوە، بەڵام لەناو مەککەدا دابەزیوە لەسەر گەڕاندنەوەی کلیلەکانی کەعبەی پیرۆز بۆ خاوەنەکەی کە (عثمان بن أبي طلحة) بوو [وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ] وە ئەگەر حوکم و بڕیاریشتان دا لە نێوان خەڵکیدا با بە دادپەروەری بێ بەتایبەتی قازیەکان ئەوانەی کە فەرمانڕەوان، چونکە تا دادپەروەر بن خوا لەگەڵیانەو پشتیوانیانە [إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ] بە دڵنیایی ئەمە باشترین شتە کە خوای گەورە ئامۆژگاری ئێوەی پێ دەکات [إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا] بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر بیسەری وتەکانتانەو بینەری کردەوەکانتانە..؟!

کەواتە ئەنجامدانی وەها کارێك بەرتیلدەر و بەرتیل وەرگر بێ گومان کارێکی زۆر قێزەون خراپە دەبێتە خۆی گەندەلی دارمانی سەرتاپەی وەلات یان دامودەزگانی نێو دەولەت ، ئەمەش زۆر خراپەکاری و نادادی ناحەق بەرپادەکات لە نێو کۆمەلگاکان تووشی دارمان و گەندەلی فسادی و نادادگەری دەبن ، ئەمە دەبێت هۆ بلاو بوونەوەی خراپەکای و فسادی لە نێو خەلکی دا ، وە کەسانی نەشیاو نەشارەزاو نەزان و ناپاك و خیانەتکار پلە و پایەو پۆست وەربگرن بە هۆی پێدانی بەرتیل بە کاربەدەستانی دەولەت ، هەلبەت ئەوانە دەچن شوێنی کەسانی زاناو شارەزاو دەست پاك دەگرنەوە ، ئەمە دەبێتە دامالین و دارمان و فەوتان و لە ناوبردنی بەژەوەندی گشتی دولەت ، هەر بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم کارە قێزەونە و خیانەت و ناپاکیە بە یەکێك لە هاتنی نیشانەکانی رۆژی دوایی یان رۆژی قیامەت حیساب کردووە ، کە لە فەرموودەکانی هاتنی رۆژی دوایی بۆ مان باس دەکات..؟!

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

لە (ابو هريره) – خوالێ رازی بێت – دە گێڕێتەوە دەلێت : لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((إذا وسِّدَ الأمرُ إلى غيرِ أهلِه فانتظرِ الساعةَ)) .[18] واتە : هەر کاتێك کارو باری موسلمانان درایە دەست کەسانێکی نەشیاو ئەوا ئەوکاتە چاوەڕێی هاتنی رۆژی دوایی یان رۆژی قیامەت بکەن ..؟! ئێ ئاشکرایە گرتنە دەستی کاروباری هاولاتیانیش ئەمانەتێکی زۆر گەورە یە ،بەر پرسیاریەتێکە کە شیانی خەمۆریە بۆ هەموو لایەك دەبیچت زۆر وریا و شارەزانبین لە هەلبژاردنی ئەمانەتە کان بە کەسانێکی شیاو دەست پاك بسپێدرێت ، نەك کەسانێك بە هۆی پێدانی بەرتیل و ریشوە و دەم چەوەر کردن ، کارو باری وەلات بەرێوە ببەن ..؟! یان نەك کەسانێك کەشیاوی ئەم پلە و پۆستە نەبن ، بەلکو لە ناو خەلکی بە بەرتیل دەر و گەمژە بەناو بانگ بن ، ئەمانە هەرگیزاو هەرگیز شیاوی ئەم پلە پۆست بەرپرسیاریەتیە نین ،چونکە بە ئاسانی بە پلە کانیان بەدەست هێناوە نەکو بە ژیری عەقل و شیاوی خۆیان ، بۆیە ئەوەی کە بەرپرسیاریەتێکی لە سەر شانە دەبێت بە دلسۆزیی و بە خەمۆی ئەرکەکەی جێ بەجێ بکات وە شەو رۆژ بخاتە سەریەك لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندی گشتی وەلات ، بەلام کاتێك کەسێکی نەشیاو پلە پۆست بە هۆی بەرتیل دان بەدەست دەهێنی ، ئەوا بێگومان ئەم خەمۆیە ناکات و ئەرکەکەی جێ بەجێ ناکات بەلکو خیانەت و ناپاکی دەکات ، چونکە خۆ بە خیانەت و ناپاکی پۆستەکەی بەدەست هێناوە ..؟! بەلێ کەسی بەتیل دەر بۆ بەدەست هێنانی پلە و پۆست و کاربەدەستی ، ئەوا هەرگیز ئەرکی خۆی بە دلسۆزی بە پاکی ئەنجام نادات ، هەلبەتە کارێکیش ناکات کە (خوای گەورە) و پێغەمبەرەکەی ﷺ رەزامەند بن ، بۆیە لە سنووری شەرعی (خوای گەورە)و پێغەمبەرەکەی ﷺ دەردەچێت ، لە کۆتایشدا دەبێتە خراپەکار میکرۆب بۆ کۆمەلگا ،یان دەبێتە هۆی فەوتانی بەرژەوەندی گشتی وەلاتەکەی ، هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَخُونُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ وَتَخُونُوٓاْ أَمَـٰنَـٰتِكُمۡ وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ٢٧﴾ [الأَنفَال : ٢٧]واتە : {ناپاکی نەکردن لە راسپاردە} [يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَخُونُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ وَتَخُونُوا أَمَانَاتِكُمْ] ئەی باوەڕداران ئێوە خیانەت و ناپاکی لە خوای گەورە مەکەن بە تاوان کردن، وە خیانەت لە پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - مەکەن بە وازهێنان لە سوننەتەکەی و سەرپێچی کردنی، وە خیانەت مەکەن لەو ئەمانەتانەی کە لەلاتان دائەنرێ یان لە جێبەجێ کردنی فەرزەکان [وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ] لە کاتێکدا کە ئێوە ئەزانن ئەمە خیانەت و ناپاکیەو حەرامە.

بەلێ خیانەت و ناپاکی کردن لە ئەمانەت سپاردە ، ئەمە تاوانێکی زۆر گەورە یە ، هەلبەتە هەر موسلمانێك ئەنجامی بدا بە تاوانە گەورە کان حیساب دەکرێت و حەرامە ، چونکە خیانەت و ناپاکی کردن لە کاربەدەستی یان فەرمانرەوایی کردن و و پلەو پۆست ئەوا لە تاونە گەورەکانە..؟!

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : ((من ولى أمر المسلمين شيئا فولى رجلا و هو يجد من هو أصلح للمسلمين منه فقد خان الله ورسوله)) .[19] واتە: هەر کەسێك شتێکی لە کاروباری موسلمانان پێ سپێدرا ، لە بری کەسێکی شیاو کەسێکی تری دیاری کرد بۆ راپەراندنی

[18]-شيخ الالباني في صحيح الجامع برقم (٨٢٦).
[19]-الحاكم في صحيحه .

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

کاروباری موسلمانان ، ئەوا کارەکەی یان ئەرك بەپرسیاریەتیە کەی نەدایە دەست کەسێکی شیاو شارەزا ، ئەوە بێ گومات خیانەتی لە (خوای گەورە) و پێغەمبەرەکەی ﷺ کردووە ..؟!

لە (أنس بن مالك) – خوا لێ رازی بێت – دە گێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((مَن ولِيَ من أمرِ المسلمين شيئًا فغشَّهم فهو في النارِ)) . [٢٠] واتە : هەر کەسێك کاروباری موسلمانان بگرێتە ئەستۆ یان بەرپرسیارتی بخەتە ئەستۆ ، ئەگەر غەش و فێل خیانەت بکات ، ئەوا لە نێو ئاگری دۆزەخدا دەبێت

جا بێ گومان زانایانیش کۆدەنگن لە سەر ئەوەی کە دوو کەس هەبوون بۆ راپەراندنی کاروباری موسلمانان ، بەلام کەسێکیان باشتر و شارەزاتر و زانا ترو بە توانا تر بێت یان شیاو تر بێت بۆ ئەم ئەرکەی کە پێ دەسپێدرێت ..؟! ئەوا واجبە کەسە باشترەکە یان شیاوەکە هەلبژێدرێت یان دەست نیشان بکرێت بۆ ئەم بەرپرسیاریەتە کە پی دەسپێدرێت وەك ئەمانەت ، چونکە بەدانانی ئەو کەسە شیاوە ، ئەوا بەژەوەندی هەموو خەلکی بە گشتی پارێزراوتر دەبێت ،ئەوەش ئەکێکە لە گرنگترین ئەم کارانەی کە ئەمیری باوەرداران یان موسلمانا پی هەلدەستێت کە واجبی شەرعیە کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو دابنرێت و دەست بەکار بێت ، هەروەها کارو باری موسلمانان بە ئەمانەت بگرێتە ئەستۆی خۆی ، وە شەو نخونی بۆ بکات ..؟!

سزای تاوانی بەرتیل لە شەریعەتی ئیسلامدا

سزا لە ئیسلام ، هەروەك شەریعەتی ئاسمانیەکانە ، بۆ ئەوەی بگات بە عدالە ت دادوەری ، وە فەزلێکە بۆ پاراستنی رەوشت ئەخلاقی مرۆڤ ، هەلبەتە سزاکانیش بۆ پاراستن و فەزلە ، چونکە رادەی تاوانە کە لە بەرچاو ناگیرێت ، بۆ ئەو کەسەی کە رزگاری دەبێت ، بەلکو سەیری گاریگەریەکانی تاوانە کە دەکریچت لە سەر کۆمەلگادا ..؟!

سزاکان لە شەریعەتی ئیسلامدا دەکرێت بە دوو بەشەوە : ١-سزاکان لە ژیانی دونیادا ٢-سزاکان لە رۆژی دوایی دا .

٢٠-مجمع الزوائد (٢١٦/٥).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

پێناسەی : (العقوبه) واته : (سزا) لەرووی زمانەوانیدا : (العقاب والمعاقبه) : واته : سزایی پیاوێك بدەیتەوە بەوەی كە كارێكی خراپەكاری كردووە ، ناوەكەش (العقوبه) واته : سزا هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿ثُمَّ كَانَ عَٰقِبَةَ ٱلَّذِينَ أَسَٰٓـُٔواْ ٱلسُّوٓأَىٰٓ أَن كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَكَانُواْ بِهَا يَسۡتَهۡزِءُونَ ١٠﴾ [الرُّوم : ١٠] واته : [ثُمَّ كَانَ عَاقِبَةَ الَّذِينَ أَسَاءُوا السُّوأَى] پاشان سەرەنجامی خراپەكاران سزای خراپ بووە كە دۆزەخە، یاخود وتراوە: (السُّوأَى) ناوێكە لە ناوەكانی دۆزەخ [أَنْ كَذَّبُوا بِآيَاتِ اللَّهِ] لەبەر ئەوەی ئایەتەكانی خوای گەورەیان بە درۆ زانی [وَكَانُوا بِهَا يَسْتَهْزِئُونَ (١٠)] وە گاڵتەیان پێ ئەكرد. .[٢١]

حیكمەت لە شەریعەتی عقوبه یان سزا چیە ..؟!

شەریعەتی سزا ، بۆ ئەوەیە كە رێگری لە خەلكی دەكات ، كە نەتوانن تاوان و جریمە ئەنجام بدەن ؟! چونكە قەدەغەی هەر كارێكی خراپ دەكات ، یان هەر فەرمانێك بە سەریدا پێدراوە دەبێت جێ بەجێ بكات ، كرداری مرۆڤ بەتەنها بەس نیە تەنها تەرك كردن ئەو كردار ، چونكە ئەگەر سزاكان نەبوایە ئە فەرمانە كان و قەدەغەكراوەكان نەدەبوون یان وون دەبوون ..؟!

جۆرە كانی حدەی یان حدودی شەرعی دابەش دەبێت بەسەر شەشە جۆردا:

١-حد (الزنا) واته: داوێنپیسی .

٢-حد (السرقة) واته : دزی كردن .

٢-حد (اللواط)واته: نێر بازی .

---

[٢١]- الازهري تهذيب اللغة (٢٧٧/١) ، ابن منظور لسان العرب (٦١٩/١).

٣-حد (السكر) واتە: شەراب خواردنەوە یان سەرخۆش بوون .

٤-حد (القذف)واتە: بوختان کردن یان تۆمەت هەلبەستێن بە پیاو ئافرەتی موسلمان .

٦-حد (الحرابة) واتە : داخستنی ڕێگا یان ڕێگری کردن بە چەك و سلاح یان جەردەیی کردن .

یەکەم : حدەی الزنا یان داوێن پیسی :

هەلبەتە داوێن پیسی یەکێکە لە تاوانە گەورە کان حەرام کراوە ، لە شەریعەتی ئیسلامی دا ، وە ئەم جۆرە تاوان و گوناهە نەخۆشیەکە لە نە خۆشەیە کانی دڵ دەروونی پێویستە ئاگاداری ئەم جۆرە تاوانە بێن خۆمانی لێ بەدوور بگرین چونکە سزایەکەی زۆر قورس و گران و ترسناکە ، چونکە تاوانێکی قێزە وونە دەبێتە فاحیشە بەدرەوشتی نێو گۆمەلگا ، هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿وَلَا تَقۡرَبُواْ ٱلزِّنَىٰٓۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةٗ وَسَآءَ سَبِيلٗا ٣٢﴾ [الإِسۡرَاء : ٣٢] واتە : [وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا] وە ئێوە نزیکی زینا مەکەونەوە وە پێشەکیەکانی زینا هەمووی حەرامە [إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا (٣٢)] بەدڵنیایی ئەمە تاوانێکی بێزێنراوە وە خراپترین ڕێگایە لەبەر ئەوەی بەرەو دۆزەختان ئەبات..؟!

هەروەها (خوای گەورە) تاوانی داوێنپیسی سزای بۆ داناوە ئەویش حدەی شەرعیە کە دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿ٱلزَّانِيَةُ وَٱلزَّانِي فَٱجۡلِدُواْ كُلَّ وَٰحِدٖ مِّنۡهُمَا مِاْئَةَ جَلۡدَةٖۖ وَلَا تَأۡخُذۡكُم بِهِمَا رَأۡفَةٞ فِي دِينِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۖ وَلۡيَشۡهَدۡ عَذَابَهُمَا طَآئِفَةٞ مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٢﴾ [النُّور : ٢] واتە : {سزای زیناکار پێش هاوسەرگیری} [الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ] کچی زیناکار یان کوڕی زیناکار پێش ئەوەی کە زەواجێکی شەرعی بکەن ئەگەر بە ویستی خۆیان زینایان کرد هەر یەکێك لەوانە سەد جەڵدەو قامچیان لێ بدەن، وە لەسوننەتیشدا هاتووە بۆ ماوەی ساڵێك لەو شوێنە دوریان بخەنەوە، ئەگەر خۆیان دانیان پێدا نا، یان چوار شایەت هەبوو، یان کچەکە حەملی هەبوو [وَلَا تَأْخُذْكُمْ بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ] وە بەزەیشتان پیادا نەیەتەوە لە ئەنجامدان و جێبەجێ کردنی ئەم سنوورەی خوای گەورە (بەزەیی وا لە حاکم نەکات ئەم حوکمەی خوای گەورە جێ بەجێ نەکات) [إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ] ئەگەر ئێوە ئیمانتان بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە [وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ (٢)] وە با کۆمەڵێك لە باوەڕدارانیش ئامادەی ئەم سزایە بن وە لە پێش چاوی خەڵکی بە ئاشکرا جێبەجێ بکرێت بۆ ئەوەی ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی خەڵکی لەو تاوانە دوور بکەوێتەوە (بە یەك کەس و سەروتر دەوترێت: طَائِفَة).

(خوای گەورە) دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿وَٱلَّذِينَ لَا يَدۡعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقۡتُلُونَ ٱلنَّفۡسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَلَا يَزۡنُونَۚ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ يَلۡقَ أَثَامٗا ٦٨ يُضَٰعَفۡ لَهُ ٱلۡعَذَابُ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَيَخۡلُدۡ فِيهِۦ مُهَانًا ٦٩ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلٗا صَٰلِحٗا فَأُوْلَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمۡ حَسَنَٰتٖۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ٧٠﴾ [الفُرۡقَان : ٦٨ - ٧٠]واتە : [وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ] (ئیبنو عەبباس) دەفەرمێت: کەسانێك لە هاوبەشبڕیاردەران خەڵکیان کوشتبوو بە زۆری، وە زینایان کردبوو بە زۆری، هاتنە لای پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - وتیان ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - ئەوەی تۆ دەیڵێیت و بانگەوازی بۆ دەکەیت شتێکی چاکە بە

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمْ ۖ إِنَّهُم مَّسْـُٔولُونَ ﴿٢٤﴾﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

لام پێمان بڵێ ئایا ئەو تاوانانەی پێشتر کردوومانە دەسرێتەوەو خوا لێمان خۆش دەبێت؟ خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: وە ئەو کەسانەی کە لەگەڵ خوای گەورەدا دوعا ناکەن لە خوایەکی ترو لە خوایەکی تر ناپارێنەوە تەنها لە خوای گەورە ئەپارێنەوە [وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ] وە ئەو نەفسەی کە خوای گەورە حەرامی کردووە نایکوژن تەنها بە حەق نەبێ: مەگەر کەسێك لە دوای زەواجی شەرعی زینای کردبێت، یان کەسێکی بە ناحەق کوشتبێت، یان لە دین هەڵگەڕابێتەوە ئەمیش حاکمی موسڵمان ئەیانکوژێ [وَلَا يَزْنُونَ] وە زیناش ناکەن [وَمَنْ يَفْعَلْ ذَٰلِكَ] وە هەر کەسێك کاری وا بکات [يَلْقَ أَثَامًا] ئەوا تووشی تاوان و سزای خوای گەورە ئەبێت، یاخود دۆڵێکە لە دۆزەخ سزای زیناکارانی تێدا دەدرێت..؟! [يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ] لە ڕۆژی قیامەت سزای چەند قاتێك ئەدرێ [وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا] وە لەناو سزادا ئەمێنێتەوە بە سەرشۆڕی و ڕیسوایی و زەلیلی..؟! {تەوبەی ڕاستەقینەو کردەوەی چاك خراپەکان دەگۆڕێت بۆ چاکە} [إِلَّا مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا] تەنها کەسانێك ئەگەر تەوبەیان کردبێ لەم تاوانانە وە ئیمانیان هێنابێ وە کردەوەی چاکیان کردبێ، (کردەوەی چاك ئەوەیە نیەتت بۆ خوا بێت و بۆ ریات نەبێت، وە لەسەر سوننەت بێت و بیدعە نەبێت) [فَأُولَٰئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ] ئەمانە خوای گەورە لە دونیادا خراپەکانیان بۆ ئەگۆڕێت بە چاکە، یاخود لە قیامەتدا خراپەکانیان بۆ ئەگۆڕێت بە چاکە [وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا] وە خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو و بەبەزەییە.

بەلێ بێ گومان تاوانی داوێنپیسی تاوانێکی زۆر گەورەیە ، هەروەها حەرام کراوە لە تاوانە گەورە کان ، هەلبەت سزا کەشی زۆر قورس و گران و ترسناکە ، لە دونیا و لە ڕۆژی قیامەتدا ، هەلبەت کەس لە سزاکەی دەرناچێت ، مەگەر بە تەوبە یەکی نصوح نەبێت ، لە نێوان خۆی و (خوای گەورە) ئەم سزایەی کە لە دونیادا لە کەسی داوێنپیس ئەوەیە حدەی شەرعیە ئەویش بە سەد جلدە یان بە رجم کردن بێت ، بێ گومان ئەوی حدەی شەرعی لە دونیادا ئەنجامدا ئەوا بێ گومان لە ڕۆژی دوایی دا پاك دەبێتەوە ، هیچی لەسەر نامێنێت ئەم حدە شەرعیەش بۆ ئەوەی کەسانێکی تر پێ تەمێ بکرێت کە بە هیچ جۆرێك نزیکی ئەم تاوانە نەبنەوە ، ئەگەر نزیك بوونەوە ئەوا سزاکەی بۆ ئامادە کراوە دەبێت ئازار بکیشێ لەدونیادا، بێ گومان ئەم حال و بارودۆخی داوێن پیسەیە لە ڕۆژی قیامەت دا ..؟!

لە (عبادة بن الصامت) – خوا لێ رازی بێت – دە گێڕێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((خذوا عنِّي قد جعل اللهُ لهُنَّ سبيلًا : البِكْرُ بالبِكْرِ جلدُ مائةٍ ، وتغريبُ عامٍ ، والثَّيِّبُ بالثَّيِّبِ جلدُ مائةٍ والرجمُ)) .[٢٢] واتە: لێم وەر گرن ، لێم وەرگرن ، (قد جعل اللهُ لهُنَّ سبيلًا) واتە : ئەگەر ژن و پیاوێ هاوسەر گیریان کردبوو زینا یان داوێن پیسیان کرد ، ئەوا سزاکەیان بریتیە لەوەی هەر یەکێکیان (١٠٠) دار یان

[٢٢]-سنن الترمذي برقم (١٤٣٤) ، ومسلم برقم (١٦٩٠) ، وابو داود برقم (٤٤١٥) ، ابن ماجه برقم (٢٥٥٠).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

(شەلاق) ی لێ بدرێت ، وە رجم یان بەرد بارانیش بکرێن ، کور و کچیش ئەگەر زینا یان داوێن پیسیان کرد ، ئەوە یەکی (١٠٠٩ دار یا (شەلاق) یان لێ دەدرێت ، وە سالێکیش دوور دەخرێنەوە ..؟!

لە (ابو هريرة) – خوا لێ رازی بێت – دە گێڕێتەوە دەلێت : ((جاءَ ماعزٌ الأسلَمِيُّ إلى رسولِ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ عليهِ وسلَّمَ فقالَ : إنَّهُ قد زنى فأعرضَ عنهُ ثمَّ جاءَ من شقِّهِ الآخرِ فقالَ يا رسولَ اللَّهِ إنَّهُ قد زنى فأعرضَ عنهُ ثمَّ جاءَ من شقِّهِ الآخَرِ فقالَ يا رسولَ اللَّهِ إنَّهُ قد زنى فأمرَ بهِ في الرَّابعةِ فأُخْرِجَ إلى الحرَّةِ فرُجِمَ بالحجارةِ فلمَّا وجدَ مسَّ الحجارةِ فرَّ يشتدُّ حتَّى مرَّ برجلٍ معَهُ لَحيُ جملٍ فضربَهُ بهِ وضربَهُ النَّاسُ حتَّى ماتَ فذَكَروا ذلِكَ لرسولِ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ عليهِ وسلَّمَ أنَّهُ فرَّ حينَ وجدَ مسَّ الحجارةِ ومسَّ الموتِ . فقالَ رسولُ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ عليهِ وسلَّمَ هلَّا ترَكْتُموهُ)) . [٢٣] واتە: (ماعزی کوری ئەسلمی) هات بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ ووتی : زینا یان داوێن پیسم کردوو ..!! ئەویش پشتی تێ کرد ، لە لایەکی ترەوە هاتەوە ووتی : زینا یان داوێن پیسم کردوو !! دووبارە پشتی تێ کرد ، لە لایەکی ترەوە هاتووە ووتی : زینام یان داوێن پیسم کردوو !! دیسان پشتی تێ کرد ، لە لایەکی ترەوە هاتووە ووتی : زینام یان داوێن پیسم کردووە!! لەك چوار جارەدا فەرمانی دا بردیانە دەروە بۆ (حەررە) بۆ ناو بەردە رەشەکان ، کاتێ رجمیان کرد یان بەرد بارانیان کرد ، یان بەردەکان ئازاریان پێ گەیان بە پەلە هەڵهات و بۆی دەرچوو ،هەتاکو دای بەلای پیاوێك دا ئێسکی ووشتری پێدا کێشا ..؟! خەلکە کەش بەرد بارانیان کرد هەتا کوشتیان یان لێیاندا هەتاکو مرد ، لە پاشان دا بەسەکەیان گێڕایەوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : بریا وازتان لێ دەهێنا بەلکو تەوبەی برکدیەو (خوای گەورە) ش لێ خۆش ببوایە ..؟!

دووەم : حدەی (السرقه) دزی کردن :

بێ گومان دزی کردن یەکیچکە لە تاوانە گەورە کان ، کە بکەرەکەی لە رۆژی قیامەتدا تووشی سزایەکی زۆر گەورە سەخت دەبێت ، بێ گومان لە ژیانی دونیاش دا ئەوکەسەی دزی دەکات بە پی بەلگەی قورئانی پیرۆ حدەی بۆ دانراوە ئەو کەسەی دزی دەکات مالی خەلك بە ناحەق نارەوا دەخوات

[٢٣]-سنن الترمذي برقم (١٤٢٨).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

، هەروەك حدەی شەرعی ئەوەی کە (خوای گەورە) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقۡطَعُوٓاْ أَيۡدِيَهُمَا جَزَآءَۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلٗا مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ٣٨﴾ [المَائِـدَة : ٣٨]واتە : {دەستی دز ببڕن} [وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا] دز چ پیاو بێ یان ئافرەت ئەوە دەستی ڕاستیان ببڕن تا مەچەکیان نەوەکو قۆڵ، ئەگەر ئەو ماڵەی دزیویانە نرخەکەی لە ڕوبعە دینارێکی ئاڵتوون زیاتر بێت، واتە: ڕوبعە مسقالێکی ئاڵتوون زیاتر بێ، وە ماڵەکە پارێزراو بێت و چووبێتن بۆی [جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِنَ اللَّهِ] ئەوە وەکو سزایەك بەهۆی ئەو کردەوە خراپەی خۆیان کە دزیەو کردوویانە، وە وەکو سزایەکە لە خوای گەورەوە ببنە پەندو عیبرەت بۆ خەڵکی تر [وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (٣٨)] وە خوای گەورە زۆر بەعیززەت و کاربەجێیە..؟

لە (عائيشة أم المؤمنين) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەلێت : ((أنَّ قُرَيْشًا أهَمَّهم شأنُ المرأةِ المخزوميَّةِ الَّتى سَرقَت فقالوا من يُكَلِّمُ فيها رسولَ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ عليهِ وسلَّمَ فقالوا من يجتَرِئُ عليهِ إلَّا أسامةُ بنُ زيدٍ حِبُّ رسولِ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ عليهِ وسلَّمَ فَكَلَّمَهُ أسامةُ فقالَ رسولُ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ عليهِ وسلَّمَ أتَشفعُ فى حدٍّ من حدودِ اللَّهِ ثمَّ قامَ فاختَطبَ فقالَ إنَّما أهْلَكَ الَّذينَ من قبلِكُم أنَّهم كانوا إذا سَرقَ فيهمُ الشَّريفُ ترَكوهُ وإذا سرقَ فيهمُ الضَّعيفُ أقاموا عليهِ الحدَّ . وأيمُ اللَّهِ ! لَو أنَّ فاطمةَ بنتَ محمَّدٍ سرَقَت لقطعتُ يدَها)) .[٢٤] واتە : قوریش زۆر بە پەرۆشەوە بوون ، بۆ ئەو ئافرەتەی کە لە هۆزی مخزومیەی دزی کرد بوو بۆ ئەوەی دەستی نەبردرێت چونکە لە هۆزێکی ناودار بوو ، ووتیان : کێ لە لای پێغەمبەری خوا ﷺ تکای یان شفاعەی بۆ بکات بۆ ئەوەی دەستی نە بردرێت جگە لە (ئوسامەی کوری زید) کە خۆشەویستی ئەوە ، (ئوسامە) لە بارەیەوە قسەی لەگەل کرد و تکای بۆ کرد ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ئەی (ئوسامە) تکا بۆ حەدەی لە حەدەکانی (خوای گەورە) دەکەیت ..؟! لە شاندا هەسا ووتارێکی خوێندەوە فەرمووی : (ئەوانەی پێش ئێوە کە لە ناوچوون بەهۆی ئەوەوە بوو ئەگەر یەکێکی نەجیب زادەو دەولەمەند و خانەدان دزی بکردایە وازیان لێ ئەهێنا ، بەلام ئەگەر هەژارێك دزی بکردایە حەددی شەرعیان بەسەردا جێ بەجێ دەکرد ، وە سوێند بە (اللّٰه) ئەگەر (فاتیمە) کچی محمد دزی بکات دەستی دەبرم ..؟!



سێ یەم : حد (السكر) واتە: خواردنەوەی شەراب :

بێ گومان هەموو خواردن و خواردنەوەیەکی بێ هۆش کەر جگە لە حالەتی پزیشکی نەبێت کە بۆ نەشتەرگری بەکاردەهێنرێت ، بۆ هەر مەبەستێکی تر بێت بە کۆدەنگی زانایان بە بەلگەی شەرعی قورئان و سوونەت حەرامە ، هەلبەتە یەکێکە لە تاوانە گەورە کان ، وە بکەری ئەم تاوانە جێگای

[٢٤]-سنن الترمذي برقم (١٤٣٠) .

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

دۆزەخە و سزایی توندو بە ئازاری بۆ دەبێت لە دونیا و لە رۆژی دوایی دا هەروەکو (خوای گەورە) دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٩٠﴾ [المَائِـدَة : ٩٠] واتە : {قۆناغی سێیەمو کۆتایی حەرام کردنی مەی} [يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ] دوو هۆزی ئەنصار عەرەقیان خوارد تا سەرخۆش بوون و گاڵتەیان بە یەکتری کرد، کاتێك هاتنەوە هۆش خۆیان شوێنەوارەکەیان بە دەموچاو و ریشیانەوە بینی، وتیان ئەمە فلان کەسی برام وای لێم کردووە ئەگەر بە رەحم و سۆزو بەزەیی بوایە بەرامبەرم وای لێم نەدەکرد کە رق و کینە لە دڵیاندا نەبوو بەهۆی ئەمە رق و کینە چووە دڵیان بەرامبەر یەکتری خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: ئەی باوەڕداران بەدڵنیایی و بێگومان ئەم شتانە حەرامە: خواردنەوە ی مەی کە هەرکەسێك لە دونیا بیخواتەوەو خوای گەورە چل رۆژ نوێژی لێ قەبوڵ ناکات، وە بمرێت و تەوبە نەکات خوای گەورە لەرۆژی قیامەت مەی پێ نابەخشێت، وە هەر کەسێك چوار جار بیخواتەوە خوای گەورە لەناو دۆزەخ برین و کێماوی دۆزەخیەکانی دەرخوارد دەدات، وە هەرکەسێك ئالودەی بێت ناچێتە بەهەشتەوە، وە قومار کردنیش حەرامە، وە ئەو بتانەی کە ئەپەرستران، وە ئەو تیرو پشکەی ئەیانکرد لەسەردەمی نەفامی کە بیانوویستایە هەر کارێك بکەن سێ داریان هەبوو لە یەکێکیان ئەیاننووسی بیکە، لە یەکیان ئەیاننووسی مەیکە و یەکیان بەسپێتی، ئەگەر ئەوەی بیکە دەربچوایە ئەوە ئیشەکەیان ئەکرد، وە ئەگەر مەیکە دەرچوایە نەیان ئەکرد، وە ئەگەر سپیەکە دەربچوایە دووبارەیان ئەکردەوە تا یەکێك لەو دووانە دەرئەچوو، خێرو شەڕو سوودو زیانیان دابووە دەست ئەوانە [رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ] ئەمانە هەمووی پیس و حەرامن وە کردەوەی شەیتانن و شەیتان لاتان جوانی دەکات و ئەیڕازێنێتەوە ئێوە لێی دووربکەونەوەو خۆتانی لێ دووربخەنەوە [لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (٩٠)] بەڵکو سەرفراز بن ئەمە دوا ئایەت بوو لە قۆناغەکانی حەرام کردنی عەرەق خواردن کە ئایەتی یەکەم [يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ] (الْبَقَرَة: ٢١٩) دابەزی، دواتر ئایەتی [لَا تَقْرَبُوا الصَّلَاةَ وَأَنْتُمْ سُكَارَى] (النِّسَاء: ٤٣) وە قۆناغی سێیەمیش ئەم ئایەتە بوو بەیەکجاری خوای گەورە مەی خواردنەوەی حەرام کرد تا ڕۆژی قیامەت..؟!

لە (عبدالله بن عباس) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕیتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((اجتَنِبوا الخمرَ فإنها مِفْتاحُ كلِّ شَرٍّ)) .[٢٥] واتە: دوور بکەنەوە لە مەی خواردنەوە ، چونکە کلیل دەرگای هەموو خراپە یەك و ئاژاوە و فتنەیەکە ..؟!

[٢٥]- اخرجه : الحاكم في المستدرك على الصحيحين برقم (٧٤٣٦).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمْ ۖ إِنَّهُم مَّسْـُٔولُونَ ﴿٢٤﴾﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

لە (عثمان بن عفان) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((اجتنِبوا الخَمرَ فإنَّها أمُّ الخبائِثِ)).[٢٦] واتە : دوور بکەونەوە لە مەی خواردنەوە ، چونکە دایکی هەموو خراپەکاریەکە یان دایکی هەموو پیسیەکە ..؟!

لە (عبدالله بن عباس)- خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((مَن شَرِبَ حَسْوةً من خَمرٍ لَم يَقْبلِ اللهُ مِنه ثلاثةَ أيَّامٍ صَرْفًا ولا عَدْلًا ومَن شَرِبَ كأْسًا لَم يَقبلِ اللهُ صلاتَه أربعِينَ صباحًا)) .[٢٧] واتە: هەر کەسێ قومێك مەشروب بخواتەوە خێرو چاکەی سێ رۆژ لەسەر یەك لێ وەرناگیرێ ، (ج واجب و ج سوونەت) وە هەر کەسێك یەك بەرداخ مەشروب یان عەرەق بخواتەوە چل رۆژ نوێژو خوا پەرستی لێ وەرناگیرێ مەگەر تەوبە بکات و پەیشمان ببێتەوە ..؟!

لە (عبدالله بن عمر) – خوا لێ رازی بێت – دە گێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((مَن شرب الخمرَ لم تُقبلْ صلاتُه أربعينَ ليلةً فإن تاب تاب اللهُ عليه فإن عاد كان حقًّا على اللهِ تعالَى أن يسقيَه من نهرِ الخبالِ قيل وما نهرُ الخبالِ قال صديدُ أهلِ النارِ)).[٢٨] واتە : هەر کەسێك مەی یان شەراب بخواتەوە ،چل رۆژ نوێژی لی قبول نابێت ،مەگەر تەوبە پەشیمان بوونەوەی لەسەر بکات ، بەلام ئەگەر دووبارە مەی یان شرابی خواردەوە ، ئەوا لە سەر (خوای گەورە) حەقە یان رەوایە کە لە رووباری (خبال) تێری بکات ، فەرموویان : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ رووباری (خبال) چی یە ..؟! فەرمووی : کێم و خوێناوی خەلکی ناو ئاگری دۆزەخە ..؟!

چوارەم : حد (الحرابه) واتە: رێگری کردن :

[٢٦]-البيهقي في شعب الإيمان (١٩٥٥/٥).
[٢٧]-الشيخ الألباني في ضعيف الترغيب برقم (١٤٢٢).
[٢٨]-سنن الترمذي برقم (١٨٦٢).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

بێ گومان ڕێگری کردن یان جەردەیی کردن و داخستنی ڕێگاکان لەسەر خەلکی دا ، ئەمەش یەکێکە لە تاوانە گەورەکان ، کە حدەی شەرعی لەسەر ، ڕێگری کردن یان جەردەیی و چەتەی کردن ، لە سەر ێگاو بانەکانی خەلك، ئەویش ئەوەیە کەسێك یان چەند کەسێك کۆدەبنەوە ، بە جەردەیی کردن بۆ مافیاگەراتی و شەقاوەتی عصاباتی کردن ، بۆ بەدەست هێنانی مال سامانی حەرام ، یان کوشتن و رشتن خوێنی خەلك بۆ مەبەست مەرامەکانی خۆیان ، یان دزی فەرووت کردنی مال و سامانی خەلك ، وە یان بۆ بلاو کردنەوەی ترس تۆقاندی خەلك ، هەلدەست بە ڕێگا گرتن و داخستنی ڕێگاکان ، بێ گومان ئەم تاوانە تاوانێکی گەورەیە ، هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِۚ ذَٰلِكَ لَهُمۡ خِزۡيٞ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ٣٣﴾ [المَائِـدَة : ٣٣] واته : [إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا] سزای ئەو کەسانەی کە دژایەتی خواو پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - ئەکەن (تەنانەت ئەگەر موسڵمانیش بن) کە ڕێگری لە خەڵکی بکەن و چەتەیی بکەن وە لەسەر زەوی ئاشووب و فەساد بنێنەوەو ماڵی خەڵکی ببەن و خەڵکی بکوژن [أَنْ يُقَتَّلُوا] ئەمانە ئەبێ بکوژرێنەوە، واتە: ئەگەر ڕێگریان لە خەڵکی کردو خەڵکیان کوشت کە گیران ئەمانە ئەکوژرێنەوە [أَوْ يُصَلَّبُوا] یاخود ئەگەر خەڵکیان کوشت و ماڵەکەشیان برد ئەو کاتە ئەمان ئەکوژرێن و هەڵئەواسرێن و لە خاچ ئەدرێن [أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلَافٍ] وە ئەگەر ماڵیان بردو نەیانکوشت ئەو کاتە دەستی ڕاست و پێی چەپیان ئەبڕێتەوە یان بە پێچەوانەوە [أَوْ يُنْفَوْا مِنَ الْأَرْضِ] یاخود ئەگەر کەسیان نەکوشت و ماڵیشیان نەبرد بەڵکو هەر ڕێگریان لە خەڵك ئەکردو خەڵکیان ئەترساند ئەوە ڕاوئەنرێن و لەسەر زەوی دوور ئەخرێنەوە لەو شارو وڵاتە یاخود لە شارێکی تر بەند دەکرێن [ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا] ئا ئەم خراپەکارو ڕێگرو پیاوکوژانە لە دونیا خوای گەورە سەرشۆڕیان ئەکات [وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ] وە لە ڕۆژی قیامەتیش خوای گەورە سزایەکی زۆر گەورەی بۆیان داناوە، هەشت کەس لە هۆزی (عورەینە) هاتنە مەدینەو موسڵمان بوون و بەیعەتیان بە پێغەمبەری خوادا- صلى الله عليه وسلم - پاشان نەخۆش کەوتن پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - لەگەڵ وشتری صەدەقە ناردیانی و فەرمووی لە میزو شیرەکەیان بخۆن چاك دەبن ئەوانیش خواردیان چاك بوونەوە پاشان هەڵگە ڕانەوەو شوانەکەیان کوشتوو وشترەکانیان برد، پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - خەڵکی بە دوایاندا ناردو گرتیانن و هێنایان، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاندو چۆن شوانەکەیان کوشبوو بەو شێوازە کوژرانەوە..؟!

لە (أنس بن مالك) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەلێت : ((أنَّ رَهْطًا مِن عُكْلٍ وعُرَيْنَةَ أتَوُا النَّبيَّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم فقالوا: يا رسولَ اللهِ، إنَّا كنَّا ناسًا أهْلَ ضَرعٍ، ولم نَكُنْ أهْلَ ريفٍ، استَوخَمْنا المدينةَ، فأمَرَ لهم رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم بذَوْدٍ

قال : رسول الله ﷺ (لعَن اللهُ الرَّاشيَ والمُرتشيَ)

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمْ ۖ إِنَّهُم مَّسْـُٔولُونَ ﴿٢٤﴾﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

وراعٍ، وأمَرَهم أنْ يَخرُجوا فيها، فيَشرَبوا مِن ألبانِها وأبْوالِها، فانطَلَقوا حتى إذا كانوا في ناحيةِ الحَرَّةِ قَتَلوا راعيَ رسولِ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم، واستاقُوا الذَّوْدَ، وكَفَروا بعْدَ إسلامِهم، فبعَثَ رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم في طَلَبِهم، فأُتيَ بهم، فقَطَّعَ أيديَهم وأرجُلَهم، وسَمَرَ أعْيُنَهم، وترَكَهم في ناحيةِ الحَرَّةِ حتى ماتوا وهُم كذلك. قال قَتادةُ: وذُكِر لنا أنَّ هذه الآيةَ أُنزِلَتْ فيهم)) . [٢٩] واتە: کۆمەڵێکی لە هۆزی (عورینە) هاتنە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ ئاو هەوای مەدینەیات پێ نەکەوت و نەخۆشکەوتن ، بۆیە شاری مەدینەیان پێ ناخۆش بوو ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێ کردن کە بڕۆن بۆ دەرەوەی شار بۆ ناو کۆمەڵە ووشترەکان یان رانە ووشترە شیردەرەکان ، لەوێ شیر و میزی ووشترەکان بخۆن ، هەتاکو چاك دەبنەوە ، ئەوانیش ڕۆشتن ، کاتێ کە چاك بوونەوەو شوانی ووشترەکەی پێغەمبەری خوایان ﷺ کوشت وە ووشترەکانیشان دزی و لە گەل خۆیان برد بۆ وەلاتی خۆیان ، لە سەرەتایی ڕۆژەوە هەواڵە کە گەیشتە بە پێغەمبەری خوا ﷺ ، پێغەمبەریش ﷺ کۆمەڵێ پیاوی نارد بە شوێنیاندا ، هێشتان ڕۆژ بەرز نەبوبوە وە ، لە ڕێ دا ئەوانیان گرت و بە دیلیان گرتن ، وە هێنایانەوە بۆ شاری مەدینە ، جا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی دا ، دەست قاچیان ببرن ،وە چاوەکانیان دەربهێنن ، وە بە بسماری سورکراو چاویان رشتن ، وە فرێیان دانە ناو بردەڵانەکەی شاری مەدینە کە پێ دەووترێت : (الحرە) جا داوای ئاویان دەکرد کەس ئاوی نەدەدانێ ، هەتاکو هەموویان مردن (قتادە) ووتی : ئەم ئایەتەی (٣٣) سورەتی مائدە باس لەم رووداوە دەکات کە دابەزیوە ..؟!

پێنچەم : (القذف) واتە : بووختان کردئافرەتانی ئیماندار یان درۆ و بووختان هەڵبەستن بەخەڵکی :

[٢٩]- سنن الترمذي برقم (٧٢) ، وابو داود برقم (٤٣٦٤).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

بێ گومان بووختان کردن بە ئافرەتانی ئیماندار یەکێکە لە تاوانە گەورە کان ، هەر وەك (خوای گەورە) دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ٱلۡغَٰفِلَٰتِ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ لُعِنُواْ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ٢٣﴾ [النُّور : ٢٣]واتە : [إِنَّ الَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ لُعِنُوا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ] ئەو کەسانەی کە ئافرەتانی داوێن پاکی بێئاگا لە تاوان و باوەڕدار تۆمەتبار ئەکەن بە زینا کردن وەکو (عائیشە)یان تۆمەتبار کرد (خوا لێی ڕازی بێت) کە مەبەست پێی (عبدالله¬ی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول) و هەندێکی تر لە مونافیقانە بەدڵنیایی ئەو کەسانە لەعنەتی خوای گەورەیان لێکراوە لە دونیا کە دوور ئەبن لە ڕەحمەتی خوای گەورە، وە لە قیامەتیشدا بە ئاگری دۆزەخ [وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ] وە سزایەکی زۆر گەورەیان بۆ هەیە، ئەم ئایەتەیش لەسەر (عائیشە) دابەزی، بەڵام حوکمەکەی گشتیە (زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە لە پاش ئەم ئایەتانە هەرکەسێك (عائیشە) تۆمەتبار بکات بە زینا ئەوا کافرە چونکە باوەڕی بەم ئایەتانە نیە).

هەروەها (خوای گەورە) دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسۡنٗا﴾ [البَقَرَةِ : ٨٣] واتە : وە لەگەڵ خەڵکیشدا با قسەو گوفتارتان جوان و چاك بێت..؟!

لە (عبدالله بن مسعود) – خوا لێ ڕازی بێت – دە گێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((ليسَ المؤمنُ بالطَّعَّانِ ولا اللَّعَّانِ ولا الفاحشِ ولا البَذيءِ)) . [٣٠] واتە: ئیماندار توانجەدەر و نەفرەتکەر وە یان بووختان کەر و زمان پیس نیە ..؟!

لە (ابو هریرە) – خوا لێ ڕازی بێت – دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((أنَّ رسولَ اللَّهِ صلَّى اللهُ علَيهِ وسلَّمَ قالَ اجتنِبوا السَّبعَ الموبقاتِ . قيلَ يا رسولَ اللَّهِ وما هنَّ قالَ الشِّرْكُ باللَّهِ والسِّحرُ وقتلُ النَّفسِ الَّتي حرَّمَ اللَّهُ إلَّا بالحقِّ وأكلُ الرِّبا وأكلُ مالِ اليتيمِ والتَّولِّي يومَ الزَّحفِ وقَذفُ المُحصَناتِ الغافلاتِ المؤمناتِ)) .[٣١] واتە: خۆتان بەدوور بگرن لە حەوت تاوانە گەورە ناوبەرەکە ، ووترا: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو حەوت تاوانە گەورەیە چین..؟! فەرمووی : هاوەل بۆ خوا بریاردان ، سیحر و جادوو کردن ، کوشتنی کەسێك بە ناڕەوا ، خواردنی مالی هەتیو بە ناڕەوا ، خواردنی سوو یان ریبا ، وەپشت هەلکردن یان هەلاتن لە جیهاد لە مەیدانی جەنگ لە کاتی ڕوو بەڕوو بوونەوەی دوژمندا لە گەل کافر و بێ باوەڕان ، تۆمەتی زینان یان بووختان کردن بە ئافرەتانی داوێن پاك ئیماندار کەبێ ئاگان لێی ..؟!

---

[٣٠]-سنن الترمذي برقم (١٩٧٧).
[٣١]-سنن ابو داود برقم (٢٨٧٤).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

بێ گومان بە دلنیایەوە یەکێکی تر لە تاوانە هەرە گەورە کان ، یان تاوانە هەرە قێزە ونەکان ئەویش تاوانی نێربازی یان دوو هاورەگەز وەکویەك کاری بەد رەوشتی و فاحیشە ئەنجام بدەن ، بێ گومان ئەم کارە قێزە ونە دوورە لە هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی لە رابروو لە ئێستاش دا ، هەروەك (خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿ وَلُوطًا إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ أَتَأۡتُونَ ٱلۡفَٰحِشَةَ وَأَنتُمۡ تُبۡصِرُونَ ٥٤ أَئِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلرِّجَالَ شَهۡوَةً مِّن دُونِ ٱلنِّسَآءِۚ بَلۡ أَنتُمۡ قَوۡمٞ تَجۡهَلُونَ ٥٥ ۞ فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوۡمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُوٓاْ أَخۡرِجُوٓاْ ءَالَ لُوطٖ مِّن قَرۡيَتِكُمۡۖ إِنَّهُمۡ أُنَاسٞ يَتَطَهَّرُونَ ٥٦﴾ [النَّمل : ٥٤ - ٥٦]واتە : { لوط پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - و قەومەکەی} [وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ] وە لوط پێغەمبەریش - صلى الله عليه وسلم - کاتێك کە بە قەومەکەی خۆی فەرموو: [أَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ وَأَنْتُمْ تُبْصِرُونَ] ئایا ئێوە کرداری بەدرەوشتی و نێربازی ئەکەن وە بە چاوی خۆیشتان یەکتری ئەبینن..؟! [أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ شَهْوَةً مِنْ دُونِ النِّسَاءِ] ئایا ئێوە کاری بەدرەوشتی و نێربازی ئەکەن لەگەڵ پیاو وە واز لە ئافرەتان دێنن کە ئەوان بۆ ئێوەن [بَلْ أَنْتُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ] بەڵکو ئێوە کەسانێکن کە خۆتان نەزان و نەفام ئەکەن سەبارەت بەو سزایەی کە خوای گەورە بۆی داناون..؟! [فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِ] وەڵامی قەومەکەی لوط هیچ شتێك نەبوو تەنها ئەمە نەبێ کە وتیان: [إِلَّا أَنْ قَالُوا أَخْرِجُوا آلَ لُوطٍ مِنْ قَرْيَتِكُمْ] لوط پێغەمبەرو - صلى الله عليه وسلم - شوێنکەوتوانی لە موسڵمانان شاربەدەر بکەن [إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ] چونکە بە دڵنیایی ئەمانە کەسانێکن خۆیان بە پاك ڕائەگرن لە نێربازی و خراپەکاری..؟!

هەروەها (خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿أَتَأۡتُونَ ٱلذُّكۡرَانَ مِنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٦٥ وَتَذَرُونَ مَا خَلَقَ لَكُمۡ رَبُّكُم مِّنۡ أَزۡوَٰجِكُم بَلۡ أَنتُمۡ قَوۡمٌ عَادُونَ ١٦٦ قَالُواْ لَئِن لَّمۡ تَنتَهِ يَٰلُوطُ لَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡمُخۡرَجِينَ ١٦٧ قَالَ إِنِّي لِعَمَلِكُم مِّنَ ٱلۡقَالِينَ ١٦٨ رَبِّ نَجِّنِي وَأَهۡلِي مِمَّا يَعۡمَلُونَ ١٦٩ فَنَجَّيۡنَٰهُ وَأَهۡلَهُۥٓ أَجۡمَعِينَ ١٧٠ إِلَّا عَجُوزٗا فِي ٱلۡغَٰبِرِينَ ١٧١﴾ [الشُّعَرَاء : ١٦٥ - ١٧١]واتە : [أَتَأْتُونَ الذُّكْرَانَ مِنَ الْعَالَمِينَ (١٦٥)] ئایا ئێوە ئەڕۆن نێربازی ئەکەن لەگەڵ ئادەمیزاددا..؟! [وَتَذَرُونَ مَا خَلَقَ لَكُمْ رَبُّكُمْ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ] وە واز لەو ئافرەتانە دێنن کە خوای گەورە بۆ ئێوەی دروست کردوون [بَلْ أَنْتُمْ قَوْمٌ عَادُونَ (١٦٦)] بەڵکو ئێوە قەومێکن بەڕاستی سنوورتان بەزاندووە..؟! [قَالُوا لَئِنْ لَمْ تَنْتَهِ يَا لُوطُ لَتَكُونَنَّ مِنَ الْمُخْرَجِينَ (١٦٧)] وتیان: ئەی (لوط) ئەگەر واز لەم قسانە نەهێنی ئەوا شاربەدەرت ئەکەین..؟! [قَالَ إِنِّي لِعَمَلِكُمْ مِنَ الْقَالِينَ] (لوط) - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: من ڕقم لەم کردەوەی ئێوەیەو پێی رازی نیم و بەریم لێی..؟![رَبِّ نَجِّنِي وَأَهْلِي مِمَّا يَعْمَلُونَ)] ئەی پەروەردگار خۆم و شوێنکەوتوانم ڕزگار بکە لەم کردەوە خراپەی ئەمان کاتێك کە سزایان ئەدەی..؟! [فَنَجَّيْنَاهُ وَأَهْلَهُ أَجْمَعِينَ] خوای گەورە ئەفەرمووێ: خۆی و کەسوکاری واتە: شوێنکەوتوانی هەموومان ڕزگار کردن..؟! [إِلَّا عَجُوزًا فِي الْغَابِرِينَ] تەنها پیرەژنێك نەبێ کە خێزانەکەی بوو لەناو سزادا مایەوە لەبەر ئەوەی باوەڕی نەهێنابوو، وە لوط - صلى الله عليه وسلم - میوانی بهاتایا خەڵگی ئاگادار دەکردەوە تا بێنەسەر میوانەکانی و دەستدرێژی بکەنە سەریان، خوای گەورە ئەویشی سزاداو لەناوی بردو بەردبارانی کردن..؟!

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمْ ۖ إِنَّهُم مَّسْـُٔولُونَ ﴿٢٤﴾﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

لە (جابر بن عبدالله) – خوا لێ رازی بێت – دە گێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((إنَّ أخوَفَ ما أخافُ على أمَّتي من عملِ قومِ لوطٍ)) . [٣٢] واتە: لە هەموو شتێك زیاتر لێ دەترسم کە تووشی قەومەکەم یان گەلەکەم بێت ، ئەویش کردەوەی قەومی لوط ..؟! واتە: (نێر بازی) یە ..؟! یان (بە واتای هاورەگەز بازی) کە ئێستا موشریکان و کافران و مولحیدەکان و مونافقەکان بانگەشەی بۆدەکەن بەناوی مافی مرۆڤ و ئازادی تاکەسی ..؟!

لە (عبدالله بن عباس) – خوا لێ رازی بێت – دە گێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((مَن وجَدتُموه يَعمَلُ عملَ قومِ لوطٍ، فاقتُلوا الفاعلَ والمفعولَ به)).[٣٣] واتە: لە شوێنێك بینیتان کردەوەی قەومی (لوط) ئەنجامدرا یان کرا ، ئەوا بکەرەو و کارلێکراوە کە بکوژن.

لە (بوهريرة) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((أربعةٌ يُصبحونَ في غضبِ اللهِ ويمسون في سخطِه أو يمسون في غضبِه ويُصبحون في سخطِه - شكَّ المحدث - قِيلَ من هم يا رسولَ اللهِ قال المتشبهونَ من الرجالِ بالنساءِ والمتشبهاتُ من النساءِ بالرجالِ والذي يأتي البهيمةَ والذي يأتي الرجلَ)) . [٣٤] واتە: چوار کەس بەیانیان و ئێواران لە ژێر تووڕەیی غەزەبی (خوای گەورە) دان ، دەلێ ووتم : ئەم چوار کەسە کامانەن ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ..؟! ئەویش فەرمووی: ئەو پیاوانە خۆیان دەچووێنە سەر شێوەی ژنان ، وە ئەو ژنانەشی خۆیان دەچووێنە سەر شێوەی پیاوان ، یان ئەو کەسەی نزیکی ئاژەلان کەوێ بە تایبەتی کوێ درێژ ، وە ئەوەی دەچێتە لای پیاو ، واتە (نێر بازی یان هاورەگەز بازی) ..؟!

تێبینی / هەموو زاناکان لە سەر ئەو رایەن کەوا کردەوەی نێربازی یان هاورەگەز بازی لەتاوانە ناشرینە کان و قێزەونەکان حەرامە چونکە لە تاوانە گەورە کان هەژمار دەکرێت ، حدەی هەیە لە شەریعەت دا ، بەلام زانایان بیرو را و بۆچوونیان جیاوازە لە سەر حدەکە ، هەندێکیان دەلێن : دەبێ دارکاری بکرێن یان تەمێ بکرێن ، وە هەندێکی تریشیان دەلێن : دەبێت بەرد باران بکرین ، هەندێك دەلین : دەبێت بکوژرێن ، بەلام کوشتنەکەیان دەبێت لە شوێنێکی بەزر فرێ بدرینە خوارەوە ..؟! هەروەها (الحافظ المنذري) دەلێت : چوار خلیفە وە کو (ابو بکر ، علی ، عبدالله کوری زوبیر ، وهشامی کوری عبدالملك) ئەمانە -خوا لێیان رازی بێت – نێربازیان بکەرو کالێکراویان بە ئاگر سووتاندووە ..؟!

دارکاریکردن یان تەمێکردن لە شەریعەتی ئیسلامدا

---

[٣٢]-المنذري في الترغيب والترهيب (٣/٢٧٠).
[٣٣]- سنن الترمذي برقم (٤٤٦٢).
[٣٤]-اخرجة الطبراني في المعجم الاوسط برقم (٦٨٥٨) ، والبيهقي في شع الايمان برقم (٥٣٨٥).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

پێناسەی : (التعزير) واتە : دارکاریکردن یان تەمێکردن یان سەرخستنی کەسێك لە تاوانی گەورەتر رزگای دەکات: بریتیە لە سزایەکی شەرعی بۆ مەبەستی دارکارێکردن یان تەمێکردن لە سەر گوناهێك یان لەسەر تاوانێك دا سەری دەخات و رزگاری دەکات دووبارە تاوانێکی گەورەتر نەکاتەوە ، لە بنچینە دا یان لە ئەصلەکەی دا خۆی لە خۆیدا حدەی شەرعی و کفارە و الدیە و قصاصە ، بەلام دارکاریکردن یان تەمێکردن لیقێکە لە کەکانی سزا ..؟!کەواتە تەمێکردن حدە نیە و کفارە قصاص نیە ، بەلام مەرجەکانی جێ بەجی نەکردنی گونجاو نیە ، وەکو : بووختان کردن و ناوزراندە جگە لە زینا یان داوێن پیسی ، یان راستە خۆ بۆ جووت بوون لەگە ل شتێکی تر جگە لە داوێن ، بەلام دارکاریکردن یان تەمێکردن تەنها دەبێت دادوەر بێت وەکو دەولەت یان قازی موسلمانان یان ئەمیری موسلمانان یان مامۆستا بۆ منداڵان یان پیاو بۆ ژنەکەی خۆی یان باوك بۆ تەمێکردنی منداڵەکانی خۆی ..؟!

بێ گومان دارکاریکردن یان تەمێکردن لە قورئان و سوونەت دا هاتووە واجبە کەسێك کە تاوانێك یان گوناهێك یان نافەرمانیەکی دەکات واجبە دارکاری بکرێت یان تەمێ بکرێت ، بۆ ئەوەی ببێتە دەرس بوو جارێکی تر دووبارەی نەکاتەوە ، وە خەلکیش جاو لەو نەکەن کە تاوانی ئەنجامداوە.

(خوای گەورە) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿لِّتُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُۚ وَتُسَبِّحُوهُ بُكۡرَةً وَأَصِيلًا ٩﴾ [الفَتْح : ٩] واتە : وە ئیمان بە خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی - صلى الله عليه وسلم - بێنن، وە پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - بەگەورە بزانن وە ڕێزو ئیحتیرامی بگرن وە سەری بخەن، وە تەسبیحات و زیکری خوای گەورە بکەن بە بەیانیان و بە ئێواران..؟!

(خوای گەورە) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿وَعَزَّرۡتُمُوهُمۡ﴾ [المَائِـدَة : ١٢] واتە : وە بە گەورەیان بزانن وە سەریان بخەن..؟!

لە (عبدالله بن عمر) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((مُروا صِبيانَكم بالصَّلاةِ إذا بلَغوا سَبعًا، واضْرِبوهم عليها إذا بلَغوا عَشرًا، وفرِّقوا بينهم في المضاجعِ)) .[٣٥] واتە : فەرمان بکەن بە منداڵە کانتان لە حەوت ساڵیدا نوێژ بکەن ، وە لە دەساڵیدا بەڵیدانێکی سووك لێیان بدەن ئەگەر نوێژیان نە کرد، جێگەشیان جیا بکەنەوە با بە یەکەوە نە خەون ..؟!

جۆرەکانی (تعزیر) یان تەمێکردن یان دارکاری کردن لە شەریعەتی ئیسلامدا

[٣٥]-سنن ابو داود برقم (٤٩٥).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

هەندێك لە زانایانی فقهە تەمێکردن یان دارکاریکردنیان ، دابەش کردووە بە سێ جۆر :

١-دارکاریکردن لە سەر گوناو تاوانەکان .

٢-دارکاریکردن لە سەر پەرژەوەندی خەلکەی بەگشتی ، جگەلە گوناهو تاوان .

٣-دارکاریکردن لە سەر مخالفات واتە : سەرپێچیەکان لە سەر قەدەغەکراوەکان .

جۆرەکانی دارکاریکردن یان تەمێکردن لە شەریعەتی ئیسلامدا ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە :

١-(القتل) واتە : کوشتن بۆئەوەی خەلکی تر چاو لەو نەکات خەلکی بکوژێت بە نارەوا ، بۆیە سزای کوشتنە لەبەرامبەر بکوژ ..؟!

٢-(الجلد) واتە: جەلدە لێدان یان لێدان بە دار و شەلاق بۆئەوەی دووبارە سەرپیچیەکەی نەکاتەوە دەبێت دار کاری بکرێت..؟!

٣-(الحبس) واتە: بەندکردن یان سجن کردن بۆماوەیەکی بۆ ئەوەی دووبارەی نەکاتەوە پێی تەمێ بکرێت ..؟!

٤-(التغريب) واتە : نفی کردنی کەسێك لە ولاتەکەی بە هۆی سەرپێچیەکەی یان دوور کەوتنەوە لە ولات بۆ غوربەت ..؟!

٥-(الهجر) واتە: دوور کەوتنەوە لێ وە کو گفتوگۆو قسە نەکردن و مامەلە نەکردن یان واتە: وازهێنان ترك کردنی بۆماوەی سالێك ..؟!

٦-(العزل من الوظيفة) واتە: دابراندنی لە کارەکەی یان دوور کەوتنەوە لە کارو پیشەکەی یان دەرکردن و یان لەدەست دانی کارویشەکەی ..؟!

٧-(التوبيخ) واتە: قسە پێ ووتن بە شێوەیەکی سەرزەنشتکردنی بە شێوەیەك کە ئازاری دەروونی بدرێت ، بۆ ئەوی تەسف بخوات ..؟!

٨-(التهديد) واتە : هەرەشە لێ کردن ، بەشێوەیە برتسێت بۆ ئەوەی باجی سەرپێچیەکانی بدات ..؟!

٩-(التشهير) واتە: ناو زراندنی لە پلە و پۆست پێگەکەی دا لە ناو خەلکی ، بۆ ئەوەی تەمێ بکرێت ..؟!

١٠-(الغرامه) واتە: پێ بژاردن یان غەرامەکردن بە مال پارە چونکە مال پارە شرینە بۆ ئەوەی تەمێ بکرێت ..؟!

سزای بەلگەی شەرعی تاوانی بەرتیل یان (الرشوە)

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

یەکەم : (الجلد) واتە : لێدان بە قامچی یان دارێکی بارێك ،کە بریتیە لە داركاریكردن یان تەمێكردنی تاوانبار لە جێ بەجێ كردنی سنوورەكانی (خوای گەورە) ..؟!

بەلێ لێدان بە قامچی سزایەکی سەرەکیە لە سزا کانی شەرعی ، بۆ بەزاندنی سنورەکانی تاوان و گوناه ئەویش بۆ داركاریكردن یان تەمێكردنی تاوانی بەرتیل یان ریشوە بەكاردێت هەروەكو تاوانەكانی تر ، كە دەبێت تاوانی بەرتیل بە قامچی لێ بردێت ئەگەر تاوانەكەی ساغ بوویەوە وە دانی پێدانا بەتاوانی بەرتیل ، ئەویش بەرێگەیەك كە تەنها حاكم قازی و یان دادوەری موسلمانان ئەم مافەیان هەیە سزای لێدان بسەپێن بە سەر ئەو كەسەی تاوانی بەرتیل یان ریشوەی ئەنجامداوە ، هەلبەتە سزای (الجلد) یان لێدان ، لە بنچینەدا جێگیر كراوە لە قورئان و سوننەت دا ..؟!

١-بەلگەی لێدان لە قورئاندا : (خوای گەروە) دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿وَٱلَّٰتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهۡجُرُوهُنَّ فِي ٱلۡمَضَاجِعِ وَٱضۡرِبُوهُنَّۖ فَإِنۡ أَطَعۡنَكُمۡ فَلَا تَبۡغُواْ عَلَيۡهِنَّ سَبِيلًاۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرٗا ٣٤﴾ [النِّسَاء : ٣٤] واتە: [وَاللَّاتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ] وە ئەو ئافرەتانەی كە ئێوە ترسی ئەوەتان لێیان هەیە كە سەرپێچیتان بكەن و بەقسەتان نەكەن و گوێڕایەڵیتان نەكەن [فَعِظُوهُنَّ] ئەوە ئامۆژگاریان بكەن [وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ] ئەگەر ئامۆژگاری سوودی نەبوو لە جێگادا پشتیان تێ بكەن و جێگایان لێ جیا بكەنەوەو لێیان دووربكەونەوە، ئەگەر ئەویش سوودی نەبوو [وَاضْرِبُوهُنَّ] وە لێیان بدەن بەڵام (ضربا غير مبرح) نە شوێنێكی بشكێنی، وە نەشوێنەواری دیار بێت، وە نە خوێنی لێبێت، تەنها بۆ ئەوەی كە بزانێ تۆ لێی تووڕەی بۆ ئەوەی كە ئیصڵاحی بكەی [فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلَا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا] وە ئەگەر گوێڕایەڵیان كردن ئەو كاتە وازیان لێ بێنن نە بە قسە نە بەكردەوە هیچ شتێكی خراپیان لەگەڵدا مەكەن [إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا] بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر بەرزە لە زاتی پیرۆزیدا وە لە كردەوەیدا وە لە سیفاتیدا وە خوای گەورە زۆر گەورەیە، ئەمە هەڕەشەیە لە پیاوان ئەگەر ستەم بكەن لە ئافرەتان..؟!

٢-بەلگەی لێدان لە سوننەتدا : لە (أبي برده الانصاري) – خوا لێ رازی بێت- دەلێت : بیستوومە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((لا يُجْلَدُ أحَدٌ فَوْقَ عَشَرَةِ أسْواطٍ، إلَّا في حَدٍّ مِن حُدُودِ اللَّهِ)) . [٣٦] واتە: لە دە قامچی بەرەو ژوورتر لە هیچ كەس نادرێت ، مەگەر لە سنوورێك لە سنوورەكانی خودا نەبێت ..؟! تێبینی / لێدان بەقامچی كەم تر لە دە قامچی واتە: بۆ داركاریكردنە یان تەمێكردنە نەوەك حدەی شەرعیە وەكو زینا دزی و شراب خواردنەوە هتد ... ؟! ئەمانە بەلگەی لێدانی داركاریكردن یان تەمێكردنە بەلام (بەرتیل) یەكێكە لەم تاوانانە..؟!



دووەم : (الحبس) واتە: بەندكردن یان زیندانی كردن :

٣٦- صحيح مسلم برقم (١٧٠٨).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

ئەویش یەکێکە لە سزاکانی تەمێکردن یان دار کاریکردن ، بۆ ئەو کەسەی کە تاوانی بەرتیل یان ریشوەی ئەنجامداوە ، بەلێ بە کۆدەنگی زانایان بەندکردن یان زیندانی کردن بە پێ شەریعەت و بە بەلگەی قورئان و سوننەت ، هەروەك بە کۆ دەنگی فقەهاکانی شەریعەت دروستە بۆ حاکم یان دادوەر رێگری بکات لە کەسانەی کە تاوانی بەرتیل ئەنجام دەدن ،ئەم رێگریەش ئەوەیە ئەنجامدەرانی تاوانی بەرتیل تەمێ بکرێن بە بەندکردن یان زیندانی کردنیان لە ناو کۆمەلگادا ، چونکە ریشوە یان بەرتیل یەکێکە لە تاوانەکان یان جریمەی (التعزیر) واتە : دارکاریکردن یان تەمێکردن ..؟!

بێ گومان زانایانی شەریعەت کۆدەگن لە سەر (حبس) یان بەندکردنی تاوانی بەرتیل یان ریشوە ، بەلام جیاوازیان هەیە لە ماوەی بەندکردنەکە ..؟!

هەندێکیان دەلێن : تاوانی بەرتیل یان ریشوە دەبێت ماوەی بەندکردنەکەی بۆ (مؤبد) بێت یان بۆ هەموو تەمەنی دەبێت لە زیندان بباتە سەر ، چونکە تاوانیچکی زۆر ترسناك و گەورەکانە بەند بکرێت تاکو دەمرێت ، هەروەکو (عثمان کوری عفان) — خوا لێ رازی بێت — ((هەلسا بە زیندانی کردن یان بەندکردنی (ضابئ کوری الحارث التميمي) هەتاکو هەموو تەمەنی لە زیندانی بەسەر برد لە لە زیندانیش مرد ، چونکە یەکێك لە خراپترین ئەو کەسانە کە مالی خەلکی بە ناحەق نارەوا دەخوات و لە سەر مالی خەلکی دەژیان و کۆی دەکردەوە سەر مال و سامانەکەی خۆی ، ئەویش تاوانێك بوو لە هەرە تاوانەکانی دزی کردن بە ناحەق یان بە نارەوا ، بەلام ئەم تاوانە واتە (اللص) واتە دزی کردن لە حاکم یان دادوەرێکی) بەرتیل خۆر یان ریشوە خۆر باشترە)). [٣٧] هەروکو دەزانرێت بەرتیل یان ریشوە زۆر زیان دەگەیەنی بە کۆمەلگادا لە دزی کردن فەرهوود کردنی مال و سامانی خەلکی بە نارەوا ، بۆ ئەو کەسەی کرداری بەرتیل ئەنجام دەدات ، بە پێ رای هەندێك لەزانایان دەبێت بەند بکرێت تا مردنی ..؟!

بەلام رای هەندێکی تر لە زانایان دەلێن : دەبێت تاوانی بەرتیل یان ریشوە بەند یان زیندانی بکرێت بۆ ماوەی کەم تر لە سالێك جا لە دوو رۆژ دەست پێ دەکات هەتاکو کەم تر لە سالێك زیندانی کردن ، ئەویش بە پێ بریاردانی دادوەر یان قازی شەرعی ماوەکەی بۆ دادەنرێت ، بە پێی جۆری تاوانی بەرتیل یان رپشوە جا (مؤبد) یان (مؤقت) بێت واتە : بۆ هەتاهەتای لە زیندان دابێت یان بۆ ماوەیی بێت لە زیندان ، چونککە بە پێی گەوەری تاوانە کە لە ناو کۆمەلگادا دەگۆردرێت ، بێ گومان تاوانی بەریتل زۆر ترسناکە وەکو ڤایرۆسێکە لە نێو کۆمەلگادا بلاودەبێتەوە ، دبێت زۆر ووریا بین خۆمانی لێ بپارێزین چونکە تاوانێکی زۆر قێزەون، خەلکی بەرەو برسیەتی دارمانی ئابووری دەبات ،دەبێتە فەرهوود کردنی مال و سامانی خەلکی بەناحەقە و بەنارەوا ، بۆیە لە ناو هەر کۆمەلگایە ئەم دیاردەیە بلاو ببێتەوە ، ئەو ئەم وەلاتە تووشی گەندەلی فەسادی ئابووری کۆمەلایەتی دەبێت جا فەسادی گەندلی سیاسیش لە لایەکی ترەوە ، هەر بۆیە دەبێت بەرپرسان و کاربەدەستانی وەلات لە حاکم و فەرمانرەواکان بە جدی کار لە سەر ئەم دیاردە ناشرینە بکەن بۆ ئەوەی خەلکی تێدا تووشی زیان و زەرەر نەبێت ، چونکە مافی خەلکی بەدەستی حاکم دادوە ر فەرمانرەوایانی دولەت دا بۆ ئەوەی ماف و حەقە کەیان بۆ بگەرێنەوە ، ئەوانەکە بە بەریتل و ریشوە بردوویان حەق مافی خەلکیان خواردووە بەناحەق ..؟!

سێیەم : (الغرامة) واتە بێ بژاردن بە پارە یان هەرشتێك کە بەنرخی دەبێت :

[٣٧]-الاصفهاني في المحاضرات الأدباء (٢/٢١٠).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

بەلام بری پێ بژاردن یان بری ئەو مال وپارەیە ، هیچ پەیوەندی بە سەرپێچی تاوانی بەرتیل یان ریشوەوە نیە ، بەلکو بکەری تاوانی بەرتیل تاوانیچکی سەرپێچی کەر ئەنجام داوە کە سزاکەی دارکاری کردن یان تەمێکردنە ، جا بە جۆرێك لە جۆرەکانی سزای کە ، ئەویش وەرگرتنی مال پارە یە یان پێ بژاردنە لە کەسی تاوانکار ، هەروەها پەیوەندی بە مال و ئەو پارەیە نیە کە لە تاوانی بەرتیل بەدەستی هێناوە ، چونکە ناکرێت مالێك بە حەرام پەیدای کردبیچت تۆ لە دولەتدا خەرجی بکەیت ، بەلکو دەبێت لە سەر کرداری تاوانی بەرتیل یان ریشوە (غرامە) بکرێت ، نەك ئەو مالەی بە حەرام پەیدای کردووە ، چونکە کەسە کە تاوانێکی ئەنجامداوە بە پێ تاوانەکە حرامە و سزایی شەرعی هەیە ، دەبێت سزا بدرێت ، بەلێ لە دەبێت لە سەر مامەلەکردن یان کرداری تاوانی بەرتیل سزا بدرێت بە پێ جۆری تاوانەکەی ، لەلای دادوەر یان حاکمی موسلمانان ، چونکە پێ بژاردن لەشەریعەتی ئیسلامدا دروستە لە سەر چەند جۆرێك لە تاوانانەی کە سزای دارکاریکردن یان تەمێکردنی لەسەر ، هەروەکو ئەم فەرموودەیە.

لە(عبدالله بن عمرو) – خوا لێ رازی بێت – دە گێرێتەوە دەلێت : ((أنَّه سُئِل عن الثمَرِ المعلَّقِ، فقال: مَن أصاب بِفِيه من ذي حاجةٍ غيرَ مُتَّخِذٍ خُبْنةً فلا شيءَ عليه، ومَن خرَجَ بشيءٍ منه فعليه غَرامةُ مِثْلَيْه والعقوبةُ، ومَن سرَقَ منه شيئًا بعدَ أنْ يُؤوِيَه الجَرينُ، فبلَغَ ثمنَ المِجَنِّ، فعليه القطعُ، ومَن سرَقَ دونَ ذلك، فعليه غَرامةُ مِثْلَيْه والعقوبةُ))[٣٨] واتە : دەربارەی بەری دارەوە پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەویش فەرمووی : کەسێ هەژار بێ و لە بەرە بخوات بە دارەوەیە نەچێنراوە بە مەرجێ گونیەی یان کوشی لێ پر نەکات ئەوە گوناهی ناگات و هیچی لە سەر نیە ..!! بەلام ئەگەر کەسێ ئەوەندەی لێ کردەوە یان رنی بیکاتە بە گونیەی یان کوشی ئەوا دوو ئەوەندە (غرامە) یان پێ بژاردن دەکرێت ..؟! وە تۆ لەیەکی ئاسایی لێ دەسێنرێ ..؟! بەلام ئەگە بەروبووم کۆکرایەوە و لە گەنجینە یان لە سەر خەرمان دانرا ئەوا کەسێ لێ دزی بە هاکەی دە گەیشتە نرخی قەلغانێ ئەوە دەستی دەبردرێ ..؟! بەلام ئەگەر لەوە کەمتر بوو ئەوا دوو چەند ئەوەندە (غرامە) یان پێ بژاردن دەکرێ ..؟! وە تۆ لە ئاسایی لێ دەسێنرێ ..؟!

بەلێ بەلام زانایان راو بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر وەرگرتنی مال و پارە یان (غرامە) یان پێ بژاردنی کەسێ تاوانی یان سەرپێچی بەرتیل ئەنجامداوە ، هەندێك دەلێن : نادورستە ، هەندێکی تریش دەلێن : دروستە ، بەلام بەلگەی دروست ئەم فەرموودەیە ، کە دروست (غرامە) بکرێت ، چونکە تاوانێکی ئەنجامداوە کە لە دزی کردن قێزەونترە و ترسناکترە ، ئەوی تاوانی بەرتیلە ، بەلام وەرگرتنی پێ بژاردنەکەی دبێت چەند ئەوەندە بێت ، کە لە دزی کردنەکەی یان لە بەرتیل خۆریەکە یئەنجامیداوە یان بەرتیلی داوە بەکەسی بەرتیل خۆر ، بەلام زانایان جیاوازی زۆریان هەیە..؟!

ئەو زانایانەی کە دەلێن : دروستە بۆ تەمێ کردن یان دارکارێکرد ، پێ بژارند یان (غرامە) کردن بە پارە یان بە مالی بەنرخ و بە بەها ، لە ئەو کەس وەربگیرێت کە سەرپێچی بەرتیل یان ریشوە ئەنجامدەدات بە بکەرەکەی و بە کالێکراوە کەیەوە ، درەستە (غرامە) بکرێت بە چەند ئەوەندە.؟!

[٣٨]- سنن ابو داود برقم (٤٣٩٠).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمْ ۖ إِنَّهُم مَّسْـُٔولُونَ ﴿٢٤﴾﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

ناوی ئەو زانایانەی کە دەڵێن : دروستە (غرامە) بکرێت ئەمانەن : ((أبو يوسف) مذهب الحنفية ، (أمام مالك) ، (أمام الشافعي) وە لە هەندێك شوێنی تایبەتدا أمام (احمد) مذهب الحنبلي ، ئەویش پێ دروستە کە بری پارە یان مالی بەنرخ بە بەها وەر بگیرێت لە کەسی بەرتیل کەر ..؟!

بێ گومان ئەم دوو فەرموودەیان هێناوەتەوە وەك : بەلگەی دروستی (غەرامە) کردن یان پێ بژاردن بۆ وەرگرتنی بری پارە یان مال بە نرخ بە بەها.

١-لە (معاوية بن حيدة القشيري) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕیتەوە دەڵێت : بیستوومە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((في كلِّ سائمةِ إبلٍ في أربعينَ بنتُ لبونٍ ولا يفرَّقُ إبلٌ عن حسابِها من أعطاها مؤتَجِرًا فلَه أجرُها ومن منعَها فإنَّا آخِذوها وشطرَ مالِه عَزمةً من عزَماتِ ربِّنا عزَّ وجلَّ ليسَ لآلِ مُحمَّدٍ منها شيءٌ)) . [٣٩] واتە: هەموو ئەو ووشترانەی کە خۆیان لە دەشت و دەر بۆ خیان دەلەوەرێن لە چل سەر بەچکە ووشترێکی مێینەی تەمەت دوو سال زەکاتیان لێ دەکەوێت ، وە ئەگەر ووشترەکان هی دوو کەس بوون تێکەل بوون نابێ جیابکرێنەوە لە ترسی زەکات ، هەر کەس زەکاتەکەی بۆ پاداشت بدات ئەوە بە پاداشتی خۆی دەگات ، وە هەر کەسێ رێگری بکات و زەکاتی سامانەکەی نەدات ئەوە ئێمە زەکاتەکەی لێ دەسێنین لەگەل نیوەی مال و سامانەکەی ، چونکە زەکات فەرزیچکە (خوای گەورە) و پەروەردگارمان داینناوە حەپ و مافی خۆیەتی ، هیچی بۆ خانەوە دا (ئال و بیت) محمد حەلال نیە ..؟! هەروەك دەرهێنانی بە (شطر ماله) بەلگەی دورستی ئەوەیە کە دەبێت (غرامەی) لە بەرتیل کەر وەربگرێت بە مال و بە پارە ، بەمە کەسی بەرتیل کەر پی دارکاری دەبیچت یان دەمێ دەکرێت بەسزاکەی.

٢- لە(عبدالله بن عمرو) – خوا لێ رازی بێت – دە گێڕیتەوە دەڵێت : ((أنَّه سُئِل عن الثمَرِ المعلَّقِ، فقال: مَن أصاب بِفِيه من ذي حاجةٍ غيرَ مُتَّخِذٍ خُبْنَةً فلا شيءَ عليه، ومَن خرَجَ بشيءٍ منه فعليه غَرامةُ مِثْلَيْه والعقوبةُ، ومَن سرَقَ منه شيئًا بعدَ أنْ يُؤوِيَه الجَرينُ، فبلَغَ ثمنَ المِجَنِّ، فعليه القطعُ، ومَن سرَقَ دونَ ذلك، فعليه غَرامةُ مِثْلَيْه والعقوبةُ))[٤٠] واتە : دەربارەی بەری دارەوە پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەویش فەرمووی : کەسێ هەژار بێ و لە بەرە بخوات بە دارەوەیە نەچێنراوە بە مەرجێ گونیەی یان کوشی لێ پر نەکات ئەوە گوناهی ناگات و هیچی لە سەر نیە ..!! بەلام ئەگەر کەسێ ئەوەندەی لێ کردەوە یان رنی بیکاتە بە گونیەی یان کوشی ئەوا دوو ئەوەندە (غرامە) یان پێ بژاردن دەکرێت ..؟! وە تۆ لەیەکی ئاسایی لێ دەسێنرێ ..؟! بەلام ئەگە بەروبووم کۆکرایەوە و لە گەنجینە یان لە سەر خەرمان دانرا ئەوا کەسێ لێ دزی بە هاکەی دە گەیشتە نرخی قەلغانێ ئەوە دەستی دەبردرێ ..؟! بەلام ئەگەر لەوە کەمتر بوو ئەوا دوو چەند ئەوەندە (غرامە) یان پێ بژاردن دەکرێ ..؟! وە تۆ لە ئاسایی لێ دەسێنرێ ..؟! هەروەك دەرهێنانی بە (غرامة مثلية والعقوبة) بەلگەی دورستی ئەوەیە کە دەبێت (غرامەی) لە بەرتیل کەر وەربگرێت بە مال و بە پارە ، بەمە کەسی بەرتیل کەر پی دارکاری دەبیچت یان دەمێ دەکرێت بەسزاکەی

چوارەم : (العزل من الوظيفة) واتە: دەرکردن لە سەر کارەکەی یان فصل کردنی یان دەست بەرداربوون لە کارەکەی :

بەلێ بێ گومان سزای بەرتیل یان ریشوە خۆر ، ئەمە سزایەکی زۆر کەمە بەوەی کە دەست برداری کارەکەی بێت ، چونکە کەمترین سزایە بۆی بۆ ئەوەی لە کارەکەی دەربکرێت یان لە سەر کارەکەی نەمێنی و فصل بکرێت ، بێ گومان کەسی بەرتیل خۆ دەبێت کۆتایی بە بەرپرسیاریەتی یەکەی بێت دوو بکەوێتەوە لەو ئەرکەی کە بە ئەمانەت پێی درابوو ..؟! هەروەها کۆتایی بە و گرێبەستەی بێت کە لەنێوان ئەو حوکمەتدا رێکەوتنی لە

---

[٣٩]-سنن ابو داود برقم (١٥٧٥).
[٤٠]- سنن ابو داود برقم (٤٣٩٠).

سەر کراوە ..؟! هەروەك (عبدالعزيز عامر) دەلێت :(دەبێت ئەو کەسەی کە تاوانی بەرتیل دەکات دەبێت سزا بدریچت سزاکەشی بێ بەشکردنیەتی لە کارەکەی ، هەروەها بێ بەشکردنیەتی لە و موچە و راتبەی کەو وەری دەگرێت ، هەروەها دادوەری بریاریشی لەسەر بدات بە دوور کەتنەوی لە کارەکەی یان لە وظیفە کە ی) .[٤١]

هەلبەتە سزای تەمێکردن یان دارکاری کردن بۆ تاوانی بەرتیل یان ریشوە لە شەریعەتی ئیسلامدا بۆ دوور خستنەوە لە سەر کارەکەی یان وظیفە کە ی هاتووە ، بەلام جیاوازی هەیە لە نێوان زانایانی شەرع د ا ، بەلام پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم کارەی ئەنجامداوە ، چونکە هەر کارمەندێك یان فەرمانبەرێك یان کار بەدەستێك یان بەر پرسێك یان فەرمانرەوایەکە نابێت هیچ لە منکر یان ئەو سەرپێچیانە قەدەغەکراوانە ئەنجام بدات کە شەرع نهی و قەدەغەی کردووە ، بۆیە پێویستە لە کارەکانیان دوو بخرێنەوە یان بێ بەش بکرێن لە کارو موچەکەیان ..؟!

بەلێ پێغەمبەری خوا ﷺ (سعد کوری عبادە) لە فەرماندایەتی یان سەرکردایەتی دوور خستەوە یان لە کارەکەی دوورخستەوە ، لە فتح کردنی شاری مککە ، کە (ابن قیم) لە کتابی زاد المعاد باسی دەکات و دەگێرێتەوە دەلێت : (ئەوە بوو پێغەمبەری خوا ﷺ ئالای تایبەتی خۆی دابووە دەست سەرداری ئەنصارەکان (سعد کوری عبادە) کە لە بەردەمی (ئەبو سفیان) دا تێ پەری بە دەنگی بەرز قیراندی :ئەی (ئەبو سفیان) ئەمرۆ رۆژی کوشتاوە ..؟! ئەمرۆ رۆژی دەست وەشاندنە .. ئەمرۆ خوا قورەیشی زلیل و ریسوا کردووە ..؟! (ئە بو فسیان) ترسی لێ نیشت ..؟! ئەمەی بە پێچەوانەی رێك کەوتنە کە ئەزانیی.. کەواتە قورەیش لە سەرومالی بێ خەم نابێ ..!! بۆیە کە پێغەمبەری ﷺ تێپەری کرد (ئەبو سفیان) بە نارەزایی یەو بانگی لێ کرد ..؟! (سعد کوری عبادە) ئەوانەی لە گەلیان بوون کە لامانا تێپەریان کرد ووتیان : ((یا أبا سفیان !! الیوم یوم الملحمة ، الیوم تستحل الحرمة ، الیوم أذل الله قریشا) .واتە : من داوات لێ ئەکەم لە بەر خوا چاوت لە خزمە کانت بێت ، چونکە تۆ لە هەموو کەسێك چاك تر و ، بەرەحم تری ، لە هەموو کەسیش زیاتر مافی خزمایەتیی ئەزانیی ، لە کاتەدا کۆچ کەرەکان وەك (عبدالرحمن کوری عەوف) وە (عمری کوری خەتاب) و (عوسمانی کوری عەفان) لەوێ ئامادە بوون و ئەوانیش دەنگیان خستە پال دەنگی (ئەبو سفیان) ، وە نارەزایی یان لە ووتە کەی دەربریی ..؟! پێغەمبەری خوا ﷺ دلی هەموویانی دایەوە و فەرمووی : ((الیوم یوم المرحمة ، الیوم یعظم الله فیه الکعبة ، الیوم أعز الله فیه قریشا)) .واتە : ئەمرۆ رۆژی سۆز و بەزەیی یە ..!! ئەمرۆ خوا کە عبە بە گەورە و پیرۆز ئەگرێ ..!! ئەمرۆ خوا قورەیش سەر بەرز ئەکات ، هەتا بۆ زیاتر متمانە کردنیان فەرمانی دا (سعد) لە فەرماندایەتی لابەرێت و دوور بکەوێتەوە ، لەجێگای ئەو (قیس) ئالاکەی هەلگرێت ، ئالای لەدەست (سعدی کوری عبادە) ساندەوە چونکە هەلەیەکی گەورە ی ئەنجامدا ..؟! .[٤٢]

لە(ابو هریرە) – خوا لێ رازی بێت – دە گێرێتەوە دەلێت : ((استعملني عمبر بن الخطاب – رضي الله عنه - على البحرين فاجتمعت لي أثنا عشر ألفا عزلني وقدمت على عمر قال لي: يا عدو الله والمسلمين – أو قال وعدو كتابه – سرقت مال الله ..؟! قال : قلت : لست بعدو الله ولا للمسلمين – - أوقال لكتابه – ولكني عدو من عاداهما ولكن خيلا تناتجت وسهاما اجتمعت ، قال : فأخذ مني اثنا عر ألفا فلما صليت الغداة قلت: اللهم اغفر لعمر)). [٤٣] واتە : (ابو هریرە)- خوا لێ رازی بێت – دە گێرێتەوە دەلێت : (عمری کوری خەتاب) –

---

[٤١]-عبدالعزيز عامر في التعزير في الشريعة الاسلامية ص ٤٤٨.
[٤٢]-ابن قيم زاد المعاد (٣٥٦/٣).
[٤٣]- البلاذري في فتوح البلدان (١٠٠/١).

خوا لێ رازی بێت – کردمی کار بەدەستی بەحرین ،دوای ئەوە بووم بە کاربەست دوانزە هەزار دەرهەم یان دوانزە هەزار دینا ، پاشکەوت کرد ، جا دوای ئەوەی کە لە کاربەستی لایدام و گەرامە وە بۆ لای ، پێ ووتم : ئەی دووژمنی خوا و موسلمانان یان ئەی دووژمنی کتێبەکەی خوا ، مالی خوات دزیوە ..! (ابو هریرە) ئەلێت : نەدووژمنی خوام و نەدووژمنی موسلمانانم یان نە دووژمنی کتێبەکەی (خوای گەورە م) بەلکو دووژمنی ئەو کەسەم دووژمنایەتی خوا موسلمانان دەکات ، ئەوەی دەیبینی ئەوەیە کە ئەسپە کانم زاو زێیان کردووە و زۆر بوون !! وە مووچە و ئەوەی مافی خۆمە کۆمکردوتەوە ، (ابو هریرە) ئەلێت : (عمری کوری خەتاب) دوانزە هەزارەکەی لێ سەندمەوە ، منیش دوای ئەوەی نوێژی نێوەرم کرد ، لە (خوای گەورە) پارامەوە و دەم ووت : ئەی خوایە لە عمر کوری خەتاب خۆشبە ..؟! ئەم بەسەر هاتە مەبەست و مانای ئەوە نیە خوا نەخواستە ئێمە تانە لە هاوەلی بەرێز بدەین کە (ابو هریرە) یە – خوا لێ رازی بێت – بەلکو مەبەستمان لە حکم و دادوەری (عمری کوری خەتاب) بووە ،وە لادانی (ابو هریرە) لە سەر کارەکەی بە هۆی ئەوەی کە (عمر) ووتی : کە زۆری پارە کۆ کردبوویەوە ، ئەویش تەنها هی خۆی بووە کە مافی خۆی بوو لە ماوەی کار کردنی ، وەزۆر بوونی ئەسپەکانیش ئەوە بووە کە زاز زێیان زۆر کردبوو ، لە ماوەی کاربەدەستی دا تاکو گەرایەوە (عمری کوری خەتاب) یش مەبەستی وا بووە کە ببێتە ئامۆژگاری بۆ کاربەدەستانی موسلمانان کە چۆن لێپرسراویە تیەکیان گرتە دەست بزانن بە ئەمانەتەوە وەری بگرن ، وە موسلمانان ئەوەش بزانن لێپرسراویەتی لە ئیسلامدا تەکلیف و لێپرسینەوەیە یان وەستانە بۆ پرسیار لێکراوان لە رۆژی قیامەتدا ، نەك بەرپرسیاریە تەنها ئەوەی بێت بۆ تەشریف و تکریم و رێزلێنان و پاداشت بێت ، بەلکو هەموو ئەمانە تێك بەر پرسیاریەتێك تووشی لێ پرسینەوە دەبێت خاوەنەکە جا لە ژیانی دونیا بێت و یان لە رۆژی دوایی بێت ، هەلبەت ئەمانەت قورس گرانە ئەگەر تقوای یان خۆپاراستنی لە گەل دا نەبێت ، بۆیە هە بەرپرسیاریەتێك لە ژیانی دونیا دا ، ئەگەر بۆ خوا بێت دلسۆزی ئەخلاصی تەواوت هەبێ ، ئەوا بەدلنیایەوە (خوای گەورە) کارو بەر پرسیاریەتیەکەت لە سەر ئاسان دەکات هەموو شتەکەان فەراهەم دەبێت ، هەر چەندەش کاری رۆژانە قورەس گران بێت لە ئەمانەتەکەی کە پێت سپێدراوە ، بەلێ چونکە هەموو ئەمانەتێك دەبێت بزانی تووشی لێپرسینەوە دەبێت ئەگەر خیانەت ناپاکی و تاوانی بەرتیل ئەنجام بدەیت.؟!

(خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤] واتە: وە ئەوانە راوەستێنن بێگومان پرسیاریان لێدەکرێت..؟!

بەلێ لە بەر ئەوە دەبێت ئەو کەسەی کە کارێك یان دەبێتە کار بەدەستی شوێنك لە دامو دەزگاکانی دەولەت یان کاریچکی پێ دەسپێدرێت لە دامو دەزگاکانی دولەت دا ،دەبێت ئەوا باش بزانێت کە ئەو شوێنە بە کە ل پەل و ئۆتۆمبێل و پارە و بووچە و فرمانگە کە لە رووی بەر پرسیارەتی کاروبارەکانی هاولاتیان هەمووی ئەمانەت ، وە ئەم سەروەت و سامانەی کە دێتە ژێر دەستیەوە هەر هەمووی مالی گشتیە مولك مالی هەموو موسلمانانە دورست نیە بۆی بە ئارەزووی خۆی تەخشان و پەخشانی پێوە بکات ، زیادەرۆیی لە مصروف کردن بکات یان بۆ خۆی بەکاری بهێنێت ، لە بەرژەوندی خۆی خەرجی بکات ، ئیش کارەکانی خۆی پێ بکات ، دروست نیە حەرامە ، ئەگەر مافی خۆی نەبێت بەرانبەر ئەرکەی ، ئەگەر هاتوو زیاتر لە ئەکەی خۆی بەرانبەر بە بەرپرسیارەتەکەی ، ئەوا تەخشان و پەخشانی پێ کرد ، ئەوا بێ گومان حرامە و دورست نیە ، بەلکو

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

ئەمانە هەر هەمووی ئەمانەت و لە دەستی ئەو دایە ئەو لێ بەر پرسە ، چونکە دەبێت وەك چاوی خۆی بیان پارێزێت ، وە ئاگای لێ بێت لە بچووکترین شتی کە خەرجی دەکات بۆ فەرمانگەکەی ، چونکە زیادەڕەویی بکات ئەگەر بۆ دەولەتیش بێت ئەوا دورست نیە وحەرامەوتاوانبارە..؟!

لە (شێخ ئیسلام ابن تیمیە) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : ((وليس لولاة الأموال أن يقسموها بحسب أهوائهم ، كما يقسم المالك ملكه فإنما هم أمناء ونواب ووكلاء ، وليسوا ملاكا)) واتە : ((بۆ والی و کاربەدەستی موسلمانان نییە بە هەوەس ئارەزووی خۆیان مال و سامان ببەخشنەوە ،هەروەك چۆن خاوەن مولکێك مال وسکانی خۆ دەبەخشێتەوە ، بەلکو دەبێت بزانن ئەوان ئەمیندار وەکیلی وبریکاری موسلماننانن نەك مالیك وە خاوەن مولك)).[٤٤] بەلێ لە کۆتایی دا دەگەینە ئە ئەنجامەی کە هەرکاتێك والی یان ولی أمر یان لێپرسرواى موسلمانان بۆی دەرکەوت کە یەکێك لە کارمەند و فەرمانبەرەکانی بەرتیل وەریشوە یان دیاریەکی وەرگرتووە کە ئەو حەق ومافەی نییە وەری بگرێت ، ئوا لە روانگەی جێ بە جێ کردنی شەرعیەوە کاتێك زانی بە چی رێگایەك کە چارەسەر و بنەرە بدات ، جا ئەگەر بە زیندانی کردن بێت ، یان بە دەستبەر راگتنی برێك لە مال و سامانی بێت ، یان غەرامە کردن ،وە یان دوور خستەوە بێ لە کارەکەی یان حبس یان زیندانی بکرێت ، وەیان لێبدرێت ، ئەمەش لە پێناوی پاك راگرتنی دام و دەزگاکانی حکومەت لە گەندەلی و دیاردە نامۆکان ، چونکە ئەم جۆرە کارانە ئەگەر سزای سەخت وەرەتەکانی حوکمەت دەگرێتەوە ئەو کاتە بینەبرکردن ونەهێشتنی کاریچکی سەخەت و ئەستە دەبێت ، بۆیە هەرکارتێك لێپرسرواى موسلمانان هەستی بەوەها دەیاردەیەکی نامۆ و خراپ و کرد دەبێت ، دەستبەجێ ئیجراتی پێویستی خۆی بکات بۆ ئەوەی ئەو دریادە نامۆیە تەشنە نەکات بەربلاونەبێتەوە ، بە ناو تەواوی دامو دەزگاکاندا بلاو نەبێتەوە ..؟!

هدیە و دیاری بەخشین

پێناسەی (الهدیه) یان دیاری بەخشین : واتە : بەخشینی شتێك بەبێ بەرانبەر یان بە بێ قەربوونەوە لەکەسی بەرانبەر دا ، ئەوش بۆ نزیك بوونەوە و إکرام یان شەرەفە ..؟!

٤٤- ابن تیمیة في (السياسة الشرعية في اصلاح الراعي والراعية ص ٩٥.

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

دەووترێت : هدایە یان دیاری : شتێکە پێشکەش بە کەسێك دەکرێت ، لە بەر رێزو شەرەف و خۆشەویستی بۆکەسە کە ، یان بە بۆننەی بۆنەیەکی خۆش یان بەبۆنەی رۆژێکی خۆش دەردرێت یان پێشکەش دەکرێت بە کەسە کە ..؟!

دەووترێت: پێشکەش کردنی سەروەت و سامانێکە وەکو مولك یان خاوەنداریەتی بە کەسێك بە بێ بەرانبەر یان بە بێ قەرەبوو کردنەوە ..؟!

دووتریچت : هدیە یان دیاری : دەربرینی هەست و سۆز و گرینگی پێدان و خۆشەویستی پێشکەش دەکرێت بۆ بەرجسەتەکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەلگادا ..؟!

بە لێ هدیە یان دیاری سوونەتی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ دەرکەوتنی خۆشەویستی ، وە ئەرکی مرۆڤە ،بۆ نزیك بوونە لە دوور کەوتنەوە ، وە بۆ پەیوەندی بە ستن نەك دابران یان پچراندن ، وە رێگا خۆشکەر بۆ بانگ گردنی نەفسەکان ، وە کردنەوەی هەموو دەگا دخراوە کانی دلەکان ، هەر وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ لەم فەرموودەی کە لە (ابو هریرە) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((تهادَوا تحابُّوا)) .[٤٥] واتە: دیاری پێشکەش بە یەکتری بکەن بۆ ئەوەی یەکتریتان خۆش بوێت ..؟! بەلێ پێغەمبەری خوا ﷺدیاری وەرگرتووە کەم وزۆر.

وزۆر.

لە (أنس بن مالك) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((لَوْ أُهْدِيَ إِلَيَّ كِرَاعٌ لَقَبِلْتُ . ولَوْ دعِيتُ علَيْهِ لأجبْتُ)) .[٤٦] واتە : ئەگەر پێچك یان قاچی ئاژەلێکم کە هیچ گۆشتی پێوە نیە بۆم بێنن بە دیاری قبولی دەکەم ، وە ئەگەر دەعوتیش بکرێم بۆی دەرۆم ..؟!

لە(ابو هریرە) –خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەلێت : ((كان رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ يقبَلُ الهَدِيَّةَ، ولا يأكُلُ الصدقةَ)).[٤٧]

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ دیاری وەردەگرت ، وە خێرو زەکات وصەدەقەی نە دە خوارد ..؟!

لە(عائیشە دایکی ئیمانداران) – خوا لێ رازی بێت -دەلێت : ((كانَ رَسولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ يَقْبَلُ الهَدِيَّةَ ويُثِيبُ عَلَيْهَا)).[٤٨]

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ دیاری وەردەگرت یان قبول دەکرد ،وە پاداشتی لە سەر دەداوە..؟!

جیاوازی نێوان بەرتیل و هدیە :

١-هدیە بە داواکاری کردن وەر ناگیرێت ، بەلام بەرتیل بە داواکاری کردن وەردەگیرێت .

---

[٤٥]-اخرجه البخاري في (الأدب المفرد) برقم (٥٩٤).
[٤٦]- سنن الترمذي برقم (١٣٣٨).
[٤٧]-سنن ابو داود برقم (٤٥١٢).
[٤٨]-صحيح البخاري برقم (٢٥٨٥).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمْ ۖ إِنَّهُم مَّسْـُٔولُونَ ﴿٢٤﴾﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

٢-هدیە فەرمان کراوە لە شەریعەت وە حیکمەت دانایی یە ، وە بە ویستی خۆیەتی ، وە ئەوەش دەستکەوتێکی چاك باشە واتە : حلال باشە ، بەلام بەرتیل یان ریشوە قەدەغەکراوە لە شەریعەت حیکمەت و دانایی یە ، وە ئاگادار کردنەوەیە لە دەستکەوتێکی پیس و حەرام و بۆ گەن ..؟!

٣-هدیە هیچ مەرج وشەرت بۆ ئەم کارە وەرناگیرێت ، بەلام بەرتیل مەرج و شەرتی تێدا وەردەگیرێت ئەویش بە بەرانبەرە و شەرعی نیە لە پێدانی یان وەرگرتنی ، چونکە لە شەریعەت قەدەغەکراوە نهی لێ کراوە ..؟!

٤-هدیە : بەخشینە بە دیاری دەدرێت ، وەکوکردەوەیەکی میهرەبانی دەدرێت ، بە خزم و کەسە نزیکەکان یان دراوسێ و هاورێکان ،چاکەیەك بۆ پیشکەش کردن و رێز و شەرف ، هەلبەتە دیاری نادرێت بە کەسێکی فەرمانبەر یان خاوان وظیفە بێت لە دولەت دا ، بەلام بەرتیل یان ریشوە بە کاردێت بۆ نزیك بوونەوە ، لە کارو کردەوەی ناحەق یان نارەوا بۆ بانگەشی باتل و درۆکردن ..؟!

چ کاتێك بۆ کارمەند و فەرمانبەری حکومەت دروستە هدیە یان دیاري وەربگرێت ..؟

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمْ ۖ إِنَّهُم مَّسْـُٔولُونَ ﴿٢٤﴾﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

لە (ابو حميد الساعدى) – خوا لێ رازى بێت – دەلێت : پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرموويەتى : ((هدايَا العُمَّالِ غُلُولٌ)) [٤٩] واتە: هديە يان دیاری بۆ لێپرسراو كاربە دەستان و كارمەندان فەرمانبەراندا ، ناپاكى و خيانەت و دزى كردنە ..؟!

بەلێ ئەم فەرموودەيە حكمێكى گشتگيرە بە شێوەيەكى گشتى باسى هديە يان دیاری وەرگرتنى كارمەند و فەرمانبەر و لێپرسراو كاربەدەستانى كردووە ..؟! بەلام زانايان لە بارەى هديە يان دیاری پێشكەش كردن و ، وەرگرتنى راو بۆ چوون و قسەى جياوازيان لەسەر هەيە ، بۆيە هديە و دیاری وەرگرتن لە لايەن كاربەدەستان و فەرمانبەران كارمەندانى حكومەت ، هەر هەموو بە تێكرا حەرامە و قەدەغەيە رێگە پێدراو نيە ، بۆيە هەر كاتێك مەبەست پێدانى هديە يان دیاری بە كاربەدەستان و فەرمانبەر كارمەندانى حكومى يان دەولەت بێت ، ئەوا بە ئامانجى نارەوا باتل و نامەشروعە؟! چونكە حەرامە دورست نيە ، يان لە بەرانبەر كارێك بدرێت بە فەرمانبەر ، بەلام لە راستى دا ئەنجامدانى ئەو كارە واجبە شەرعيە لەسەر فەرمانبەرەكەى ئەنجامى بدا ، چونكە لە بەرانبەر ئەم ئەركەى خۆى مووچەى پێدەدرێت لە حكومەت ، مووچەكەش مالى گشتيە لە بەرانبەر كارەكەى ، بەلێ چونكە واجبى ئەو فەرمانبەرەيە كە ئەم كارە خۆ راپەرێنى بێ بەرانبەر و هدەيە و دیاری ، بەلام وەرگرتنى هديە يان دیاری لە لايەن كارمەندان يان كاربەدەستان و فەرمانبەرانى حكومەت حەرامە دروست نيە ، ئەگەر ئەو كەسەى هديە يان دیاری دەهێنێت بە رەزامەندى خۆشى بێت ، بۆ نموونە هەندێك جار فەرمانبەر يان كارمەندى حكومەت تەمبەلى خاوەخاوى و پەرتە وپۆلە و نازو مكرى دەكات ، بۆ ئەوەى هاولاتيان هديە و دیاری و خەلاتى پێشكەش بكەن ، چونكە ئەو كارمەندە مەبەستى وەرگرتنى دیاريە بۆيە خاوە خاو دەكات و تەمبەلى دەكات لە راپەراندنى كارو بارى هاولاتياندا ، لە كاتێك دا هاولاتيانيش زۆر پێويستان بەوە هەيە كە كارەكەيان زۆر راپەرێت و خێرا لەم فەرمانگەيە رزگاريان بێت ، بەلام ئەم كارمەندەى حكومەت بە پێ دیاری و شرين و دەم چەور كردن ئەم كارە بە باشى بۆ هاولاتيان ناكات ، بۆ هاولاتيان ناجار دەبن دیاری و خەلات پێشكەش بكەن بە كارمەندانى حكومەت دا ، تا لەم كاتە دروست بۆ هاولاتيان هديە يان دیاری بدەن بە كارمەندان ، چونكە لە بەر ناچاری دەفعى بەلايە دیاريەك بدات بەو فەرمانبەر يان ئەو كارمەندە ..؟! بۆ ئەوەى خێرا كارەكەى بۆ راپەرێنى ،ئالەم كاتەدا هديە وەرگرتن حرامە و دروست نيە بۆ كارمەندان يان كاربە دەستان ،چونكە لەم كاتەدا دەچێتە نێو بازانەى ريشوە يان بەرتيل وەرگرتن ، بەلام بۆ هاولاتيان لەبەر ناچاری دروستە..؟! بۆيە بە هەموو شێوەيەك بۆ كاربەدەستان و فەرمانبەران و كارمەندان دورستە نيە هديە يان دیاری وەربگرن حەرامە ..؟!

لە (أبو حميد الساعدى) – خوا لێ رازى بێت – دەگێڕێتەوە دەلێت : ((أنَّ النَّبيَّ صلَّى اللَّهُ عليهِ وسلَّمَ استَعمَلَ رجلًا مِنَ الأَزدِ يقالُ لَهُ ابنُ اللُّتبيَّةِ علَى الصَّدقةِ فجاءَ فقالَ هذا لَكُم وَهَذا أُهْدِيَ لي فقامَ النَّبيُّ صلَّى اللَّهُ عليهِ وسلَّمَ علَى المنبرِ فحمِدَ اللَّهَ وأثنى عليهِ

[٤٩]-اخرجه احمد برقم (٢٣٦٠١) ، والبزار برقم (٣٧٢٣).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡ ۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

وقالَ ما بالُ العامِلِ نبعثُهُ فيجيءُ فيقولُ هذا لَكُم وَهَذا أُهْديَ لي ألا جَلسَ في بيتِ أمِّهِ أو أبيهِ فينظرَ أيُهْدى لَهُ أم لا لا يأتي أحدٌ منكم بِشيءٍ من ذلِكَ إلَّا جاءَ بِهِ يومَ القيامةِ إن كانَ بعيرًا فلَهُ رغاءٌ أو بقرةً فلَها خوارٌ أو شاةً تَيعَر ثمَّ رفعَ يديهِ حتَّى رأينا عَفرةَ إبطَيهِ ثمَّ قالَ اللَّهمَّ هل بلَّغتُ اللَّهمَّ هل بلَّغتُ)) . [٥٠] واتە : لە (ابو حميد الساعدى) – خوا لێ رازی بێت - هاتووە ، پێغەمبەری خوا ﷺ پیاوێکی ئەزدی کرد بە سەر کاری سەر زەکات ناوی (ابن للتبيه) بوو- (ئیبون سەرح) ووتی : (ابن الاتبيه) – کاتێ کە هاتەوە ووتی : ئەمە هی ئێوەیەو ، ئەمەش هی منە بە دیاری بۆم هاتووە ..؟! پێغەمبەری خوا ﷺ سەرکەوتە سەر مینبەر راوەستاو سوپاس و ستایشی (خوای گەورە) کردوو فەرمووی : (ئەمە چی پێ دەلێن : هەندێ سەر کار کە دەی نێرم بۆ شوێنی دێتەوە دەلێ : ئەمە هی ئێوەیە و ، ئەمەش هی منە بە دیاری بۆم هاتووە ، جا ئگەر وایە بۆ چی لە مالی دایکی یان لە مالی باوکی دانانیشێت بزانێ دیاری بۆ دێت یان نا ؟! هەر کەسی شتێ لە مالی زەکات بۆ خۆی ببات ئەوە لە رۆژی قیامەتدا ئەو شتە دەهێنی ، جا ئەگەر ووشتری دزی بێ ئەوا ووشترەکە دەبۆرێنی ، ئەگەر رەشە ولاخی دزی بێ ئەوا رەشە ولاخەکە دەقۆرێنی ، ئەگەر مەر یان بزنی دزی بێ مەرەکە یان بزنەکە دەبارێنی ..؟! لە پاشاندا هەردوو دەستی بەرز کردەوە هەتا سپیایی هەردوو بالی دەرکەوت ، ئینجا فەرمووی : (خوای تۆ شایەت بە ئەوا من پێم راگەیاندن ، خوایە تۆ شایەت بە ئەوا من پێم راگەیاندن ..؟! بەلێ ئەم فەرموودەیە بەلگەی لە سەر ئەوەی کە بە هیچ شێوەیەك دروست نیە ، دیاری وەربگیرێت لە شوێنی کارکردنی کامەندن یان فەرمانبەری حکومەتدا چونکە بە دلنیایەوە حەرامە ، دەچیتە بازنەی بەرتیل و ریشوە وەرگرتنەوە ، هەروەکو ئەم فەرموودیە خوارەوە ..؟!!

لە (عبدالله بن عمر) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((لعنَ رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليْهِ وسلَّمَ الرَّاشِيَ والْمُرْتَشِيَ)). [٥١] واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرەتی یان لە عنەتی لەو کەسە کردووە کە بەرتیل دەدات وە لەو کەسەش کە بەرتیل وەر دەگرێت ..؟!

هۆکارەکانی پەیدابوونی بەرتیل یان (الرشوە) :

١-لاوازبوونی ئیمان و ، وە نەبوونی ئەخلاق رەوشت بەرزی .

---

[٥٠]-سنن ابي داود برقم (٢٩٤٦).
[٥١]-سنن الترمذي برقم (١٣٣٧).

٢-نەبوونی (توکل) یان پشت بستن بە (خوای گەورە) ، وە هەروەها نەبوونی مەتمانە و رازی نەبوون بەو رزق رۆزیە کە (خوای گەورە) بۆی بریتەوە.

٣-حسوودی ئیرەیی هۆکارێکە بۆ تاوانی بەرتیل و ریشوە ، چونکە هەندێك فەرمانبەر یان کارمەند ئاستی بژێوی ژیانی نزمە ، بۆیە حسودی دەبات بەو فەرمانبەرانەی کە ئاستی ژیانیان بەرزە ، قناعەت و متمانەی بەو بەشەی خۆی نیە ، کە بۆی براوەتەوە بۆیە پەنا بۆ تاوانی بەرتیل دەبات .

٤-تەماح و چاوچنۆکی ، بە ئامانجی ئەوەی کە بەخێرایی دولەمەند بێت .

٥-لاوازی فەرمانرەوایی لە ناو حکومەتەکاندا ، وە نەبوونی دەزگایەکی تۆکمەی چاودێری لە ناو دامودەزگاکانی حکومەتدا .

٦-نەبوونی شەفافیەت و لێپرسینەوە لە ناو دامودەزگاکاندا، هەروەها رێگری کردن لە ئازادی را دەربر بەشێوەیەکی سنووردار ، چونکە لە بەرانبەردا بەرتیل دەر و بەرتیل خۆر بە یەکسانی ئاشکرا دەکات .

٧-لاوازی کارگێری لە بەرێوەبردن ، ئەمەش بەلاوازی ئەو کەسە دەست نیشان دەکرێت کە پۆستی بەرپرس یان بەرێوە بەری هەیە لە هەر فەرناگە و دامودەزگایەکی دەولەتدا ، چونکە لاوازە لە گار گێری بەرێوە بردن ، کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو لە بەرێوەبردن دا ، ئەو کەسە خۆی پێ کۆنترۆل ناکرێت جا چای دەورو بەرەکەی خۆی کۆنترۆل بکات ، بەلێ ئەگەر ئیدارە یان کارگێری و بەرێوە بەر گەندەل بوو ،ئەوا هەموو کەسێك لە دەوربەرەکەی گەندەل و فساد دەبێت .

٨-لاوازی ووشیاری شەرعی و ئاینی یان لاوازی ووشیاری حەرامەیەتی بەرتیل ، لە نێوان تاکە کانی نێو کۆمەلگادا ،بەرانبەر بە بابەتی بەرتیل یان ریشوە یان هدیە و دیاری ، چونکە بێ ئاگای لە نەبوونی زانستی شەرعی دەربارەی حەرامەیەتی بەرتیل هۆکارێك بۆ تاوانی بەرتیل خۆری .

٩-نزمی ئاستی پەروەردەیی لە نێو تاکەکانی کۆمەلگادا ، بەرانبەر بە بەرتیل و بەرتیل خۆری ، بۆ ئەوەی بەرنگاری دیاردەی بەرتیل ببنەوە .

١٠-کەلتورو نەریتی پەیوەندیە جیاوازەکان ئەمەش هۆکارە بۆتاوانی بەرتیل ، وەکو پەیوەندی خزمایەتی و پەیوەندی خێلایەتی هۆزو عەشیرەت گەری لە ناو تاکە کانی کۆمەلگادا ، چونکە لەم رێگەیەوە تاوانی بەرتیل سەرلدەدات ، تاوانی بن برکردنی لاواز دەبێت ، گەندەلی بلاو دەبێتەوە .

١١- بارو دۆخی وەلات بەم قیرانە ئابووری سیاسیانەی کە تێدا تێدەپەرێت ، چونکە ئەمەش هۆکارێکە بە پەیدابوونی دیاردەی بەرتیل .

شوێنوار و کاریگەری و زیانە کانی (الرشوە) یان بەرتیل لە سەر تاك و کۆمەلگادا :

یەکەم : کاریگەری بەرتیل لە سەر بەندایەتی کردن یان لە سەر خوا پەرستی کردن:

١-كاریگەر بەرتیل لە سەر (حەج) كردن :

بەلێ بێگومان حەج كردن روكنە كە لە پێنج روكنەكەی ئیسلام ، وە پابەند بوون فەرزێكی جێگیرە لە قورئان دا هاتووە ، هەروەك (خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلۡبَيۡتِ مَنِ ٱسۡتَطَاعَ إِلَيۡهِ سَبِيلٗاۚ﴾ [آل عِمۡرَان : ٩٧] واتە : حەق خوای گەورەیە بەسەر بەندەكانی كە لە تەمندا جارێك حەجی ماڵی خوای گەورە بكەن هەر كەسێ توانای هەبێ توانای لاشەو جەستە و پارە، وە رێگا ئەمن و ئاسایش بێ..؟! بەلێ ووشەی ﴿مَنِ ٱسۡتَطَاعَ﴾ واتە : هەر كەسێك لە توانایی دابوو دەبێت ئەم واجبە بەجێ بهێنیت ، بەلام دەبێت مەرجی هەبێت بۆ بەجێ هێنانی ، دەبێت رێگاكەی ئامن ئاسایشی تەواوی هەبێت ، دەبێت لە مال و نەفسی خۆیان ئامن بێت لەرووی خەرج كردنی بۆ سەری حەج هەروەها تەندورستی تەواوی هەبێت ، بێ گومان بە مالی بەرتیل حەج و سەفەرەكەی بۆ مالی (خوای گەورە) دروست نابێت مالێك بە حەرام بەدەستی هێنابێ ، چونكە ئەو مالەی كە بە بەرتیل دەستی كەوتووە حەرامە بە زوڵم ستەم پەیدای كردووە ، هەلبەت بەدەست هێنانی مال و پارەی (الرشوه) یان بەرتیل ، مولكی ئەو نیە مالی خەلكە بە ناڕەوا دەستی كەوتووە ، بەلكو دەبێت ئەو مالەی كە بە بەرتیل دەستی كەوتووە بی گەڕێندرێتەوە بۆ خاوەن ئەصلیە كەی خۆی ، جا دواتر تەوبەی نصوحی لە سەر بكات ، ئینجا فەریزەی حەج ئەنجامدا بۆ لێ خۆش بوون لە مالی (خوای گەورە).

بەلگەی قورئان لەسەر دروست نە بوونی حەج بە مالی (الرشوه) یان بەرتیل :

(خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيۡرَ ٱلزَّادِ ٱلتَّقۡوَىٰۚ﴾ [البَقَرَةِ : ١٩٧] واتە : خەڵكی یەمەن حەجیان دەكردو خواردنیان لەگەڵ خۆیان ناهێناو ئەیانووت: ئێمە تەوەكول ئەكەینە سەر خوا، كە دەگەیشتنە مەككە داوایان لە خەڵكی دەكرد خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاندو فەرمووی: زادیش لەگەڵ خۆتاندا بەرن بەڵام باشترین زادیش تەقوای خوای گەورەیە بۆ قیامەت، وە زادی دونیاش خواردنەكەیە كە یارمەتیدەرتە لەسەر تەقوا..؟!

(خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ﴾ [المَائِدَة : ٢٧] واتە : (هابیل)یش بە براكەی وت: خوای گەورە خێر لە كەسانێك قبووڵ دەكات كە تەقوای خوای گەورە بكەن وە ماڵی باش ببەخشن..؟!



(خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَـٰتِ مَا كَسَبۡتُمۡ وَمِمَّآ أَخۡرَجۡنَا لَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِۖ وَلَا تَيَمَّمُواْ ٱلۡخَبِيثَ مِنۡهُ تُنفِقُونَ﴾ [البَقَرَةِ : ٢٦٧] واتە : [يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَنْفِقُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا كَسَبْتُمْ] ئەی باوەڕداران لە پاكترین و حەلاڵترین شت ببەخشن كە هەتانە [وَمِمَّا أَخْرَجْنَا لَكُمْ مِنَ الْأَرْضِ] وە ببەخشن لەوەی كە لەزەویەوە بۆتانمان دەركردووە لە بەروبووم و دانەوێلە،

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

وە لە کانزاکان و لەو خشڵ و زێڕو زیوانەی کە ئەیدۆزنەوە لەناو زەویدا [وَلَا تَيَمَّمُوا الْخَبِيثَ مِنْهُ تُنْفِقُونَ] بەڵام مەبەستان ئەوەنەبێ کە کام ماڵەی خراپە ئەوە ببەخشن خوای گەورە ئەوە قبوڵ ناکات.؟!

بەلگەی فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ :

لە (ابو هريرە) – خوا لێ رازی بێت - دەگێڕیتەوە لە پێغەمبەری ﷺ فەرموویەتی : ((أَيُّها النَّاسُ، إنَّ اللَّهَ طَيِّبٌ لا يَقْبَلُ إلَّا طَيِّبًا، وإنَّ اللَّهَ أمَرَ المُؤْمِنِينَ بما أمَرَ به المُرْسَلِينَ، فقالَ: {يَا أَيُّهَا الرُّسُلُ كُلُوا مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَاعْمَلُوا صَالِحًا إِنِّي بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ} [المؤمنون: ٥١]، وقالَ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ} [البقرة: ١٧٢]، ثُمَّ ذَكَرَ الرَّجُلَ يُطِيلُ السَّفَرَ أشْعَثَ أغْبَرَ، يَمُدُّ يَدَيْهِ إلى السَّماءِ، يا رَبِّ، يا رَبِّ، ومَطْعَمُهُ حَرامٌ، ومَشْرَبُهُ حَرامٌ، ومَلْبَسُهُ حَرامٌ، وغُذِيَ بالحَرامِ، فأنَّى يُسْتَجابُ لذلكَ؟!)) .[٥٢] واتە: ئەی خەلکینە بەراستی پەروەردگاری پایە بلند چاك و پاك وبێگەردە ، شتی چاك و پاك و بێگەر نەبێت لای ئەو پەسەند نییە ، ئەو زاتە هەمان ئەو فەرمانەی کەداویەتی بە پێغەمبەران ، هەمان ئەو فەرمانە شی داوە بە ئیماندا ران ، ئەی پێغەمبەران ، لە رزق و رۆزیە چاکە کان بخۆن ، کارو کردەوەی چاکیش ئەنجام بدە ، بەراستی من زانام بەو کارو کردەوانەی کە دەیکەن ، هەروەها فەرموویەتی : ئەی ئەو کەسانەی کە باوەرتان هێناوە لەو رزق رۆزیە چاکانە بخۆن کەپێمان بە خشیوە . ئینجا باسی ئەو پیاوەی کرد کە سەفری تولانی دەکات ،قژ بژو تۆزاوی ،دەستەکانی بەرزدەکاتەوە بۆ ئاسمان ،و دەلێت : پەروەردگارا ، پەروەردگارا ، لە کاتێکدا خۆراکی حەرامە ، خواردنەوەی حەرامە ، پۆشاکی حەرامە ، بە حەرام گەورە بووە ، ئیتر چۆن نزای گیرایە ..؟!

٢-گاریگەری و شوێنەواری بەرتیل یان (الرشوە) لە سەر مال و سامانی زەکات دەرکردن :

بەلێ بێ گومان مال و سامانی بەرتیل یان (الرشوە) نابێتە مولك و مالی بەرتیل خۆر یان (الرشوە) وەرگر ، چونکە ئەم مالەی کە بە دەستی هێناوە بە نا شەرعی بەدەستی هێناوە حەرامە ..؟! چونکە بە رێگایەکی حەرام ئەم مالەی کۆ کردێتەوە ئەویش بە شێوەی بەرتیل خۆری ، یان لە شوێنیکی دا بە بەرتیل وەری گرتووە ، هەلبتە نابێتە مولك ئەو کەسە بەلکو دەبێت تەوبەی لە سەر بکات ماله کەی کە دەستی کەوتوو بە حەرامی بگەڕێندرێتەوە بۆ خاوەنەکەی ، هیچ مالیکی حەرامی تێکە لاوی ئەم ماله نەکردبێت ، کە بۆ زەکات دان ئامادەی کردووە ، چونکە مالی خەلك

[٥٢]-صحيح مسلم برقم (١٠١٥).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

نابێتە بە بێ مۆلەتی خاوەنەکەی خەرجی بکەی یان زەکاتی لێ دەربکەیت ، یان هەر جۆرێك لە تصرفات پێ بکەن چونکە تۆ خاوەنی ئەم ماله نی بەلکو بە شێوەیەکی حەرام پەیدادت کردووە ، هیچ پەرستنێکی پێ ناکرێت ، کە بە مال پەرستنی بۆ بکەی ، وە کو حەج کردن یان زەکات دەرکردن یان قوربانی پێ کردن یان خێرو صەدەقە پێ کردن ، ئەمانەی پێ ناکریچت چونکە خاوەنی راستە قینەی ئەم ماله نیە ، چونکە بە شێوەی حەرام و بەرتیل وەر گرتن پەیدایی کردووە ..؟! بەلێ بە کۆدەنگی زانایان پەیداکردنی مال بە شێوەی بەر تیل یان (الرشوه) حرامە بۆ زەکات دەرکردن ، چونکە خاوەنی راستەقینە بەرتیل خۆر نیە ، ئەمەش بە بەلگەی قورئان و سوونەت حەرامە مالێك بە بەرتیل پەیدای کردبێت زەکاتی لێ دەرکەی.

١-بەلگەی قورئانی پیرۆز :

(خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿خُذۡ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡ صَدَقَةٗ تُطَهِّرُهُمۡ وَتُزَكِّيهِم بِهَا﴾ [التَّوۡبَة : ١٠٣]واتە : ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - لە ماڵەکانیان صەدەقەو خێرێك وەربگرە یان زەکاتی فەرز وەربگرە کە بەهۆیەوە پاکیان ئەکەیتەوە لەو تاوان و شتانەی کە پێیانەوە یە..؟!

(خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿وَٱلَّذِينَ فِيٓ أَمۡوَٰلِهِمۡ حَقّٞ مَّعۡلُومٞ ٢٤ لِّلسَّآئِلِ وَٱلۡمَحۡرُومِ ٢٥﴾ [المَعَارِج : ٢٤ - ٢٥] واتە : وە ئەو کەسانەی کە لە ماڵەکانیاندا حەقێکی ئاشکرای تێدایە کە زەکاتە فەرزەکەیە..؟! بۆ ئەو کەسانەی کە داوا ئەکەن، وە (مەحروم)یش ئەوەیە کە تووشی بەڵایەك بووەو هیچی نەماوە، یاخود ئەوانەی کە فەقیرو هەژارن و کەس نایانناسێت و خۆیان داوا ناکەن..؟!

(خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا كَسَبۡتُمۡ وَمِمَّآ أَخۡرَجۡنَا لَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِۖ وَلَا تَيَمَّمُواْ ٱلۡخَبِيثَ مِنۡهُ تُنفِقُونَ وَلَسۡتُم بِـَٔاخِذِيهِ إِلَّآ أَن تُغۡمِضُواْ فِيهِۚ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ ٢٦٧﴾ [البَقَرَة : ٢٦٧]واتە : [يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَنْفِقُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا كَسَبْتُمْ] ئەی باوەڕداران لە پاکترین و حەڵاڵترین شت ببەخشن کە هەتانە [وَمِمَّا أَخْرَجْنَا لَكُمْ مِنَ الْأَرْضِ] وە ببەخشن لەوەی کە لەزەویەوە بۆتانمان دەرکردووە لە بەروبووم و دانەوێلە، وە لە کانزاکان و لەو خشڵ و زێڕو زیوانەی کە ئەیدۆزنەوە لەناو زەویدا [وَلَا تَيَمَّمُوا الْخَبِيثَ مِنْهُ تُنْفِقُونَ] بەڵام مەبەستان ئەوەنەبێ کە کام ماڵەی خراپە ئەوە ببەخشن خوای گەورە ئەوە قبوڵ ناکات [وَلَسْتُمْ بِآخِذِيهِ إِلَّا أَنْ تُغْمِضُوا فِيهِ] لە کاتێکدا کە خۆتان ئەگەر ئەو شتە خراپەتان پێ بدرێ وەری ناگرن، وە ئەگەر لە بازاڕ بفرۆشرێ نایکڕن، مەگەر چاوتان بنوقێنن یان لە شەرما وەری بگرن، ئەنصاریەکان لە کاتی رنینی خورما لە نێوان دوو کۆڵەکەی مزگەوت خورمایان بە حەبلێك هەڵدەواسی و هەژارو موهاجرین دەیانخوارد جا پیاوی وا هەبوو خورمای خراپ و وشکی دەهێنا خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند، لە پاش ئەوە باشترین جۆریان دەهێنا [وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ] وە بزانن کە خوای گەورە زۆر دەوڵەمەندەو زۆر بێپێویستە وە زۆر حەمدو سەناو ستایش و سوپاسکراوە..؟!

٢-بەلگەی فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ :

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

لە(ابو هريره) – خوا لێ رازی بێت – دە گێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((مَن جمَع مالًا حرامًا ثمَّ تصدَّق به لم يكُنْ له فيه أجرٌ وكان إصرُه عليه)) . [٥٣] واتە : هەر کەسێك مالی حەرام کۆبکاتەوە ، پاشان بیکات بە خێرو صدەقە ئەوا هیچ ئەجرو پاداشتێکی دەست ناکەوێت ، وە دواتر پێدا گری لە سەر ئەمە کرد ..؟!

لە(ابو هريره) – خوا لێ رازی بێت – دە گێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((ما تَصَدَّقَ أحَدٌ بصَدَقَةٍ مِن طَيِّبٍ، ولا يَقْبَلُ اللَّهُ إلَّا الطَّيِّبَ، إلَّا أخَذَها الرَّحْمَنُ بيَمِينِهِ وإنْ كانَتْ تَمْرَةً فَتَرْبُو في كَفِّ الرَّحْمَنِ حتَّى تَكُونَ أعْظَمَ مِنَ الجَبَلِ كما يُرَبِّي أحَدُكُمْ فَلُوَّهُ، أوْ فَصِيلَهُ)) . [٥٤] واتە: هەر کەسێ لە رزق رۆزی حەلال رزق رۆزی ببەخشێ ، وە (خوای گەروە) جگە لە رزق رۆزی حەلال هیچ تر قبول ناکات ، بێ گومان بەدەستی راستی وەری دەگرێ ، ئەگەر خورما بوو لەدەستی (خوای گەورە) دا خورماکە پەروەردە دەبێ هەتا لە کێویان چیا گەورەتر دەبێ ، وەك چۆن یەکێ لە ئێوە جوانە ئەسپی تازە لە دایك بوو یان بەچکە ووشتری تازە لە دایك بوو پەروەردە دەکات ، هەتا گەورە دەبێ ..؟!

لە (عبدالله بن عمر) – خوا لێ رازی بێت – دە گێڕێتەوە دەلێت : بیستوومە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((لا تُقْبَلُ صَلاةٌ بغيرِ طُهُورٍ ولا صَدَقَةٌ مِن غُلُولٍ)) . [٥٥] واتە: نوێژ کردن بێ دەست نوێژ یان بێ پاك کی وەر ناگیرێت ..؟! خێرو صدەقە بە مال و سامانی بە ناحەق بەدەست هاتووە وەرناگیرێت ..؟!

لە (عبدالله بن عمر) – خوا لێ رازی بێت – دە گێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((أربعٌ لا تُقبَلُ في أربعٍ : نفقةٌ من خيانةٍ ولا سرِقةٍ ولا غلولٍ ولا مالِ يتيمٍ ، ولا يُقبَلُ حجٌّ ولا عُمرةٌ ولا جهادٌ ولا صدَقةٌ)).[٥٦] واتە: چوار شت قبول ناکرێت لە چوار شت : خەرجی یان نەفقەدان : بە خیانەت کردن و، بە دزی و ،وە بە سەختەکاری کردن یان بەرتیل وەرگرت وەرناگیرێت ..؟! وە مالی هەتیوو یان پارەی هەیتوو: بە حەج کردن ، وە بە عومرە کردن ،وە بە جیهادو تێ کۆشان ، وە بە صدەقەو خێر وەرناگرێت ..؟!

دووەم : کاریگەری و شوێنەوارو زیانی بەرتیلّ یان (الرشوه) لە سەر وەرگرتنی پلەو پۆست لە حکومەتدا :

بەلێ واجبی شەرعییە بۆ هەر کەسێك لە ناو فەرمانگە دامودەزگاکانی حکومەتدا ، ئەو پلە و پوست کاربەدەستی یە کە وەریان گرتووە لە هەر پلە یەکدا بێت جاچ کارمەند وفەرمان بەری حکومەت بێت ، یان چ پلە و بەر پرسیاریەتی هەبێت لە هەر پلە یەکدا بێت ، ئەم پۆست و پلە یە وەکو ئەمانەت و سپاردە دە کرێتە دەستی ، نا بێت بە هیچ شێوەیەك خیانەت و ناپاکی لە پلە و پۆستەکەی بکات ، بێ گومان دەبێت وەکو چاوی خۆی

---

[٥٣]-اخرجه ابن حبان برقم (٣٢١٦) صحيح ابن حبان .
[٥٤]-صحيح مسلم برقم (١٠١٤)، سنن الترمذي برقم (٦٦١).
[٥٥]-صحيح مسلم برقم (٢٢٤) . و ابن ماجه برقم (٢٢٠).
[٥٦]-اخرجه ابن عدي في(الكامل في الضعفاء) (٧٨/٦) .

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

پارێزگاری لێ بکات خۆی بەخاوەنی ئەم وظیفە یە بزانێت ، دەبێت وەکو شوان کارێك چاودێری بکات لە کارمەندەکانی بۆ ئەوەی تووشی هەلە و حەرام و بەرتیل خۆی نەبن ، هەروەها ئەم ئەمانەت خیانەت و ناپاکی لێ نەکات ،وە ئەو مال و پارە و کەل وپەل لە بەردەستی دایە بیپارێزی وەك چاوی خۆی ، نابێت بە مالی دەولەت یان حکومەت تەخشان و پەخشانی پێ بکات ، چونکە حەرامە و بێ مۆلەت وەرگرتنی سەرووی خۆی ، بۆیە لە سەر کاربەدەست یان ولی ئەمر دەبێت هەموو شتێك بکات بۆ چاکە کردن بە رانبەر موسلمانان و خەلکی بەگشتی دا ، دەبێت لە شوێنەکەی دا کەسێکی چاکە کاربێت بۆ خەلکی ، هەر کارێك بکات ئەگەر رەزامەندی (خوای گەورە) و پێغەمبەرەکەی ﷺ لە سەر نە بێت واجب لێ دوو بکەوێتەوە خۆی لە هەر کارێکی حەرام هەیە بپارێزی ، بەتایبەتی لە بابەتی بەرتیل یان (الرشوە) وە یان هدیە و دیاری وەرگرتن و دەم چەور کردن ، لە خەلکی چونکە ئەم کردەوانە حەرامە تاوانە لە شەریعەتی ئیسلام دا ، دەبێتە زیان بۆ پلە و پۆست بەپرسیاریەتی ئەمانەتەکەی ..؟!

لە (عبدالله بن عباس) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ : ((مِنِ استعملَ عاملًا منَ المسلمينَ وَهوَ يعلمُ أنَّ فيهم أولى بذلِكَ منهُ وأعلَمُ بِكِتابِ اللَّهِ وسنَّةِ نبيِّهِ فقَد خانَ اللَّهَ ورسولَهُ وجميعَ المسلِمينَ)) [٥٧] واتە: هەر کەسێك کەسێك لە شوێنك دامەزرێنی لە موسلمانان ، وە ئەو کەسە بزانێت و دەرکی پێ بکات ، ئەوا کەسێکی تر هەیە لەو شایستە تر و باشتر ، بە کتاب و سنە ، ئەوا خیانەت و ناپاکی کردووە لە خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ وە لە هەموو موسلماناندا ..؟!

تێبینی : مەبەست لەم فەرموودەیە :ئەوەیە کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاوە / کاربەدەستان دەچن خزم کەسی خۆیان دادەنێن لە شوێنێك کەشایستەی ئەم شوێنە نیە ، ئینجا دەست دەکات بە گەندەلی فسادی و بەرتیل خۆری ، بێ گومان بەپرسە یان کار بەدەستەکە خیانەت و تاوانی کردووە ..؟!

بێ گومان هەر کەسێك بەر پرسیاریەتێك وەردەگرێت ، دەبێت بۆ بەژەوەندی خەلکی بێت لە کاری چاکە کاری بۆ خەلك پۆستەکەی بەکاربهێنی نەوەك لە بەژەوەندی خۆیان ئیش و کارە تایبەتەکانی خۆی پۆستەکەی بە کار بهێنی ، هەلبەت لە سەر فەرمانرەوایان یان بەرپرسانی وەلات ، دەبێت کەسی شیاو بۆ شوێنی شیان دەست نیشان بکەن ، بۆیە لە رووی شەعەوە دورست نیە ، کاربەدەستی نەزان و نەفام کەور گیلّ لە شوێنك دابدرێت کە شیاوی شوێنەکە نەبێت ، چونکە دەبێت بۆ مصلەحەتی یان بەرژەوەندی خەلکی دابنرێت ، نەوەك زیان بە خەلکی بگەیەنی سوودی نەبێت ، بەلکو ببێتە سەرەتان و سەر ئیشە بۆ خەلك ، یان نابێت خەلکی بە واستە یان بە بەرتیل و (الرشوە) یان خزم کەس هاوریەتی لە سەر کارێك

[٥٧]-اخرجه ابن ابي عاصم في (السنة) برقم (١٤٦٢).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

دابەزرێت کە شیاوی کارەکە نەبێت ، بێ گومان ئەمە تاوانە دروست نیە دوورە لە شەرعی خوا پێغەمبەرەکەی ﷺ ، هەروەها بە کۆدەنگی زانیان حەرام کراوە کە ئەو کەسەی بە شێوەی بەرتیل یان دەم چەوەر کردن لە شوێنك دادەنرێت ، چونکە دەچێتە جریمەی یان تاوانی بەرتیل دان و بەرتیل خۆر هەروەکو ئەم فەرموودەیی کە لە پێشدا باسمان کرد ، لە بابەتی بەریتل دەر و بەرتیل خۆر ، ئەواشی واسیتە دەکات یان نێوەنگیری دەکات لە نێوانیاندا ، هەر سێ کەس کردەوەکەیان حەرامە و ناحەق و نارەوایە لەرووی شەریعەتی ئاینی ئیسلام بە تاوانە گەورەکان هەژمار دەکرێت ..؟!

لە(ثوبان مولى رسول الله ﷺ) –خوای لێ رازی بێت – دەگێریتەوە لە پیغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((لعنَ اللهُ الراشِي، و المرتشِي، و الرائشَ الذي يمشي بينهما)) . [٥٨] واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرەتی یان لە عنەتی لەو کەسە کردووە کە بەرتیل دەدات وە لەو کەسەش کە بەرتیل وەر دەگرێت ، هەروەها لەو کەسەش کە دبێتە هاری کاری نێوانیان یان نێوەندگیری دەکات واتە: هاتوو چۆیان لە نێوان دەکات بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە ...؟! تێبینی / زانایان یەك دەنگن لە سەر ئەوەی ئەو کەسەی کە شیاوی شوێنیك نیە ، بە واستە یان بە بەرتیل (الرشوە) دەچێتە سەر کارێك یان دەبێتە کاربەدەستی فەرمانگەیەك یان کاربەدەستی شوێنیکی گشتی کە کارو باری خەلکی دەکەوێتە دەست ، بی گومان حەرامە ، چونکە بە رێگایەکی نا شەرعیەوە هەم لەرووی عورفی هەم لە رووی شەرعیەوە شیاوی شوێنەکە نیە ، بەلکو ئەو شوێنکە یان ئەو بەر پرسیاریەتیە لە رێگای ناشەرعیەوە بەدەستی هێناوە ، ئەویش بە ئەجامدانی تاوانی بەرتیل واستە دەم چەورکردن و خزمایەتی و یان هاوریەتی و یان عەشیرەت گەری یان بە هۆی نەسب ناو نابانگەوە لە نێو کۆمەلگادا ، کەچی بە هیچ شێوەیەك شیاوی شوینەکە نیە کە بەدەستی هێناوە یان پیان بەخشیوە ، هەلبەت ئەو کاربەدەست تاوانابرە بەوەی کە کەسی نەشیاوی داناوە ، کەچی شایستەی ئەم شوێنە نیە ، بەلکو شوێنکە خراپ و وێرانیش دەکات و گەندەلی خراپەکاری بلاودەکاتەوە ، چونکە لە هەموو شوێنکی گشتی کە کاروباری هاولاتیان بەرێ بکرێت دەبێت ، کەسێکی چاك و ئەصلاح و متمانە پێ کراو بە ئەمانەت پارێزی و شیاو دابنرێت ، نەك کەسێك سوودی بۆ خۆ نەبێت ، چۆن سوود بە خەلکی دەگەیەنی ئەم دیاردەیەش ئێستا باوە بۆیە بارودۆمە بەم شێوەیە لە هەموو دامودەزگاکانی دەولەت فسادی و گەندەلی بۆ تە دیاردە ، بە هیچ شێوەیەك بنبرناکرێت، سەرتاپەی وەلاتی گرتووە ..؟!

بەلگەی قورئانی پیرۆز لە سەر ئەو ئەمانەتی کە دەسپێردرێت بە خەلکانێك :

(خوای گەورە) دەفەرموویت: قال تعالى: ﴿۞ إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعَۢا بَصِيرٗا ٥٨﴾ [النِّسَاء : ٥٨] واتە : {فەرمانکردن بە گەڕاندنەوەی راسپاردە بە خاوەنەکانیان} [إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا] بە دڵنیایی خوای گەورە فەرمانتان پێ دەکات کە ئەمانەتەکان بگەڕێننەوە بۆ خاوەنی خۆیان، ئەم ئایەتە هەر چەندە ئایەتێکی مەدەنییە لە دوای کۆچکردنی پێغەمبەر- صلى الله عليه وسلم - بۆ مەدینە دابەزیوە، بەڵام لەناو

[٥٨]-السيوطي الجامع الصغير برقم (٧٢٣٧).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

مەککەدا دابەزیوە لەسەر گەڕاندنەوەی کلیلەکانی کەعبەی پیرۆز بۆ خاوەنەکەی کە (عثمان بن أبي طلحة) بوو [وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ] وە ئەگەر حوکم و بڕیاریشتان دا لە نێوان خەڵکیدا با بە دادپەروەری بێ بەتایبەتی قازیەکان ئەوانەی کە فەرمانڕەوان، چونکە تا دادپەروەر بن خوا لەگەڵیانەو پشتیوانیانە [إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ] بە دڵنیایی ئەمە باشترین شتە کە خوای گەورە ئامۆژگاری ئێوەی پێ دەکات [إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا] بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر بیسەری وتەکانتانەو بینەری کردەوەکانتانە..؟!

(خوای گەورە) دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَخُونُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ وَتَخُونُوٓاْ أَمَـٰنَـٰتِكُمۡ وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ٢٧﴾ [الأَنفَال : ٢٧] واتە: {ناپاکی نەکردن لە راسپاردە} [يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَخُونُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ وَتَخُونُوا أَمَانَاتِكُمْ] ئەی باوەڕداران ئێوە خیانەت و ناپاکی لە خوای گەورە مەکەن بە تاوان کردن، وە خیانەت لە پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - مەکەن بە وازهێنان لە سوننەتەکەی و سەرپێچی کردنی، وە خیانەت مەکەن لەو ئەمانەتانەی کە لەلاتان دائەنرێ یان لە جێبەجێ کردنی فەرزەکان [وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ] لە کاتێکدا کە ئێوە ئەزانن ئەمە خیانەت و ناپاکیەو حەرامە..؟!

بێ گومان (خوای گەورە) نهی کردووە یان حەرامی کردووە لە سەر ئەوەی کە هەر کەسێك خیانەت و ناپاکی لە ئەمانەت سپاردەکان بکات ، چونکە ئەمانەت یان سپاردە ، واتە : ئەو کەسەی کە شتێك یان کارێکی یان شوێنێکی دەدرێتە دەستی بە ئەمانەت یان سپاردە ، ئەوا بە جوانی پارێزگاری لێ ناکات و ناپیارێزی بە چاکەی بەلکو خیانەت وناپاکی لە ئەمانەتە کەی دەکات ، وە رێگری لە حەق دەکات ، فەرمان دەکات بە ناحەقی نارەوایی ، بێ گومان ئەو کەسانەش کە ئەو تاوانە دەکات خیانەت ناپاکی دەکەن کە پۆست پلە کەیان بە نارەواو ناحەق بەدەست هێناوە ، هەلبەتە بۆ بەدەستی هێنانی ئەم پلە و پۆست پەنایان بردۆتە بەر تاوانی بەرتیل یان (الرشوە) واستە کردن ، وە یان دەم جەور کردن ، وە یان خزمایەتی عەشیرەت گەری ، هەلبەتە ئەم جۆرە کەسانە کەبە ناحەق پۆست پلە و کار بەدەستیان وەرگرتووە ، ئەوانە خیانەت ناپاکی لە کارو پیشە و پۆستەکەیان دەکەن، چونکە ئەم شوێنەی کە وەریان گرتووە بە حەق شیاو لێ هاتوو زیرەك و ژێریی خۆیان بەدەستیان نەهێناوە بەلکو بە ئاسانی دەستیان کەوتووە ، جا لە رێگەی واستە و بەرتیل و دەم چەورکردن ، ناو ناودەنگ نەسب هۆزو عەشیرەتگەری ، هەروەها بۆماوەیی کور لە باوکیەوە بۆیی ماوەتەوە ، هەلبەتە کە شیاوی ئەم پۆست پلە پایە نیە بەلکو بە ناحەق و نارەوایی دەستیان کەوتووە یان بە زولم و ستەم کردن بەدەستیان هێناوە ، جا ئەمانەن کە خیانەت و ناپاکی لە وەلات نشتیمان و حوکمەتدا دەکەن ، وە فسادی گەندەلی بلاو دەکەنەوە لە نێو گۆمەلگادا بەد رەوشتی بێ ئەخلاقی ناداد پەروەری نا عدالەتی بەر پادەکەن ، هەروەها قورخکاری دەکەن دەست دەگرن بەسەر مال سامانی خەلکی بە ناحەق ونارەوا مالی خەلکی دەخۆن..؟!

بەلگەی فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ :

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : ((من ولى أمر المسلمين شيئا فولى رجلا و هو يجد من هو أصلح للمسلمين منه فقد خان الله ورسوله)) .[٥٩] واتە: هەر کەسێك شتێکی لە کاروباری موسلمانان پێ سپێدرا ، لە بری کەسێکی شیاو کەسێکی تری دیاری کرد بۆ راپەراندنی

[٥٩]-الحاكم في صحيحه .

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمْ ۖ إِنَّهُم مَّسْـُٔولُونَ ﴿٢٤﴾﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

کاروباری موسلمانان ، ئەوا کارەکەی یان ئەرك بەپرسیاریەتیە کەی نەدایە دەست کەسێکی شیاو شارەزا ، ئەوە بێ گومات خیانەتی لە (خوای گەورە) و پێغەمبەرەکەی ﷺ کردووە ..؟!

لە (عبدالله بن عباس) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ : ((مَنِ استعملَ عاملًا منَ المسلمينَ وَهوَ يعلمُ أنَّ فيهم أولى بذلِكَ منهُ وأعلَمُ بِكِتابِ اللَّهِ وسنَّةِ نبيِّهِ فقَد خانَ اللَّهَ ورسولَهُ وجميعَ المسلِمينَ)) [٦٠] واتە: هەر کەسێك کەسێك لە شوێنك دامەزرێنی لە موسلمانان ، وە ئەو کەسە بزانێت و دەرکی پێ بکات ، ئەوا کەسێکی تر هەیە لەو شایستە تر و باشتر ، بە کتاب و سنە ، ئەوا خیانەت و ناپاکی کردووە لە خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ وە لە هەموو موسلماناندا ..؟!

لە (معقل بن يسار) – خوا لێ رازی بێت – دە گێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((ما مِن والٍ يَلِي رَعِيَّةً مِنَ المُسْلِمِينَ، فَيَمُوتُ وهو غاشٌّ لهمْ، إلَّا حَرَّمَ اللَّهُ عليه الجَنَّةَ)) . [٦١] واتە: هیچ حاکم و بەر پرسێك نیە کە کاروباری موسلمانانی بگرێتە دەست ، کە خیانەت وغەش و فێلی لە ئەمانەتەکەی یان بە پرسیاریەتەکەی کردبێت وە لە سەری بمرێت ، ئەوا (خوای گەورە) بە هەشتی لە سەر قەدەغەکردووە یان حەرام کردووە ..؟!

لە (ابو ذر الغفاري) – خوا لێ رازی بێت – دە گێڕێتەوە دەلێت : ((قُلتُ: يا رَسولَ اللهِ، أَلَا تَسْتَعْمِلُنِي؟ قالَ: فَضَرَبَ بيَدِهِ علَى مَنْكِبِي، ثُمَّ قالَ: يا أَبَا ذَرٍّ، إنَّكَ ضَعِيفٌ، وإنَّهَا أَمَانَةٌ، وإنَّهَا يَومَ القِيَامَةِ خِزْيٌ وَنَدَامَةٌ، إلَّا مَن أَخَذَهَا بحَقِّهَا، وَأَدَّى الذي عليه فِيهَا)) . [٦٢] واتە: دەلێت : ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ نامکەیتە کار بەدەست ، دەلێ ئەویش : بە دەستی پیرۆزی لە دای بە سەر شانم دا، فەرمووی : ئەی ابو زر تۆ کەم توانایی یان لاوازی ، بەر پرسیاریەت یان کاربە دەستیش ئەمانەتە یان سپاردەیە ..؟! بۆ رۆژی قیامەتیش ریسوایی پەشیمانیە..؟! مەگەر کەسێ کە شیاو بێت بۆی بتوانێت ماف و حەقی خۆی بدات ..؟!

کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو

سێ یەم: کارێگەری و شوێنەواری بەرتیل یان (الرشوه) لەسەر دادگاکان و برایارەکانی دادوەر دا :

بێ گومان دادوەری کردن لەنێوان خەلکی دا فەزلێکی یەکجار گەورە و پیرۆزە ، ئەگەر بە عدالەت و دادپەروەری بریارەکان بدات ، ئەوەش دە گەرێتەوە بۆ ئەو کەسەی یان ئەو دادوەری کە لە نەفسی خۆی دا دلنیابێت لە دادوەری کردنەکەی دا ، ئەوەش یەکێکە لە باشترین خزمەتە کان چاکە کاری بە رانبەر بە خەلکی ستەم لێکراو ، چونکە دەبێتە ئاشتەواوی لە نێوان خەلکی دا ، گەرانەوەی مافی ستەم لێکراوان ، وە وەلامەش بۆ

[٦٠]-اخرجه ابن ابي عاصم في (السنة) برقم (١٤٦٢).
[٦١]-صحيح البخاري برقم (٧١٥١).
[٦٢]-صحيح مسلم برقم (١٨٢٥).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

ستەمکاران ، وە فەرمان کردن بە چاکە کردن ، نهی یان قەدەغەکردن لە خراپە کردن ، وە (إقامه الحدود) و تەمێکردن یان دارکاریکردن ئەوە پیشە کارو کردەوەی پێغەمبەران بووە بە گشتی – علیهم السلام - ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ خواست ویستی زۆر بووە لە سەر دادپەروەری کردن..؟

لە (عبدالله بن مسعود)- خوا لێ رازی بێت – لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((لا حسدَ إلَّا في اثنينِ رجلٌ آتاهُ اللَّهُ مالًا فسلَّطَه على هلَكَتِه في الحقِّ ورجلٌ آتاهُ اللَّهُ حِكمةً فَهوَ يعملُ بِها ويعلِّمُها)) . [٦٣] واتە: حەسوودی دروست نیە لە دوو شت نەبێت : کە پیاوێك (خوای گەورە) مال و سامانی پێ بەخشیوە ، وە توانایی ئەوەی داوەتێ کە لە حەق رەوا خەرجی بکات ، وە پیاوێك (خوای گەورە) حیکمەت و دانایی پێ بەخشیوە کە بە کردەوە کاری پێ دەکات ، وە خەلکی فێر دەکات ..؟!

بێ گومان بەرتیل و یان (الرشوە) حەرام بۆ دادوەر یانا حاکم ، بەکۆ دەنگی زانایان :

بەلگەی قورئانی پیرۆز لە سەر حەرامی بەرتیل بە حاکم دادوەر :

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿وَلَا تَأۡكُلُوٓاْ أَمۡوَٰلَكُم بَيۡنَكُم بِٱلۡبَٰطِلِ وَتُدۡلُواْ بِهَآ إِلَى ٱلۡحُكَّامِ لِتَأۡكُلُواْ فَرِيقٗا مِّنۡ أَمۡوَٰلِ ٱلنَّاسِ بِٱلۡإِثۡمِ وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ١٨٨﴾ [البَقَرَةِ : ١٨٨] واتە : [وَلَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ] وە ئێوە لە نێوان یەکتریدا ماڵەکانتان بە باتڵ و پووچەڵ مەخۆن وەکو فاڵچی کە پارەی خەڵکی بەناحەق ئەخوا، یان ئەوەی کە لەشفرۆشی ئەکات، یان ئەوەی کە پارەی عەرەق ئەخوا، یان پارەی خەڵکت لەلا بێت و بەڵگەیان نەبێت و تۆیش نکوڵی لی بکەیت، یان هەر شتێك کە حەرام بێت [وَتُدْلُوا بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ] وە ماڵەکانتان مەدەن بە حاکم و دەسەڵاتدارەکان وەکو ڕەشوەو بەرتیل [لِتَأْكُلُوا فَرِيقًا مِنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالْإِثْمِ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ] بۆ ئەوەی هەندێك لە ماڵی خەڵکی بخۆن بە ناحەق و زوڵم وە کاتێك کە خۆشتان ئەزانن کە ئەمە حەرامە وە ماڵی ئێوە نیە وە بۆتان دروست نیە..؟!

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن جَآءَكُمۡ فَاسِقُۢ بِنَبَإٖ فَتَبَيَّنُوٓاْ أَن تُصِيبُواْ قَوۡمَۢا بِجَهَٰلَةٖ فَتُصۡبِحُواْ عَلَىٰ مَا فَعَلۡتُمۡ نَٰدِمِينَ ٦﴾ [الحُجُرَات : ٦] واتە : [يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَنْ تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ] ئەی باوەڕداران ئەگەر کەسێکی فاسق و دەرچوو لە گوێڕایەڵی خوای گەورە هەواڵێکی بۆ هێنان ئێوە تەبەیون و تەثبوت بکەن و پەلە مەکەن لە بڕیاردانداا تا دڵنیابن کە ئەو هەواڵە ڕاستە چونکە دواتر لەوانەیە کەسانێك بە نەزانی تووشی زەرەرو زیان بکەن وە هەڵەتان لێ ڕووبدات وە دواتریش پەشیمان ئەبنەوە لەسەر ئەو هەڵەیەی کە کردووتانە، کە وتراوە: لەسەر (وەلیدی کوڕی عوقبەی کوڕی ئەبی موعەیط) دابەزیوە کە پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - ناردوویەتی بۆ کۆکردنەوەی زەکاتی (بەنی موستەلیق).

[٦٣]-صحيح البخاري برقم (١٤٠٩).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿وَأَشۡهِدُواْ ذَوَيۡ عَدۡلٖ مِّنكُمۡ﴾ [الطَّلَاق : ٢] واتە : وە کاتێك کە خێزانتان تەڵاقدا با دوو کەسی دادپەروەر شایەت بن، وە کە هێناشتانەوەو موراجەعەشتان کردن با دوو کەسی دادپەروەر شایەت بن..؟!

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ١٧٣﴾ [البَقَرَة : ١٧٣]واتە : [فَمَنِ اضْطُرَّ] لەم مردارەوەبوو لە خوێن و لە گۆشتی بەرازو لە ئاژەڵێك کە بۆ جگە لە خوا سەربڕابێ ئەگەر کەسێکیش ناچار بوو لە ناچاری و زەرورەتدا لێی بخوات بۆ ئەوەی لە برسا نەمرێت دروستە [غَيْرَ بَاغٍ] بەڵام زیادڕەوی نەکات و تێری لی نەخوات بەڵکو ئەوەندە بخوات کە نەمرێ [وَلَا عَادٍ] وە جارێکی تریش نەگەڕێتەوە سەری [فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ] ئەوە تاوانبار نابێ خوای گەورە ڕوخسەتی پێداوە بۆ زەرورەت و ناچاری یە [إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ] بەڕاستی خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو و بەڕەحم و بەزەییە..؟!

بەلگەی فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە سەر حەرامی بەرتیل بە حاکم و دادوەر:

لە (عبدالرحمن بن سمرة) – خوا لێ رازی بێت – دەلێت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((يا عَبدَ الرَّحمنِ، لا تَسألِ الإمارةَ؛ فإنَّكَ إنْ أُعطيتَها عن مَسألَةٍ، وُكِلْتَ إليها، وَإنْ أُعطيتَها عن غَيرِ مَسألةٍ، أُعِنتَ عليها، وإذا حلَفتَ على يَمينٍ، فرَأيتَ غَيرَها خَيرًا منها، فَأْتِ الذي هو خَيرٌ، وكَفِّرْ عن يَمينِكَ)) . [٦٤] واتە : ئەی (عبدالرحمن ی کوری سمرە) داوای پلە وپایەو فەرمانڕەوایەتی مەکە ، چونکە ئەگەر بە بێ داواکردن پێت بدرێ ئەوا یارەمەتی دەدرێت و (خوای گەورە) سەر کەوتوت دەکات بە سەریدا ، بەلام ئەگەر لەسەر داخوازی خۆت پێت بدرێت یان پێت ببەخشرێت ، ئەوا نادرێت و دەبێت بە بار بەسەرتەوە ، ئەگەر لەسەر شتێ سوێندت خوارد بینیت شتێ خێر ترە کە فارەتی سوێندەکەت بدە و ئەوەیان بکە کە خێر ترە ..؟!

لە (ابو هریرە) خوا لێ رازی بێت – دە گێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((إنكم ستحرصون على الإمارةِ، وإنها ستكونُ ندامةً وحسرةً يومَ القيامةِ، فنعمتِ المُرضعةُ، وبئستِ الفاطمةُ)) . [٦٥] واتە: بێ گومان ئیوە لە داهاتوویەکی نزیکدا سوور بن لە سەر دەستگرتن بە جلەوی دەسەلاتەوە ، بێ گومان ئەو دەسەلاتەش دەبێتە مایەی پەشیمانی و حە سرەت ، جا گەیشتن بە دەسەلات خۆشترین ژیانە لە دونیادا ، وە نەمانیشی نا خۆشترین شتە (ئەویش مردنە) واتە : لە دونیادا خۆشترین ژیانیان هەیە ، لە دوایی مردنی نا خۆشترین ژیانیان هەیە ، خوا زانا ترە ..؟!

---

[٦٤]-سنن الترمذي برقم (١٥٢٩).
[٦٥]- سنن النسائي برقم (٥٣٨٥).

لە(عبدالله بن عمر) خوا لێ رازی بێت – لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((ألا كُلُّكُمْ راعٍ، وكُلُّكُمْ مَسْؤُولٌ عن رَعِيَّتِهِ، فالأمِيرُ الذي علَى النَّاسِ راعٍ، وهو مَسْؤُولٌ عن رَعِيَّتِهِ، والرَّجُلُ راعٍ علَى أهْلِ بَيْتِهِ، وهو مَسْؤُولٌ عنْهمْ، والْمَرْأَةُ راعِيَةٌ علَى بَيْتِ بَعْلِها ووَلَدِهِ، وهي مَسْؤُولَةٌ عنْهمْ، والْعَبْدُ راعٍ علَى مالِ سَيِّدِهِ وهو مَسْؤُولٌ عنْه، ألا فَكُلُّكُمْ راعٍ، وكُلُّكُمْ مَسْؤُولٌ عن رَعِيَّتِهِ. [وفي رواية]: الرَّجُلُ راعٍ في مالِ أبِيهِ ومَسْؤُولٌ عن رَعِيَّتِهِ)) .[٦٦] واتە: ئاگادار بن هەمووتان چاودێرو شوانن ، هەمووشتان بە پرسیارن لە ژێر دەستەکانتان، کاربە دەستی خەلکی شوانە و بەرپرسیارە لەژێر دەستەکانی ، پیاویش شوانی مال و خێزانەکەیەتی و بەرپرسە لێیان ، ئافرەتیش شوانی مالی مێردەکەی و منداله کانیەتی وە بەر پرسیشە لێیان ، کویلەش شوانە بە سەر مالی گەورەکەیەو بەر پرسە لێ ، دەئاگاداربن هەمووتان شوانن ، هەموویشتان بەرپرسن لە ژێر دەستەکانتان ،(لە روایەتێکی تریش هاتووە)، پیاویش شوانە لە مالی باوکی دا ،بەر پرسە لە شوانیەتیەکەی ..؟!

لە(عدی بن عمیرة الکندی) – خوا لێ رازی بێت – دەلێت : لە پێغەمبەری خوام بیستومە فەرموویەتی : ((مَنِ اسْتَعْمَلْناهُ مِنكُم علَى عَمَلٍ، فَكَتَمَنا مِخْيَطًا فَما فَوْقَهُ؛ كانَ غُلُولًا يَأْتِي به يَومَ القِيامَةِ، قالَ: فَقامَ إلَيْهِ رَجُلٌ أسْوَدُ مِنَ الأنْصارِ -كَأَنِّي أنْظُرُ إلَيْهِ- فقالَ: يا رَسولَ اللهِ، اقْبَلْ عَنِّي عَمَلَكَ، قالَ: وما لَكَ؟ قالَ: سَمِعْتُكَ تَقُولُ: كَذا وكَذا، قالَ: وأنا أقُولُهُ الآنَ، مَنِ اسْتَعْمَلْناهُ مِنكُم علَى عَمَلٍ، فَلْيَجِئْ بقَلِيلِهِ وكَثِيرِهِ، فَما أُوتِيَ منه أخَذَ، وما نُهي عنْه انْتَهَى)) .[٦٧] واتە: هەر کەسێکمان لە ئێوە کردە کار بەدەست و دەرزیەکی دروومان یان زیاتر ی لێشاردینەوە ئەوە خیانەتە و لە رۆژی قیامەتدا گیرۆدە دەبێ ، پیاوێکی رەشت پێست لە یاریدەدەران لێی هەلسا ،وەك هەر ئێستە چاوم لێی بێ ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ئەو کارەم لێوەربگرەوە کە پێت سپاردووم ، فەرمووی : (تۆ چییە) ووتی : لێم بیستی ئەوە و ئەوەت فەرموو ، فەرمووی: من ئێستەش دەیلێم : کە هەر کە سێکمان لە ئیوە کردە کاربەدەستە ، با هەرچی دەست ئەکەوێ ، کەم زۆریمان بۆ بهێنێت ئەوەی کە پێی دەدرێ وەری بگرێت ، ئەوەش نایدرێتێ ، دەستی لێ هە لبگرێ ..؟!

لە (ابو هریرة) – خوا لێ رازی بێت – دە گێرێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((مَن وَلِيَ القَضاءَ فقد ذُبِحَ بغَيرِ سِكِّينٍ)).[٦٨]

واتە: هەر کەس دادوەری بگرێتە خۆ ، بە بێ چەقۆ سەربراوە ..؟!

لە (بریدة بن الحصیب الاسلمی) – خوا لێ رازی بێت – دە گێرێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((القضاةُ ثلاثةٌ : واحدٌ في الجنَّةِ ، واثنانِ في النَّارِ ؛ فأمَّا الَّذي في الجنَّةِ ، فرجلٌ عرفَ الحقَّ فقضى بهِ . ورجلٌ عرفَ الحقَّ ، فجارَ في الحكمِ ، فهوَ في النَّارِ ، ورجلٌ قضى للنَّاسِ على جهلٍ فهوَ في النَّارِ).[٦٩] واتە : قازیەکان سێیانن ..؟! یە کێکیان لە بەهەشتدایەو ن دووانە کەی تریان لە دۆزەخ یان لە ئاگر دان ..!! ئەوەیان لە بەهەشتدایە ئەوەیە کە زانیویەتی کامە حەق رەوایە بەو شێوەیە حکم دادوەری کردووە ..!! ئەوەشی کە لە ئاگری

---

[٦٦]-صحيح مسلم برقم (١٨٢٩).
[٦٧]-صحيح برقم (١٨٣٣).
[٦٨]-سنن ابو داود برقم (٣٥٧١).
[٦٩]- سنن ابو داود برقم (٣٥٧٣).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

دۆزەخدایە ئەوەیە کە زانیوویەتی کامە حەق و زوڵم ستەمی تێدا کردووە بەو شێوەیە حکم دادوەری نە کردووە ..!! ئەو قازیەش کە بە نەزانی حکم و دادوەری کردووە لە نێوان خەلکیدا وەوە لە ئاگری دۆزەخدایە ..؟!

لە (ابو هریرە) – خوا لێ رازی بێت – دە گێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((إذا حَكَم الحاكِمُ فاجتَهَد فأصاب، فله أجرانِ، وإذا حكم فاجتَهَد فأخطأَ، فله أجرٌ)).[٧٠] واتە: ئەگەر حاکم حوکمێکی دەرکرد بە ئینجتیهادی خۆی یان بە هەل وتێکۆشانی خۆی ئەوا هەولی پێکانی حەقی داو حەقی پێکا ئەوا دوو پاداشتی بۆ هەیە ..؟! بەلام ئەگەر ئیجتیهادی کردوو حەقی نەپێکا ئەوا یەك پاداشتی بۆ هەیە ..؟!

لە (ابو هریرە) – خوا لێ رازی بێت – دە گێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((من طلبَ قضاءَ المسلمينَ حتَّى ينالَهُ ثمَّ غلبَ عدلُهُ جَورَهُ فلَهُ الجنَّةُ ومن غلبَ جَورُهُ عدلَهُ فلَهُ النَّارُ)) .[٧١] واتە: هەر کەسێك هەول بدات ببێتە دادوەری موسلمانان و داوای بکات هەتا بەدەستی دەهێنێت ، ئەگەر دادپەروەری بە سەر زوڵم ستەمیدا زال بوو ، واتە ئەگەر دادپەروەری زیاتر بوو ئەوا بەهەشتی بۆ دەبێت ، بەلام ئەگەر زوڵم و ستەمی زال بوو بەسەر دادپەروەریدا ، واتە ئەگەر زوڵم و ستەمی زیاتر بوو ئەوا ئاگری دۆزەخی بۆ دەبێت ..؟!

حکم و دادگەری کردن لە سەردەمی (عومەری کوری خەتاب) – رضي الله عنه –

یەکەم : ناو رەچەلەك شورەت و نازناوی :

ناوی (عومەری کوری خەتابی کوری نوفەیلی کوری عبدالعزی کوری رەباح کوری عبدالله کوری قرط کوری رزاح کوری عە دە ی کوری کە عب کوری لوئە ی کوری غالبی قورە یشی عە دە ویە) .[٧٢]

رەچەلە کی (عومەر) لە گەل پێغەمبەری خوا ﷺ لە کەعبی کوری لوئەی کوری غالب ، کۆدەبێتەوە یان یەك دەگرێتەوە چونکە قوریشیە .

ناسراوە : بە (ئەبو حەفص) ، وە نازناوی: (الفاروق) چونکە موسلمان بوونی (عومەر) – خوا لێ رازی بێت – بووە بە هۆی کرانەوەی دەروازەیەکی نۆی لە رووی موسلمانانەوە لە شاری مککە دا ، هەروەها (خوای گەورە) بەم هۆیەوە ئیسلام کوفری لێك جیاکردەوە .

٧٠-سنن الترمذي برقم (١٣٢٦).
٧١-سنن ابو داود برقم (٣٥٧٥).
٧٢-الطبقات الكبرى (٢٦٥/٣) ، د. على محمد الصلابي به كوردى (زيانى ئه ميرى باوه رداران عومه رى كورى خه تاب) ص ١٣.

(عومەری کوری خەتاب) – خوا لێ رازی بێت – (١٣) سال پاش رووداوی (عام فیل) لە دایك بووە ، (عومەر) نێوەی تەمەنی لە پێش ئیسلام بەسەر برد ..؟!

لە (عبدالله کوری مسعود) - خوا لێ رازی بێت -دەلێت : (موسلمان بوونی (عومەری کوری خەتاب) پاکسازیەك بوو ، کۆچکردنیشی سەرکەوتنێك بوو ، هەروەها ئەمیرایەتی کردنی رەحمەت و بەزەیی بوو).[٧٣]

لە (سوهەیبی کوری سینا)- خوا لێ رازی بێت –دەلێت : (کاتێك (عومەر) موسلمان بوو ئیسلام دەرکەوت و بە ئاشکرا بانگەوازی بۆ دەکرا و لە دەوری کەعبە دا دادەنیشتین و ئەلقەمان پێك دەهێنا و تەوافمان دەکرد و رێزمان دەدا بە دەوری ئەو کەسانە کە رقیان لێمان دەبوویەوە) .[٧٤]

دووەم : لە سەردەمی ئەمیر باوەرداران (عومەرکوری خەتاب) دا (سالی برسێتی) واتە : سالی قەیرانی ئابووری :

بەلێ لە سەردەمی ئەمیری باوەرداران دەولەتی ئیسلامی تووشی نەهامەتی و قات وقری هات ، ئەمەش بارودۆخێك بوو بە سەر دولەتانی دونیاش داهاتبوو ، وە ئۆمەتی ئیسلامیش یەکێك بوو لە ئۆمەتانە چارەسنووس سوونەتی (خوای گەورە) دەیگرێتەوە ، بەلێ یەکێك لەم قەیرانە ناەی کە تووشی دەلەتی ئیسلامی هات ، نارەحەتی سەختی نەهامەتی یەکی یەکجار ز قورس گران بوو ، ئەویش بە (سالی برسیەتی یان تاعوونی عەمواس) ناونراو بوو ، بە لێ لە سالی (١٨) کۆچیدا خەلکی لە نیمچە دوورگەی عەربی وەلاتانی تر دووچاری ئەم نەهامەتیە هاتن ، ئەویش برسیەتی و قات و قری و تاعوون کە بە (تاعوونی عەمواس) ناودەبرا ،بەلێ برسیەتی سەخت ووشکە سالی قات قری و ، تەنانەت ئاژەل و دەرندەش پەنایان بۆ مرۆڤەکان دەبرد ، خەلکی مەر و مالاتیان سەر دەبری لە بەر قێزەونی نەیان دەخوارد فرێیان دەدا ، هەروەها ئەم سالە ش ناونرا بە سالی (سوتەك)

[٧٣]-الشيخان (ابو بكر وعمر) برواية البلاذري ص١٤١.
[٧٤]الطبقات الكبرى (٢٦٩/٣)

خەلکی لە هەموو لایەکەوە دەهاتن بۆ شاری مەدینە ، ئەوە بوو دوایان لە ئەمیری باوەرداران کرد (عومەری کوری خەتاب) تاکو رێگە چارەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە لە قەیرانە دەرباز بن یان رزگاربن ، بەلی (عومەر فاروق) تەنها کەس خۆی بە باشی هەستی بەم نەهامەتی سەختیە دەکرد ، چونکە خۆی ئەمیری باوەرداران بوو خۆی بە بەرپرس دەزانی لەم بارەیەوە ، بەلیٚ (عومەر فاروق) چەند هەنگاوێکی گرتە بەر بۆ دەرباز بوون لەم قەیرانە:

١-خۆی کرد نموونەی پێشەنگ بۆ ئۆمەتەکەی یان بۆ خەلکە کەی خۆی :

بەلیٚ دە گێرنەوە دەلێن : لە سالی برسیەتی دا خەلکی هەندێك نان و روون یان چەوریان هێنا بۆ (عومەر) ئەوایش پیاوێکی دەشتە کەی بانگ کرد ، هەتا کو لە گەل ئەمیری باوەرداران دا نان بخوات ، ئا بەم شێوەیە پیاوە دەشتە کی یەکە بە پاروەکەی دا لاتەنیشتە کانی قاپەکەی سریەوە یان دامالی و دەیخوارد ، (عومەر) پیٚ ووت : لە دەچێت کە شوێنی چەوری کەوتبی ، پیاوەکەش ووتی : بەلیٚ . من رۆن و زەیتم نەخواردووە ، وە ماوەیەکی زۆرە تاکو ئەمرە لە گەل تۆدا دەم پێوە نەداوە ، ئا لەم کاتەدا ئەمیری باوەرداران (عومەری کوری خەتاب) سوێندی خوارد کە : تامی یان چێژ لە گۆشت رۆرن وەرنەگرێت ، هەتاکو خەلکی دێنەوە سەر خۆیان ، ئەوانەی ئەم ووتەیان گێراوە تەوە هەموویان دەلێن : (عومەر) وەفای بۆ سوێندەکەی هەبووە ، لەم ووتەیە دا دەر دەکەوێت : کاتێك خزمەتکارەکەی (عومەر) دەچێتە بازار دەبینێت وا رۆنی هیزە شیری مەشکە هاتە بازار ئەویش بە چل دەرهەم کری ، وە هێنایەوە بۆ (عومەر) ، ئەویش ووتی : ئەی ئەمیری باوەرداران ،(خوای گەورە) دەرووی خێری لە رووت کردێتەوە ، سوێندەکەت نەکەوت پاداشتی چاکەت درایەوە ، هیزەی رۆن مەشکەی شیر هاتە بازار منیش کریم بە چل درهم ، (عومەر) ووتی : بە گرانت کریون ..؟! برۆ بیانکە بەخێر من پێم ناخۆشە ، کە زیادەرەوی لە خواردن بکەم ..!! پاشان ووتی : چۆن بتوانم هەست بە ئێش و ژانەکانی ئۆمەتەکە یان گەلەکەم نەکەم کاتیٚ منیش وەکو ئەوان ئەژیم .[٧٥]

دەگێرنەوە دەلێن : رۆژێکیان خەلکی چەند سەر ئاژەلیان سەبری خەلکی لێیان خوارد ، وە گۆشتە پاشەکەیان بۆ برژاند ، کە جگەر پەراسوو بوو ، هێنایان بۆ ئەمیری باوەرداران ، ئەویش فەرمووی : ئەمە چیە ..؟! ووتیان : ئەی ئەمیری باوەرداران لە ئاژەلانەیە کە سەبراون ئەم رۆ ، (عومەر) فەرمووی : (بخ بخ ، چەند خراپە ئەو والیەی یان ئەو پارێزگارەی ئەگەر من بم و گۆشتە باشەکە بخۆم و خەلکیش ئێسکانەکانی بخۆن).[٧٦] ئەو دەفرە لابە جگە لەم خواردنێکی ترم بۆ بهێنن ، پاشان نان رۆن و زیتیان بۆ هێنا بە دەستە کانی نانەکەی وورد کردو لەگەل رۆن زیتەکەدا کردیە تریت ! ئەمەش حکم و دادگەری و فەرمانرەوایی ئەمیری باورداران (عومەر فاروق) بوو ، خەلکی خواردنی باشتر دەخۆن لە ئەمیری باوەرداران ..؟! هەروەها ئەمیری باوەردان بەرانبەر بە نەفسی خۆی وابوو، بەلکو مال و خاو خێزانە کەشی کۆت وبەندی برسیەتی بوون ، هەم لە نەفسی خۆی حەرامی کردبوو

[٧٥]تاريخ طبري (٧٨/٥)
[٧٦]-محض الصواب (٣٦٢/١).

كە نابێت زیاتر لە گەلەی بنان بخوان یان مال سامانی هەبێ ، بەلكو مندلە كان خێزانە كانیشی بەم پەروەردەیە دا دەبرد كە خەلكی نان نەبێ بیخۆن ئەوانی زیاتر لە خەلكی بخۆ بەلكو ئەو بە پێچەوانە بوو بەرانبەر بە خەلكە كەی خۆی ، خەلكی نان و خواردنیا زیاتر بوو لە ئەمیری باوەرداران و خاو خێزانی مندالەكانی دا ..؟! دەگێرنەوە دەلێن : رۆژێكیان لە رۆژەكانی سالی (سوتەك) ئەمیری باوەرداران شفتیەكی یان شووتیەكی بینی بەدەستی یەكێك لە مندالەكانیەوە بۆیە دەست بەجێ پێی فەرموو: بخ بخ ئەی كوری ئەمیری باوەرداران ، تۆ میوە دەخۆیت و گەل و ئۆمەتی ﷺ لاواز بن ..؟! مندالەكەش بە گریانەوە هاتە دەرەوە و رایكرد ، (عومەر) بێدەنگ نەبوو هەتا پرسیاری كرد پاشان زانی كە كورەكەی بە چەنگێگ ناوك كریویەتی ..؟! .[77] بەراستی هەست كردنی (عومەر) بە لێپرسراوێتی و حكم دادگەری لە بەردەم نەفسی خۆیداد دەبێتە چەپساندنی دادگەری.

٢-نانی دانی خەلكی لە سالی برسیەتی یان لە سالی قیرانەكە :

لە (ئەسلەم) وە – خوا لێ رازی بێت – دەلێت : كاتێك سەردەمی سالی برسیەتی بوو خەلكی لە هەموو لایەكەوە دەهاتن و رووبان لە شاری مەدینە دەكرد ،ئەو كاتە (عومەری كوری خەتاب) – خوا لێ رازی بێت – فەرمانی دا بە چەند پیاوێك كە خەریكی بەرژەوەندیەكانی خۆیان بوون ، گوێم لێ بوو شەوێك دەی فەرموو : هەژمارە یان ئاماری ئەو كەسانە بكەن كە لە لای نانی ئێوارە دەخۆن ..؟! لە بەرانبەر دا ئاماریان دەكردن بینینیان حەوت هەزار پیاون ، وە پیاوانی نەخۆش و پەككەوتە و مندالیان ئامار كرد بینیان چل هەزار كەسن ، پاشان دوای چەند رۆژێك ژمارەی گەورە و بچووك گەیشتە شەست هەزار كەس ..؟! ئەمە نەبرایەوە كۆتایی نەهات هەتا (خوای گەورە) ئاسمانێكی بە پیت و فەری نارد كاتێك كە باران باری (عومەرم) بینی كە خەلكانیچكی كردبوویە وەكیل هەتا هەر كەسێك رۆیشتە دەرەوە بۆ دەشت و دەر خواردن و خواردنەوە بدرێت بۆ دەشت و دەر ، چونكە ئەوان مردنیان تێكەوتوو دەبینم سێ یەكیان گیانیان لە دەست داوە ، لێرەدا بێنیازی (عومەر) لەوەدا بەدی دەكەرین كە كۆمەلە كاربەدەسێك لە بەرەبەیاندا پێی هەلدەستان كە دەستار پێچانەوەیان كارپێ دەكرد و بە كاردهێنا ..؟! .[78]

٣-(عومەر) نامەی نووسی بۆ والیە كان بۆ فریاگوزرای و هاوكاریكردنیان لە سالی (برسیەتی) :

بەلێ (عومەر) پەلەی كرد نامەیەكی نووسی بۆ كاربەدەستەكانی یان بۆ والیەكان ، لە سەر ئەو ولاتە دولەمەندەكان و داوای فریاگوزرای و هاوكاری كۆمەكی لێ كردن ، هەروەها (عومەری كوری عاص) كاربەدەستی وەلاتی مصر بوو ، نامەیەكی بۆ نووسی ، ئەوە بوو (عومەری كوری عاص) وەلامی نامەكەی ئەمیری باوەردارانی دایەوە ، كۆمەك و هاریكاری بۆ رەوانە كردن ، لە ووشكانی و لە دەریادا كە بە ووشكانی هەزار باری ووشتر پر لە ئاردی رەوانە كرد ، وە لەدەریاش بیست پاپۆری ئارد و رۆن و پۆشاكی بۆ رەوانە كردن ، هەروەها ئەمیری باوەرداران نامەی بۆ تەواوی كاربەدەستانی لە وە لاتەكانی شام و عێراق و وەلاتی فارس ، یەكەمین كەس بە چوار هەزار بارەوە گەیشتە لای (ئەبوو عبیدەی كوری جراح) ، ئەوە بوو (عومەر) كردیە بە سەرپەرشتیاری بارەكە و هەتا دابەش بكات بە سەر خەلكانی دەوربەری مەدینە دا ،كاتێك لە ئەركەكەی تەواو بوو ، گەرایەوە لای (عومەر) ئەویش فەرمانی دا كە چوار هەزار دەرهەم بدرێتی ، بەلام (ئەبو عبیدە) ووتی : ئەی ئەمیری باوەرداران من پێویستم پێ

[77]-الطبقات الكبرى (٣/٣١٥).
[78]-تاريخ الذهبي ص ٢٧٤.

نیە ، ئەو کارەم لە پێناوی خودا کرد ، دەستی دونیام بەسەر دا تێکەل مەکە ..؟! بەلام (عومەر) ووتی : ئەی (ئەبوو عبیدە) بیگرە چەند جارێك ئەمەی دووبارە کردەوە ، (عومەر) ووتی : منیش کاری سەرپەرشتیاریم بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ کردووە ، بیگرە ، (ئەبوو عبیدە) دەلێت : منیش لێم وەرگرت ، پیم ووت: ئەوە پەسەندم کرد ، پاشان (عومەر) لە گەل کاربەدەستەکانی رۆیشت خەلکی بە دوایدا هاتن ..؟! .[٧٩]

٤-ئەمیری باوەرداران هەر لە سالی برسیەتی یان (سووتکە) دا هاوارو پەنای بردە بە (خوای گەورە) نوێژی بارانە ئەنجامدا :

لە (سلیمانی کوری یەسار) – خوا لێ رازی بێت – دەلێت : (عومەر) لە سالی برسیەتی ووتاری بۆ خەلکی دەدا ، فەرمووی : ئەی خەلکینە !! لە ناخی خۆتاندا بترسن لەوەی ، کە لەخەکلی وون بووە لە کاروبارەکانتاندا ، بەراستی من بە ئێوە تاقیکراومەتەوە و ئێوەش بە من تاقیکراونەتەوە ، من نازانم لە سەر من چی یە یان چ شتێك من و ئێوەشی وا لێ کردووە دەی خێرا کەن داوای لە (خوای گەورە) بکەین کە لە دلەکانمان چاك بکان و بەزەیی بێتەوە پێماندا و ئەم قات و پریە مان لە سەر هەلبگرێت ، ئەو کاتە (عومەر) یان بینی کە دەستەکان بلندە کردەوە لە خوا دەپارایەوە و خەلکە کەش لە خودا دەپارانەوە ، (عومەر) تێر گریا و خەلکەکەش بە کۆل دەستیان کردە گریان و ، پاشان (عومەر) لە سەر مینبەر هاتە خوارە وە ..؟! .[٨٠]

لە (ئەسلەم) – خوا لێ رازی بێت – دەلێت : گوێم لە (عومەر) – خوا لێ رازی بێت – بوو دەی فەرموو : ئەی خەلکینە ..!! من دە ترسم کە بێزاریەك هەموو مانی شەوارە کردبێت ، لە رووی خودا خۆتان سەرزەنشت بکەن و خۆتان دامالن و لای (خوای گەورە) تەوبە بکەن و باسی چاکە بکەن ..؟!.[٨١]

لە (شەعبی) – خوا لێ رازی بێت – دەلێت : (عومەر) هاتە دەروە لە سەر مینبەر وەستا و ئەم ئایەتەی خوێندەوە ، کە (خوای گەورە) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿ فَقُلۡتُ ٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ إِنَّهُۥ كَانَ غَفَّارٗا ١٠ يُرۡسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيۡكُم مِّدۡرَارٗا ١١ ﴾ [نُوح : ١٠ - ١١] واتە : {داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە سەرچاوەی هەموو بەخششەکانە} [فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّارًا (١٠)] پێم وتن ئێوە داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکەن لەو کوفرو تاوان و شیرکانەی کە پێشتر کردووتانە ئەبینن خوای گەورە زۆر لێخۆشبووە بۆ ئەو تاوانبارانەی کە داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە دەکەن و لێیان خۆش ئەبێ..؟! [يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَارًا] وە خوای گەورە بارانتان بۆ ئەبارێنێ

---

[٧٩]-تاريخ الطبري (٨٠/٥).
[٨٠]-الطبقات الكبرى (٣٢٢/٢).
[٨١]- الطبقات الكبرى (٣٢٢/٢).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

بارانێکی زۆر یەك لە دوای یەك بە لێزمەو بەخوڕ..؟! هە روە ها ئە ئایە تە شی خویندە وە ، قال تعالى: ﴿وَأَنِ ٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيۡهِ يُمَتِّعۡكُم مَّتَٰعًا حَسَنًا إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى وَيُؤۡتِ كُلَّ ذِي فَضۡلٖ فَضۡلَهُۥۖ وَإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ عَذَابَ يَوۡمٖ كَبِيرٍ ٣﴾ [هُود : ٣]واتە : {داوای لێخۆشبوون کردن لە خوا هۆکاری خۆشگوزەرانییە} [وَأَنِ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ] وە داوای لێخۆشبوون لە پەروەردگارتان بکەن لە تاوانەکانی پێشووتان [ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ] پاشان تەوبە بکەن و بۆ لای خوای گەورە بگەڕێنەوەو خۆتان بپارێزن لە داهاتوودا [يُمَتِّعْكُمْ مَتَاعًا حَسَنًا إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى] ئەوا خوای گەورە ژیانێکی خۆش و بەختەوەر ئەتانژێنێ لە ڕزق و ڕۆزی فراوان تا کاتی دیاریکراوی خۆتان کە مردنە [وَيُؤْتِ كُلَّ ذِي فَضْلٍ فَضْلَهُ] وە هەموو کەسێك کە خاوەن فەزڵ و چاکە بێت خوای گەورە فەزڵی خۆی پێ ئەبەخشێ لە دونیاو دواڕۆژدا [وَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ كَبِيرٍ] بەڵام ئەگەر پشت هەڵبکەن لە شوێنکەوتنی قورئانی پیرۆزو خوای گەورەو پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - ئەوە من لە ئێوە ئەترسێم کە سزای ڕۆژێکی زۆر گەورە بتانگرێتەوە کە ڕۆژی قیامەتە..؟! .[٨٢]

٥- وەستاندنی سزای یان حدەی دزی کردن لە سالی برسیەتی دا :

بەڵێ ئەمیری باوەرداران هەلسابە وەستاندنی سزای حدەی دزی کردن لە سالی برسیەتی یان سالی (سووتکە) ئەمەش هەلوشاندوەیەك نەبوو بۆ ئەو سنوورە یان بۆ ئەم حدەیە ، بەلکو مەرجەکانی ئەم حدەیە یان ئەم سزایە فەرام نەبوو لەم سالەدا بۆ بەجێهێنانی ، چونکە لە بەر هەرشتێك کە بۆ خواردن و زەگ پری دەشێ لە برسان یان بەهۆی سەختی و برسیەتی دا ، کە دەستکەوتنی خواردنێك مولکی کەسێکی تر نیە ، ئەو دەمەو ئەو خۆراکە هەلبژادرا و لابێت و مەبەست دزی نابێت ، لەبەر ئەوە (عومەر) ئەو دەستەی نەبری کە ووشترەکەیان برد و سەریان بری فەرمانی دا بە گەورە کەیان (حاتب) بوو کە پارەی ووشترەکەیان بداتی ، فەرمووی : لە دەست کورتی قات و قیری دا نابرێتەوە ..؟![٨٣]

---

[٨٢]-الشيخان من رواية البلاذري ص٣٢٠.
[٨٣]-المصباح المنير ص٢٩٢.

لە کتابی (مغنی) داهاتووە ئەحمد دەفەرمووی: (لە قات و قریدا دەست برین نیە ..!! واتە : ئەگەر برسیەك یان نەداریك شتێکی دزی بۆ خواردنی خۆی ئەوا دەستی نابردرێت ،چونکە وەکو کەسێکی ناچار وایە ئەگەر نەدزی دەمرێت ، جورجارنی ریوایەتی کردووە کە (عومەر) دەفەرموویت : لە سالی قات و قریدا دەست برین نیە ..!! دەفەرموویت : لەم بارەیەوە پرسیارم لە ئەحمد کرد فەرمووی: تۆش هەر وای پێ دەلێت : ئەویش فەرمووی : واتە بە تەمەنم ئەو دەستە نابرمەوە ئەگەر پێویستی وای لێ بکات و خەلکی لە دژواری و قات قریدابن ..؟! .[٨٤]

٦- دوا خستنی بە جێ هیچنانی فەرزی زەکات هەر لەم سالەدا :

بەلێ ئەمیری باوەرداران پابەند بوونی خەلکی بە فەرزی زەکات لەم سالە دا راگرت واتە لە سالی برسیەتی یان (سووتکە) فەرزی زەکاتی راگرت ، بەلام دوای تەواو بوونی قات و قریدا زەوی بە پیت و فەر بوو ئەو کاتە زەکاتی سالی سووتەکەی یان سالی برسیتەی کۆکردەوە ، واتە کردیە فەرزێك لەسەر ئەوانە ی کە توانایان هەیە زەکات بدەن ، لە (یحیایی کوری عبدالرحمن کوری حاتب) – خوا لێ رازی بێت – دەلێت : خێر و چاکەی سالی برسیەتی دواخست رۆزیەکانی نەنارد ، کاتێك کە وەرگیرا و (خوای گەورە) قات و قری هەلگرت ، فەرمانی پێدا بێنە دەرەوە و خێر و چاکەی سالە کەیان وەرگرت فەرمانی پێدان کە دابەشی بکەن و بە چاکەوە بێنەوە بۆ لای ، واتا صەدەقەی سالێك ..؟! .[٨٥]

دادگەری ئەمیری باوەرداران لە خەرج کردن یان لەدابەش کردنی مووچە

بەلێ ئەمیری باروەرداران مووچەی خۆی و کاربەدەستان و والیە کان و ، وە سەربازان و بنەمالەی پێغەمبەر ﷺ خاوخێزانی موجاهیدەکان ، وە هەژاران و کەسانی تر دەست کاری دەکرد، جا لە چەند ریویەتێك دا هاتوو مووچەی خەلیفە یان جێنیشین ، پێنج تا شەش هەزار دەرهەم بۆ ئەمیری باوەرداران فەرزکرا ، هەروەها کاربەدەستان و والی هەرێمەکان لە سەردەمی حکم و دادگەری ئەمیری باوەرداران ، ئەوە بوو بۆ هەر ولایەتێك والیەکی لێ هاتووی ماف پەروەردی دانا بۆ فەرمانرەوایی و دەسەلاتی ئیدارەکەی ، ئەو بوو موچەی بۆ دانابوون بە شێوەیەکی گونجاو دادپەروەرانە بۆ ئەوەی لە گەل پلە پۆست فەرمانرەوایی هەریەکەیان بگونجێ ، ئەوەی شوێنی و دوور ئەوەی کاری زۆر ترو بە پێ کار کردن و دوورو نزیکی وە گونجان لە گە خواست پێویستیەکانی هەرێمەکان ، هەروەها ئەمیری باوەرداران بایەخی دا بە دیوانی رێکخستنی سەربازی مووچەی بۆ ئەوانیش دیاری کرد ،

---

[٨٤]-المغنى الابن قدامة (٢٧٨/٨).
[٨٥]-الشيخان من رواية البلاذري ص ٣٢٤.

هەروەها مووچەی بنەمالەی پێغەمبەری خوا ﷺ کەوتە سەرتایی مووچە کە ، کە بنی هاشم بوو ، هاوەلی بەرێز (عباس) – خوا لێ رازی بێت – وەری دەگرت دابەشی دەکردبە سەریاندا ، پاشان خێزانە کانی پێغەمبەری خوا ﷺ هاتن مووچەیەکی تایبەتیان بۆ هەر یەکێکیان برابوویەوە ، کە سەر بەخۆ لە بنەمالە یان لە (ال بیت) ، هەروەها موسلمانانی تری بە پێ بەشداریان لە جیهاد کردن لە پێناوی خوادا دابەش ببوون بە سەر چەند پلەیەك : ئەوانەی بەشداری غەزی بەدریان کردووە ، ئەوانەی غەزای ئوحد ، ئەوانە صولحی حودیبیە یان کردوو ، ئەوانە بەشداری چەنگی هەلگەراوەکانیان کردووە ، ئەوانەی جەنگی قادسیە ئەوانەی جەنگی یەرموکیانن کردووە ، هەروەها بۆ خێزان منداڵانی موجاهیدانیش مووچەی بریەوە ، ئەوانەی منداڵانی دۆزراوە یان ئەو منداڵەی کە تازە لە دایك دەبوو ، بەلکو مووچەی سالانەی بۆ برینەوە ، کە کەمترین مووچەیان (١٠٠) درهەم بووە ، لە گەل گەورە بوونیان لە منداڵە کان مووچەیان زیادی دەکرد ..؟!.[٨٦] هەروەها بۆ خزمەتکارانیش (١٠٠٠) درهەم یان (٢٠٠٠) دەرهەمی بریەوە ، مووچەی سالانەی خێزانەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ سالانە (١٠٠٠٠) دەرهەم بووە ، جگە لە (جوویریە) ، (صفیە) ، (مەیمونە) – خوا لێیان رازی بێت – کە مووچەکەیان کەمترە بووە ، پاشان مووچەی خێزانەکانی زیاد کرد بۆ (١٢٠٠٠) درهەم ، جگە لەو سێ خێزانەکەی تر باسمان کرد ، بەلام ئەوانە مووچەکە یان کەم تر بووە کە (٦٠٠٠) دەرهەم بوو ، هەروەها مووچەی سالانەی هەریەك لە کۆچ کەران و ئەنصارەکان (٤٠٠٠) درەهەم بوو ، جگە لە (عبدالله کوری عمر) مووچەکەی کەمتر بوو چونکە لە کاتی کۆچ کردن دا ئەو بچووك بووە ، مووچەکەی (٣٥٠٠) درهەم بوو ، واتە : وەك ئەو کەسانە نەبوو کە خۆی کۆچی کردووە ..؟! [٨٧]، بەلام مووچە کەیان زیادی کرد بۆ (٥٠٠٠) دەرهەم ، هەروەها ئەوانەشی بەشداری صولحی حودیبیە کرد مووچەی سالانەیان (٣٠٠٠) دەرهەم بوو ، ئەمیری باوەرداران مووچەی (١٠٠) درەهەمی بریەوە بۆ هەر منداڵێکی لە دایك بوو ، وە هەر لەدایك بوونیەوە تاکو شیرە خۆرە مووچەی بریەوە نەوەك لە شیر ببرین ، خزمەتکاران مووچەی بریەو (٢٠٠٠) درەهەم ، ئەمیری باوەرداران لە کۆتا رۆژەکانی خەلیفایەتی دا دەی فەرمووی : ئەگەر دارایی زۆر بووایە ئەوا بۆ هەر کەسێك (٤٠٠٠) درهەمم دەبریەوە ،(١٠٠٠) دەرهەم بۆ گشتی ، (١٠٠٠) درهەم بۆ چەك ، (١٠٠٠) درهەم بۆ ئەوەی بەجێ بێلێت بۆ کەس کاری ، (١٠٠٠) دەرهەم بۆ وەلاخەکەی ..؟! .[٨٨] .[٨٩]

داموودەزگای دادگەری لە سەردەمی ئەمیری باوەرداران دا

بەلێ لە سەردەمی ئەمیری باوەرداران ، شارستانیەتی نوێ بانگەشەی بۆ پێشخستنی داموودزگای دادگەر یەکانی کرد ، وە سەقالیەکانی خلیفە یان ئەمیری باوەرداران زیادی کرد ، والیەکان لە شارەکاندا لقی فرەی لێ بوویەوە ، ناکۆکی و دووبەرەکی و هەلکژان زیادی کر ، هەر بۆیە ئەمیری باوەرداران یان (عمری کوری خەتاب) – خوا لێ رازی بێت – وای بەچاك زانی کە ولایەتەکان لە یەکتری جیابکاتەوە و فەرمانرەوایی یان دەسەلاتی دادگەری بکاتە دەسەلاتێکی سەر بەخۆ، هەتاکو والیە خۆ یەکلابکاتەوە بۆ بەرێوەبردنی ولایەتەکەی یان شارەکەی خۆی ، بۆیە ئەمیری باوەرداران دادوەری سەر بکە خۆی دا نا ب ولایەتەکان ، وە کو چەندین دادوەری لە ولایەتەکان دانە وە کو (کوفە و بەصرا و شام و مصر و) ..؟!

---

[٨٦]-الطباقات الكبرى (٣٠١/٣).
[٨٧]-عصر الخلافة الراشدة ص ٢٠٠
[٨٨] -سياسة المال في الاسلام ص٢٠٢.
[٨٩]- سياسة المال في الاسلام ص٢٠٣. الطباقات الكبرى (٢٩٨/٣).

ئەمیری باوەرداران ئەمانەی کردە والی و دادوەر لە ولایەتەکان :

-(عبدالله کوری مسعود) – خوا لێ رازی بێت - کردە والی یان دادوەری وەلاتی عێراق شاری (کوفە).

-(سلمانی کوری ربیعەی) – خوا لێ رازی بێت - کردە والی یان دادوەری وەلاتی عێراق شاری (بەصرا).

-قەیسی کوری ابو العاصی الفورەشی) – خوا لێ رازی بێت - کردە والی یان دادوەری وەلاتی (مصر).

-(نافعی الخوزاعی) – خوا لێ رازی بێت - کردە والی یان دادوەری شاری (مککە) .

-(علی کوری ئومەییە) – خوا لێ رازی بێت - کردە والی یان دادوەری وەلاتی یەمەن شاری (صەنعا) .

-(سفیانی کوری عبدالله ی سەقەفی) – خوا لێ رازی بێت - کردە والی یان دادوەری شاری (تائیف)

-(موغیرەی کوری شوعبە) – خوا لێ رازی بێت - کردیە والی شاری (کوفە) .

-(معاویە کوری ابو سفیانی) – خوا لێ رازی بێت - کردیە والی وەلاتی (شام).

-(ابو موسی ئەشعەری) – خوا لێ رازی بێت - کردیە والی شاری (بەصرا) .

-(عومەیری کوری سعد) – خوا لێ رازی بێت - کردیە والی لە وەلاتی شام لە شاری (حمص) .

-(علی کوری ئەبوو تالیب) (زیدی کوری ثابت) – خوا لێیان رازی بێت - ئەمانە دادوەری شاری (مەدینە) بوون .

یەکەم : نامەی ئەمیری باوەرداران بۆ دادگەران :

یاسایی (عومەر) لە کاری دادوەریدا لە پەیامێکی یان لە نامەیەکی بۆ (ئەبو موسی ئەشعەری)- خوا لێ رازی بێت – کە ئەمە دەقەکەیەتی : بە ناوی خوا پەخشندە و میهرەبان ، لە بەندەی خوا (عومەر کوری خەتاب ئەمیری باوەرداران) بۆ (عبدالله ی کوری قەیس) . [٩٠] سلاوت لێ بیچت پاشان بەراستی کاری دادوەری فەرزێکی گەورەیە و سوونەتێکی بە جێماوە ، تێبگە ئەگەر گۆبەند سازدای ، بە راستی قسە کردن سوودی نیە بە مافێك ، کە پێکهاتنی نەبێت رێك ببە لە نێو خەلکی لە رووتدا و لە دادپەروەری و لە کۆبوونەوەتدا ، هەتاکو دەسەلاتدار چاو نەرێتە ستەمت ، بێ

[٩٠]-عبدالله بن قيس هو أبو موسى الاشعري ، وقائع ندرة النظم الاسلامي في ابي طيي (٣٧٥/١).

دەسەلات و لاواز بێدار نەبێت یان بێ ئومێد نەبێت لە ماف پەروەریت ، بە لگە لەسەر ئەو کەسەیە کە دەعوایی هەیە یان کە دوا چیە ،و سوێندیش لە سەر ئەو کەسەیە کە نکۆلی دەکات ، ئاشتەوایی شتێکی گونجاوە لە نێوان موسلماناندا مەگەر حەرامێك حەلال بکات ، یان حەلالێك حەرام بکات ، دادپەروەری رێگریت لێ نەکات لە کێشەیەکی دوێنێدا ، عەقل و ژیریت تێدا بەکار هێناوە و رێنمایی کرابێت تیایدا بۆ ژیریت بە جۆرێك کە بگەرێتەوە بۆلای حەق و رەوا ، بەراستی هەق کۆنە ، پیاچوونەوەی حەقیش باشترە لە کشان بە ناو باتل یان پرچەلیدا ، تێگەیشتن تێگەیشتن لەوەی کە وورتە وورتێك لە سینگدایە لەوەی کە لە قورئان و سوونەتدا نیە ..!! پاشان لە یەکچووەکان وپەندەکان بناسە ، لەمەدا کارەکان توند و تۆل بکە ، خۆت دالدە بدە بۆ نزیکترینیان لای خودا ، لەو چووترینیان بۆ حەق ..!! بۆ ئەوە کەسەی کە بانگەشە دەکات مافێکی نادیار یان بەلگەیەکی درێژخایەن دابنێ کو کۆتایی پێ دێنێ بۆی ، ئەگەر بەلگە کەی هێنا ئەوا مافەکەی بۆ وەردەگریتەوە ، وە ئەگەرنا کێشەکەی لەسەر دەچەسپێنێ ، بەراستی ئەمە رێکترە بۆ گومان ، و دەرچوونە لە نابینایی ، موسلمانان هەموویان وەك یەکن ، هەندێکیان لە سەر هەندێکیان مەگەر ئەوانەیان کە لەسەر سنوور بەزاندن جلەویان لێ درابێت ، یان شایەتیەکی درۆی لەسەر تاقی کرابێتەوە ، یان ناکەس بێت لە دۆستایەتی دا ، دووری خستنەوە لە رابەری و ئیمان ، نەکەی کەم ئارام بیت ، و سەخلەتی و ئەزیەتت هەبێت بۆ بەرامبەرت وەنکولی کردن لای دژەکان ، بەراستی دادوەری لە هاولاتیانی حەق (خوای گەورە) پاداشتی دەداتەوە و پاداشتی پێ گەورە دەکات ، زانراوی پێ چاك دەکات ، هەر کەس نیازی دروست بێت و روو بکاتە ناخی خۆی ئەوا (خوای گەورە) لەوەی نێوان خۆی و خەلکیدایە رزگاری دەکات ، هەر کەس شتێك بخولقێنێت بەوەی کە خوا دەیزانێت ئەوا لە ناخیدا هیچ شتێك نیە کە خوا رەخنەی ئاراستەی بکات ، ئەی گومانت چیە بە پاداشتی خودایی لە زوو ناردنی رزقی موسلمانانی رەحەتی و سەلام ..؟! .[٩١]

دووەم :دامەزراندی دادوەر مووچەی کەی دادوەر :

-دامەزراندی دادوەر :

بێ گومان دامەزراندنی دادوەر راستە و خۆ لە لایەن ئەمیری باوەردارانە وە دەبوو!! هەروەك (عومەری کوری عاصی) کردە والی مصر ، وە (عوسمانی کوری قیسی کوری عاصی) کردە دادەوری وەلاتی مصر!! چونکە مافی دامەزراندی دادوەر بۆ خەلیفە بوو !! ئەگەر پێویسبایە خۆی دەی کردە دادوەر ، ئەگەر نا دەی سپارد بە والی یەکێك لە ولایەتەکان ، بەلێ مافی وەرگرتنی دادوەر بەدەست نایەت ئەگەر ئەمیری باوەرداران دایی نەنێت ، یان ئەو والیەی کە سپاردەی دەکات بۆ دامەزراندی دادوەر ، هەر وەك ئەمیری باوەرداران هەندێك لە دادوەرانی لابرد لە سەر کارە کەیان

[٩١]-إعلام الموقعين لإبن القيم (٨٥/١) .

، بە هۆکاری ئەوەی کە بە ئەرکی دادگەری خۆیان هەلنەساوان ، یان کەسایەتی دادوەری دەسەلاتی خۆی لە دەست داوە ، حکم و بریاری نەچەسپاوە ، چونکە هەر دادوەرێك بۆ بەژەوەندی گشتی موسلمانان دامەزراوە ، ئەوانەی کە لای بردن بە ئەرکی خۆیان هەلنەساون ..؟! بۆیە ئەمیری باوەرداران هەندێك لەدادوەرانی لابرد کەسانی دادوەری تری لە شوێنەکانیان دا، چونکە لاوازی لە کارەکەیان بەدی دەکرد ، بۆنموونە: (ابو مریمی حەنەفی) لە کارخست یان لابرد ..؟! .[٩٢]

-مووچەی دادوەر :

بەلێ ئەمیری باوەرداران ئامۆژگاری والیەکانی دەکرد کە کەسانی باش و چاك و ژیرو بە توانا هەلبژێرن بۆ کاری دادوەری ، بە پێدانی ئەو مووچانەی کە بەشیان دەکات ، هەروەها ئەمیری باوەرداران نامەیەکی نووسی بۆ (ابو عبیدە) و (موعاز کوری جبل) پێ فەرموون : سەیری پیاوانی باش بکەن و بە کاریان بهێنن لە سەر کاری دادوەری وە مووچەیان بدەن ..؟! وە مووچەی هەندێك لە دادوەرانی سەردەمی ئەمیری باوەرداران (عومەری کوری خەتاب) – خوا لێ رازی بێت - کە بەم شێویە بووە : (سەلمانی کوری ربیعە ئەلباهلی) دادوەری (بەصرا) مووچەکەی (٥٠٠) درهەم بووە بۆ هەر مانگێك (شورەیحی) دادوەری (کوفە) مووچەکەی (١٠٠) دەرهەم بۆ هەر مانێگ ، (عبدالله کوری مسعود) دادوەری (کوفە) (١٠٠) دەرهەم و ١/٤ی مەرێك بۆ هەر رۆژێك ، (عوسمانی کوری قیس ئەلهەزلی) دادوەری وەلاتی (مصر) (٢٠٠) دینار ..؟! [٩٣]

سێ یەم: سیفەتەکانی دادوەر لە لای ئەمیری باوەرداران :

١-بە ئاگابووم لە حوکمە شەرعیە کان وەك زانینی تەواوی هەبێت لە زانستەکانی قورئان و سوونەت .

٢-لە خوا ترسان ، واتە : تەقوای زۆری هەبێت ،بۆ نموونە ئەمیری باوەرداران نامەی نووسی : بۆ (موعازی کوری جبل) و (ئەبو عبیدەی کوری جراح) پێ فەرموون : کە سەیری پیاوەك چاکەکانی پێش خۆتان بکەن و بەکاریان بهێنین لە سەر کاری دادوەری دا ..؟! .[٩٤]

٣-گەروە بوون لەوەی کە لە چەنگی خەلکی دایە .

---

[٩٢]-البيان والتبين (١٥٠/٢)، جامع بيان مع وفضله (٧٠/٢)، النظام القضائي مناع القطان ص(٧٢-٧٣).
[٩٣]-عصر الخلافة الراشدة ص ١٤٣-١٤٤-١٥٩ ،)، النظام القضائي مناع القطان ص(٧٤).
[٩٤]-موسوعة فقة عمر بن الخطاب ص ٧٢٣.

٤-ووشیاری و زیرەکی عقلی ژیری دادوەر ، چونکە هەر چەند ووشیار و زیرەك بێت هێشتا کەمە ..؟! .[٩٥]

٥-گرژی لە نا دژواریدا ، نەرمی لە نا لا وازیدا ، (عومەر) دەفەرموویت : ناکرێت کە ئەم کارە لە پیاوێك دا بێتە دی مەگەر چوار سیفەتی تێدابێت کە ئە مانەن : نەرمی لە لا وازیدا ، رقو تووڕەیی لە جێی خۆیدا ، خۆگرتنەوە یان ئارامی لە نارژدیدا ، لێبووردەیی لە نا زیادە رۆیی دا.[٩٦]

٦-هێزی توانایی وکەسایە تیەکەی : (عومەر) دەفەرموویت : (ابو مریم) دوور دەخەمەوە لە سەرکارەکەی ، پیاوێك دەخەمە شوێنەکەی ئەگە خراپەیەکی بینی لێی جیاببێتەوە ، چونکە (ابو مریم) دوورخستەوە ،(کەعبی کوری سواری کرد والی (بەصرا) ..؟! .[٩٧]

٧-پێویستە دادوەر کە دولەمەندو بێ نیاز بێت ، چونکە (عومەر) نامەی بۆ هەندێك لە کاربەدەستان یان والیە کان نووسی : کە کەسێك نەکەنە دادوەر مەگەر دەولەمەند و خاوەن رەچەلەك بێت ، چونکە خاوەن سامان و دولەمەند ئارەزووی بەدەست کەوتنی سامانی خەلکی ناکات ، وە خاوەن رەچەلەکیش لە دوا رۆژی رەشی نێو خەلکی دەترسێت ..؟! .[٩٨]

تێبینی /ئەم ووتەی ئەمیری باوەرداران بۆ دەولەمەندو کاربەدەست دادوەرانی ئەم سەردەمە نا گونجێت ، چونکە ئەمانەی ئەم سەردەمە هەر چەندە دەولەمەند دەبن تێر ناخۆن ، هەروەك ئەم ئایەتەی قورئان کە دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُۚ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ ٱلۡكَلۡبِ إِن تَحۡمِلۡ عَلَيۡهِ يَلۡهَثۡ أَوۡ تَتۡرُكۡهُ يَلۡهَث﴾ [الأَعْرَاف : ١٧٦] واتە : [وَاتَّبَعَ هَوَاهُ] وە شوێن هەواو ئارەزووی خۆی کەوت [فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ] وە نموونەی ئەم کەسە وەکو نموونەی سەگێك وایە [إِنْ تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَثْ] کە ئەگەر بێتوو ئەو سەگە بیبەستیتەوە هەر زمان دەر ئەکات وە ئەگەر بەریدەیت هەر زمان دەرئەکات لە هەموو حاڵەتێکدا سەگ هەر زمانی دەرئەکات، واتە: حیکمەتی پێ ببەخشی و نەیبەخشی هەر وەری ناگرێ، وە ئامۆژگاری بکەی نەیکەی هەر وەری ناگرێ..؟!

چوارەم ئەوەی کە لەسەر دادوەر پێویستە :

چەند کارێکی گرنگ هەیە کە ئەمیری باوەرداران ئاشکرای کە پێویستە دادوەر بۆ بەرز راگرتنی بنەماکانی دادگەری ئەنجامی بدا لەمانە :

١-ئەخلاص و دلسۆزی دادگەری لە کارەکەی دا لە پێناوی خوادا .[٩٩]

٢-بەوردی تێگەیشتن لە کێشەو گرفتەکان .

---

[٩٥]- موسوعة فقة عمر بن الخطاب ص ٧٢٣.
[٩٦]- موسوعة فقة عمر بن الخطاب ص ٧٢٤.
[٩٧]- موسوعة فقة عمر بن الخطاب ص ٧٢٤.
[٩٨]- موسوعة فقة عمر بن الخطاب ص ٧٢٤.
[٩٩]-إعلام الموقعين لابن القيم (٨٥/١)، موسوعة فقة عمر بن الخطاب ص ٧٢٥،سنن البيهقي (١١٢/١٠)التوثيق في سيرة حياة الفاروق ص ٢٥٩.

٣-حكم وفەرمانرەوایی بە شەریعەتی ئیسلام ئەویش قورئان و سوونەت .

٤-راوێژ كردن لەو كارانەی كە كێشەو گرفتی تێدا زۆرە .

٥-یەكسانی لە نێوان ناكۆككاراندا .

٦-هاندانی كەسانی لاواز و بێ دەست هەلات هەتاكو ترس لێ برەوێتەوە لە سەر قسە كردن .

٧-خێرای سەرپەرشتی كردن لە سكالا كاران .

٨-سینە و دلی فەرەوان .

٩-دوورکەوتنەوە لە هەموو ئەو كاروبارانەی كە كارێگەری لە سەر دادوەر هەیە، وەكو بەرتیل و ئاسانكاری یان واستە ، یان بازرگانی كرین و فرۆشت ، وەكو رێگەی نەدا دادوەر كاری بازرگانی بكات ، وە هدیە یان دیاری و بەرتیل (الرشوە) وەربگرێت .

١٠-كاركردن بە بەلگەی روون و ئاشكرا .

١١-سوور بوون لەسەر ئاشتەوایی دژەكان .

١٢-گەرانەوە بۆای راستیەكان .

١٣-دیاری كردنی چارەنووسی پاكی بۆ تاوانبار هەتا تاوانەكەی دەچەسپێت .

١٤-تێ كۆشان و كوشش و هەول .

١٥-ملكەچی ئەمیری باوەرداران بۆ فەرمانی دادوەران .[١٠٠]

پێنجەم : ئەم بەلگانەی كە دادوەر پشتی بێ دەبەست لە سەردەمی ئەمیری باوەرداران :

بەلگە لە كاتی دەركردنی سزاو برایاردا دادگا یان دادوەری لە سەردەمی ئەمیری باوەرداران پشتی پێ دەبەست بۆ سزادن یان بۆ بریاردان ئەمانەن :

١-دان پێدانان بەو ووتە ، بە نووسینیش بە جۆرێك لە دان پێدانان دادەنرێت :

٢-شایەتی دان : بەلێ پێویستە دادوەر بكۆلێتەوە لەدەست هەلاتی شایەت بۆ وەرگرتنی شایەتی ، ئەگەر نەیانناسێت ، ئەوا داوای ئەوە یان لێ دەكات كە سێك بهێنن كە ئەو بیان ناسێت ، پیاوێك هاتە لای ئەمیری باوەرداران ، لە لای ئەو شایەتی دا (عومەر) فەرمووی : من ناتناسم ، ئەمە زیانت پێ ناگەیەنێت ئەگەر من نەتناسم ، كە سێكم بۆ بهێنە كە بتناسێت ..؟! لە كاتە دا پیاوێك لە ناو هۆزەكەدا ووتی : من دەیناسم

[١٠٠]- موسوعة فقة عمر بن الخطاب ص ٧٢٧-٧٢٨-٧٢٩. ، سنن البيهقي (١٢٠/١٠) إعلام الموقعين لابن القيم (١١١/١).

(عومەر) فەرمووی : بە چی دەیناسیت ..؟! پیاوەکە ووتی : بە ماف پەروەری و چاکی ، (عومەر) فەرمووی : ئەمە دراوسێیەکەی خوارەوەتە کە شەو رۆژ چوونە ژوورەوە و هاتنەە دەرەوەی دەزانی ..؟! پیاوەکە ووتی : نەخێر . (عومەر) فەرمووی : ئایا مامەلەت لەگەل کردووە بە و دینار و دەرهەمە ی کە بە هۆیانەوە بەلگەی چوونە سەر خوانا سیە ..؟! پیاوەکە ووتی : نەخێر . (عومەر) فەرمووی : کەواتە هاوەلی ئەو گەشتەتە کە رێگەی رەوشت بەرزیت پێ نیشان دەدات ..؟! پیاوەکە ووتی : نەخێر . (عومەر) فەرمووی : کەواتە تۆ نایناسی ..!! .[101]

٣-سوێند خواردنی یان بەجێ هێنان : دادوەر پەنا بۆ سوێند خواردن نابات جگە لە کاتێکدا نەبێت ، کە دادوەر نەتوانێت بەلگە بەدەست بهێنێتەوە.

٤-سما لە چەسپاندنی رەچەلەکدا : بریتیە لە یەکێك لەو نزیکە بەهێزانەی کە کار بە پێویستیە کان دەدات .

٥-نزیك ، هاوەڵ ، هاوتا ، هاودەم : هاوتا بوارێکی بەر فەراوانە کە دادوەران پشتیان پێ دەبەستن وە کاری هونەری خۆیان دەکە ن ، بۆ نموونە : یەکێك لە هاوتا بەهێزە کان ، ئەوەیە کە نیشانەی سکپریە بۆ ئەو کچانەی یان ئەو ئافرەتانەی کە پێشتر شوویان نەکردووە یان هاوسەر گیریان نەکردووە ، ئەمە بە بەلگەیەك لە داوێن پیسی دادەنرێت ..؟! یان نموونەیەکی تر بەلگە نزیکەکان لە سەر خواردنەوەی مەی یان شەرابە ، کە بووە لە شووشەکەدا یان لە پێکە کەدا ، (عومەر) داری حدەی مەی لەسەر بوونی مەییەکە لە پێکەکەدا بەجێ هێناوە ..؟! .[102]

٦-زانیاری دادوەر : واتە : زانیاری دادوەر لە سزای ئاینی بە بەلگەیەك دانانرێت ، کە سەر پەرشتی بکات لە دەرکردنی حکم یان بریار لەسەر تاوانبار ، (عومەر) نامەیەکی نووسی بۆ (ئەبوو موسی ئەشعەری) کە پێشەوا بە زانیاری و زانستی و گومانی و لێکچوونی وەرنەگرێت ..؟! .[103]

شەشەم : حکم و سزای ئەمیری باوەرداران لە هەندێك تاوان کەتندا :

١-سەختە کردنی یان غەش کردنی لە مۆری فەرمی دەولەتدا:

لە سەردەمی ئەمیری باوەرداران دا ، گرفتێکی گرینگ هاتە پێش لەمەو پێش رووینەدا بوو ، ئەویش ئەوە بوو کە (معن کوری زائدە) توانی مۆری دەولەت بە هەمان نەخشی خۆی سەختە و غەشی یان کۆپی بکات ، بەم هۆیەوە مال پارەو سامانێکی زۆری لە (بیت مال) موسلمانان وەرگرت ، ئەم گرفت و کێشەیە ، بەرزکرایەوە بۆ ئەمیری باوەرداران ، ئەویش (١٠٠) داری حدەی لێدا ،وە زیندانی کرد ، کاتێك لەسەری هاتە گۆ (١٠٠)

[101]-سنن البيهقي (١٢٥/١٠) ،- موسوعة فقة عمر بن الخطاب ص(٧٣١).
[102]- موسوعة فقة عمر بن الخطاب ص(٧٣٥).
[103]- موسوعة فقة عمر بن الخطاب ص(٧٣٥)، مصنف عبدالرزاق (٣٢٤/٨).

داری لێدا ، بۆ جاری سێیەم کە لە سەری هاتە گۆ ، ئەمیری باوەرداران (١٠٠) داری لێدا و پاشان بە شوێنی خۆی دووری خستەوە ،واتە : لە سەر کارەکەی لابرد ..؟! .[١٠٤]

٢-پیاوێك دزی لە (بیت مال) ی شاری کوفە کرد :

بەلێ ئەوە بوو پیاوێك دزی لە (بیت مال) کرد ، ئەمیری باوەرداران وەك تەمێکردنێك لێدا .[١٠٥] بەلام ئەمیری باوەرداران هەر کەسی دزی بکردایە لە (بیت مال) ئەوا دەستی نەدەبری ، چونکە (ابن مسعود) – خوا لێ رازی بێت – دەربارەی ئەو کەسەی کە دزی لە (بیت مال) بکردایە ، دەی فەرموو : رەوانەی لای (عومەر) بکەن چونکە هیچ کەسێمك نیە کە لە و داهاتەی (بیت مال) بەشی خۆی نەبێت ..؟! .[١٠٦]

٣-بەلێن پێداوێك یان ئەهلی کتابێك زۆری لە ئافرەتێکی موسلمان کرد بۆ داوێن پیسی :

ئەمە لە سەردەمی ئەمیری باوەرداران ، ئەم رووداوە رویدا ، (عومەر) ئەو کەسەی کە ئەهلی کتاب بوو لە خاچ دا ،چونکە لە مەرجەکانی رێکەوتن لایدابوو ..؟! .[١٠٧]

٤-ئافرەتێك مێردی هەبوو ، بەنهێنی مێردێکی تری کردبوو :

ئەمیری باوەرداران بەرد بارانی کرد ، بەلام (١٠٠) قامچی لە مێردەکەی دا ، لەبەر نەزانینی بە تاوانەکەی ،بەلام بەرد بارانی نەکرد ..؟! .[١٠٨]

٥-بووختان کردن ٤ یان پەلار تێگرتن بە کەسێك کە وانەبێ :

لە سەردەمی ئەمیری باوەرداران ، ئەم رووداوە رویدا ، کە یەکێك پەلار یان بووختانی کرد بەکەسێکی تر دا ، ئەویش پێ ووت : من نەباوکم داوێن پیسە و نە دایکم ، (عومەر) راوێژی کرد و کەسێك ووتی : بە چاکی باسی دایك و باکی کردووە و ئەوانی تریش ووتیان : ئەو بۆ باوك و دایکی جێگایەکی تری داناوە ئێمە باشە کە سزای جەلدیە لێ بدەیت پاشان (عومەر) (٨٠) جەلدی لێدا ..؟! .[١٠٩]

٦-ئەمیری باوەرداران سزای خواردنەوەی مەی یان شەرابی کرد (٨٠) جەلدە :

---

[١٠٤]-أولوبان الفاروق ص (٤٥٣).
[١٠٥]-عصر الخلافة الراشدة ص (١٤٨).
[١٠٦]-المغني (٣٨٦/١٢) .
[١٠٧]-الموطا (٨٢٧/٢).
[١٠٨]- عصر الخلافة الراشدة ص (١٤٩).
[١٠٩]-السنن الكبرى للبيهقي (٢٥٢/٨).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمْ ۖ إِنَّهُم مَّسْـُٔولُونَ ﴿٢٤﴾﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

بەلێ لە سەردەمی ئەمیری باوەڕداران خواردنەوەی مەی تەشەنەی کرد و زۆر بوو ،ئەمە بە هۆی خۆش گوزەرانیەوە بوو ، بۆیە ئەم تاوانە بووە بە کۆسپێك لە بەردەم (عومەر) دا ، هەر لە بەر ئەم تاوانە گەورەیە (عومەر) راوێژی بە هاوەلانی کرد ، هەموویان لەسەر ئەوە رێکەوتن کە تاوانی خواردنەوەی مەی (٨٠) جەلدە بێت ، هەروەك (ابن قیم) — رەحمەتی خوا لێ بێت — دەلێت : (خالیدی کوری ولید) کەسێکی نارد بە ناوی (برەی سەلیتی) بۆ شام بۆ لای (عومەر) ئەویش فەرمووی : کاتێك چوومە لای (طلحە) و (زوبیر کوری عوام) و (عبدالرحمن کوری عوف) ی لە لابوو ، لە مەزگەوت پالیان دابوویەوە ، منیش پێم ووت : (خالیدی کوری ولید) سلاو تان لێ دەکات وە پێت دەلێت : خەلکی دەستیان داوەتە مەی یان شەراب خواردنەوە و سزاکەی بە کەم دەزانم تۆ دەلێ چی ..؟! (عومەر) فەرمووی : ئەوانە کەسانێکن لای تۆ و فەرمووی : ئەوەی ئەمانە ووتیان بێگەیەنە بە هاورێیەکەت ، (خالید) (٨٠) جەلدە یوەشاند و(عومەر)یش (٨٠) جەلدەی وەشاند ..؟! .[١١٠]

٧-سووتاندنی مەیخانە :

لە (یەحیای کوری سعید کوری عبدالله) لە نافع ئەویش لە (کوری عمر) - خوا لێیان رازی بێت — دەفەرمووێت: (عومەر) لە مالی پیاوێکی سەقیف مەی یان شەراب ی دۆرزیەوە فەرمانی پێداو پیاوەکە سەر کەشی کرد ، ئەم پیاوە پێیان دەوت تێگەیشتوو بەلام (عومەر) فەرمووی : تۆ پیاو خراپی ..؟! .[١١١] (إبن الجوزی) دەلێت : سوتاندنی واتا (عومەر) مالی ئەو پیاوە ی سوتاند ، کە مەیخانە بوو ، (إبن القیم) دەلێت : (عومەر) مەیخانەی سوتاندە بەوەی کە تیایدابوو وە گوندێکیشی سوتاند کە مەی تیا دە فرۆشرا ..؟! .[١١٢]





قەدەغەکردنی هاوسەرگیری یان زواجی کاتی (سیغە یان موتعە)

دەگێڕنەوە کە ئەمیری باوەڕداران دەستی هەبووە لە قەدەغەکردنی زواجی یان هاوسەر گیری کاتی (سیغە)یان (موتعە) ، چونکە زۆر پێداگری لەسەر ئەم کارە کردووە ، بە کارێکی داوێن پیسی داناوە ئەو کەسەی کە دەیکات و ئەنجامی دەدات هەندێ کەس وا دەزانن کە (عومەر) قەدەغەکاری زواجی یان هاوسەرگیری کاتی بووە بە بێ پێغەمبەری خوا ﷺ (أبي نضرة) دەگێڕیتەوە دەلێت : (ابن عباس) — خوا لێ رازی بێت — فەرمانی دەدا بە زواجی کای و (ابن زبیر) — خوا لێ رازی بێت — رێگری لێ دەکرد ،ئەمە یان باس کرد بۆ (جابری کوری عبدالله) — خوا لێ رازی بێت

١١٠-إعلام الموقعين (٢١١/١).
١١١-الاموال لأبي عبيدة ص ١٢٥، رقم (٢٦٧). و أوليات فاروق ص (٤٥٣).
١١٢-الطريق الحكمة ص(١٥-١٦).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمْ ۖ إِنَّهُم مَّسْـُٔولُونَ ﴿٢٤﴾﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

– فەرمووی : من فەرموودەیەکم لە دەستدایە لە پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك (عومەر) هەستایە سە پێ فەرمووی : (خوای گەورە) ئەوەی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ گونجاندووە کە خۆی ویستوویەتی بەوەی کە ویستوویەتی ، قورئانیش لە شوێنی خۆی دابەزیوە و هاتۆتە خوارەوە ، ئێوە کاری فەرزی حەج و عومرە بۆ خوا تەواو بکەن و بەجێی بهێنن هەر بەو شێوەیەی کە فەرمانی پێ کردوون دەست لە زواجی کاتی یان (سیغە یان متعە) هەلبگرن هەر پیاوێك بۆ زواجی کاتی (سیغە یان موتعە) بێتە لام بەرد بارانی دەکەم..؟! .[113] پال پشتێك بۆ قەدەغە کردنی یان حەرام یەتی زواجی کاتی کە (عومەر) قەدەغەی کرد ، وەك ئەم چەند فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ سوودی لێ دەبینرێت بۆ حەرام بوونی ..!!

١-لە (على بن ابي طالب)- خوا لێ رازی بێت – دەلێت : ((نَهَى رَسولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ عَنِ المُتْعَةِ عَامَ خَيْبَرَ، وعَنْ لُحُومِ حُمُرِ الإنْسِيَّةِ)) .[114] واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ لە رۆژی غەزای (خەیبر) دا ، ژن هێنانی یان زواجی کاتی یان (سیغە ، متعە) ، وە خواردنی گۆشتی گوێدرێژ مالی حەرام کرا یان قەدەغە کرا ..؟!

٢-(سبرة بن معبد الجهني) – خوا لێ رازی بێت – دەلێت : ئێمە لە گەل پێغەمبەری خوا ﷺ دابووین دەی فەرموو : ((يا أيُّها النَّاسُ، إنِّي قدْ كُنْتُ أذِنْتُ لَكُمْ في الاسْتِمْتاعِ مِنَ النِّساءِ، وإنَّ اللَّهَ قدْ حَرَّمَ ذلكَ إلى يَومِ القِيامَةِ، فمَن كانَ عِنْدَهُ منهنَّ شيءٌ فَلْيُخَلِّ سَبِيلَهُ، ولا تَأْخُذُوا ممَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شيئًا)) .[115] واتە: ئەی خەلکینە مۆلەتم پێدان لە گەل ئافرەتان رابوێرن ، (خوای گەورە) ئەم کارەی تاکو رۆژی قیامەتدا قەدەغە و حەرام کردووە ، هەر کەسێ شتێکی لەو جۆرە ئافرەتانەی لایە با ئازادی بکات و وە لەوەی کە بۆتان هێناون هیچیان لێ وەمەر گرن ..؟!

تیکەڵبوونی ئەمیری باوەڕداران لە هامەلە کردن لە گەل والیە کان وە دامەزراندنی والی

دابەش کردنی ولایەتەکان لە سەردەمی ئەمیری باوەڕداران (عومەری کوری خەتاب) لە هەندێك لایەنەوە هە درێژە دەری ئەو پیلانەی (ابو بکر صدیق) بوو – خوا لێ رازی بێت – بە هەرێمایەتی ناوی بردبوو ، سە بارەتە بە گۆرانکاریانەی کە لە پۆستە سەرۆکایە تیەکاندا دەکرا بۆ ئەم ولایەتانە لە زۆر رووەوە و ئەمەش پوختەیەکی کورتە سە بارەت بەو ولایەتانە :

یەکەم : والی شاری مککە :

لەسەر دەمی ئەمیری باوەڕداران ئەمانە یەك لەدوایی یەك بوونە والی شاری مککە (موحرزی کوری حارسی کوری ربیعە کوری عبدالشمس) پاش ئەو (قونقوز کوری عومەیری بنی جەدعان ئەلتەمیمی) کرا یە والی مککە ، پاشان (نافعی کوری حارسی خوزاعی) کرایە والی مککە ..؟!

[113]-صحيح مسلم كتاب الحج برقم (١٢١٧).
[114]-صحيح مسلم برقم (٥٥٢٣).
[115]-صحيح مسلم برقم (١٤٠٦).

لە بووخاری ریوایەتی کردووە (وا هاتووە کە لە ناچەی (غسفان) گیشتونەتە (عومەر) لە کاتی هاتنی بۆ حەج وە (عومەر) پیٚ فەرموو : کیٚت بۆ ئەم شیٚوەیە بە کار هیٚناوە واتە : بۆ ئەم پۆستە شاری مککە ، نافع ووتی : (ابن ئەبزی) (عومەر) ووتی (ابن ئەبزی کیٚیە ..؟! نافع ووتی : بەندەیەکە لە بەندەکانمان.. !! (عومەر) فەرمووی : بەندەیەکت لەسەر بەکارهیٚناوە ..؟! نافع ووتی : ئەو پیاوە قورئان خویٚنە و زانایە بەفەرزەکان ..!! (عومەر) فەرمووی : بەلام پیٚغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (خوای گەورە) بەم قورئانە هەندیٚ کەس بەرزدەکاتەوە و هەندیٚکیش پیٚ دەخات ..؟!).[116]

دووەم : والی شاری مەدینە :

خەلیفە یان ئەمیر باوەرداران بە والی شاری مەدینە دادەنریٚت ، لە ماوەی نادیاری خەلیفە لە شاری مەدینە ، کە لە دوای خۆی سەرپەرشتی کردنی بەریٚوەبردین شاری مەدینە ، هەندیٚك جار خەلیفە گشت و سەردانی بۆ ولایەتەکان دەکات ، ئا لەم کاتەدا (زیدی کوری ثابت) یان (علي کوری ابي طالب) ی لە شویٚنی خۆی دادەنا ..؟! .[117]



سیٚ یەم : والی شاری طائف :

لە سەردەمی ئەمیری باورداران دا ، شاری تایف لە گرنگترین شارە ئیسلامیەکان بوو ، بۆ هاوکاری بزاڤی جیهاد و تیٚ کۆشان ، (عوسمانی کوری ئەبی عاص) والی شاری تایف بوو ، لە سەردەمی پیٚغەمبەری خوا ﷺ وە لە سەردەمی ئەمیری باوەرداران (عومەری کورخەتا) (عوسمان) دوو سال والی شاری تایف بوو ، دەگیٚرنەوە لە پاش (عوسمان) (سفیانی کوری عبدالله) والی تایف بووە ..؟!

چوارەم : والی وەلاتی یەمەن :

[116]-البخاری کتاب الحضومات (٣/٢٥).
[117]-الولاية على البلدان (١/٦٨)، تاريخ اليعقوبي (٢/١٤٧).

لەسەردەی ئەمیری باوەرداران ، ئەوە بوو کە بریاری دا بە مانەوەی والیە کان لە سەردەمی (ابو بکر صدیق) واتە ماوەی پۆستەکانی درێژ کردووە دەست کاری نە کردن هەر وەکو خۆیان مانەوە ، ئەوە بوو کە (یەعەلی کوری ئومەییە) یەکێك بوو لە والیە کانی (ابو بکر) لە سەر یەمەن ، دواتریش لە سەردەمی (عومەر) ناوی (یەعەلی کوری ئومەییە) دەنگ و پرشەنگی دایەوە ..؟!.[118]

پێنچەم : والی بەحرین :

لە کاتی دانانی ئەمیری باوەرداران بۆ خەلیفە ، ئەوە بوو لەولاتی بەحرین ، (عومەر) والیەکی دانا ، بەناوی (عەلاشی کوری خەزرەمی) بەلام لە کۆتایی ماوەی دا ، (عومەر) (عەلایشی کور خەزرەمی) لە سە رکارەکەی لە بەحرین ، لایدا گواستیەوە بۆ وەلایەتی (بەصرا) باشان عەلاش رەقی لەمە بوویەوە وەفاتی کرد ، هۆکارەکەشی ئەوە بوو ، کە لە ولاتی بەحرین روو بەرووی فارسە کان بووە تەوە (عومەر)یش زۆری پیچ ناخۆش بووە ، پاش وەفاتی عەلاش ، (عوسمانی کوری ئەبی عاص) کرایە والی بەحرین ..؟! .[119] پاشان (عومەر) (عوسمانی) پێویست بوو بە سەرکردایەتی کاروباری وەلایەتی (بەصر) ، پاشان (قودامەی کوری مظعوني) کردۆتە والی بەحرین ، دواتریش لە دووری خستەوە کە ناوانبار کرا بە خواردنەوەی مەی یان شەراب ، ئەوە ئەمیری باوەرداران سزای ئاینی سەپاند بەسەری دا ، دەلێن : لە کارخستنی (قودامە) لە سالی (٢٠) ی کۆچی بووە ، لە دوای (قودامە) یەکێکی تر دە کرێتە والی بەحرین ، دە گێرنەوە دەلێن (ابو هریرە) بووە والی بەحرین ..؟! [120]



شەشەم : والی وەلاتی مصر :

بەلێ ئەوبوو کە (عەمری کوری عاص) ئەو کەسە بوو کە بۆ فتح کردنی وەلاتی مصری پێ سپێدرا ، هەر ئەویش بووە والی وەلاتی مصر لە سەردەمی ئەمیری باوەرداران دا ، بەلام گێراوەکان ئەوەش دەلێن : کە هەندێك ناکۆکی هەبووە لە سەر بەرێوەبەردنی وەلاتی مصر لە نێوان ئەمیری باوەرداران و (عەمری کوری عاص) ، ئەو بوو ئەمیری باوەرداران هەرەشەی تەمێکردن و دارکاریکی کردن لە (عەمری کوری عاص) کردووە ، هەندێك لە گێراوەکان دەلێن والیە کی تریش هەبووە لە وەلاتی مصر لە شاری (سعید) ئەویش (عبدالله کوری سەرح) بووە ..؟! .[121]

---

[118]-غايةن الاماني في اخبار القطر اليماني يحيى بن الحسن (٨٣/١).
[119]-الولاية على البلدان (٧١/١).
[120]-سير أعلام النبلاء ، الولاية على البلدان (٧٣/١-٧٤-٧٥)، الطبقات الكبرى (٥٦/٥)،النهاية والبداية ابن كثير (١٠١/٧).
[121]-فتحوح مصر ص ١٧٣.

حەوتەم : ولایەتەکانی وەلاتی شام :

بەلێ کاتێك ئەمیری باوەرداران خەلیفە (ابو بکری صدیق) – خوا لێ رازی بێت – کۆچی دوایی کرد ، (خالیدی کوری ولید) سەر کردەی سوپای موسلمانان بوو لە وەلاتی شام ، لە گەل بوون بە خەلیفە ی موسلمانان (عەمەری کوری خەتاب) – خوا لێ رازی بێت – فەرمانی لە کارخستنی (خالیدی کوری ولید) دەرکرد ، وە لە شوێنی ئەو (ئەبو عبیدەی جەراحی) – خوا لێ رازی بێت – وەکو ئەمیری ئەمیرەکانی وەلاتی شام لە شوێنی دانا ، وە کردیە بەرپرسی راستەخۆی والیە کان وەلاتی شام ..؟![122] ئەمیری باوەرداران دەلێت : (ئەبوو عبیدە) کاتێك کە چاك سازی وەلاتی شامی کرد ، (یەزیدی کوری سفیان) ی کردە والی فەلەستین ، وە (شەرحەبیل کوری حەسن) کردە والی ئوردن ، وە (خالیدی کوری ولیدی) کردە والی دیمەشق ، (حبیب کوری موسلیمەی) کردە والی حمص ، وە پاشان (حبیب کوری موسلیمەی) دوور خستەوە و لە کاری خست ، وە کردە والی حمص ، پاشان ئەویشی دوور خستەوە ، دوتر ئەویشی لابرد (عوبادەی کوری سامتی) کردە والی ، وە ئەویش لابرد دواجار ی(عبداله کوری قیرت) گەراندەوە بۆ سەر کارەکەی ..؟! [123] پاشان لە وەك لە پێش دا باسمان کرد چەند والیەك لە شام کۆچیان کدر بە هۆی بەلاو بوونەوەی نەخۆشی یان تاعوونی عەمواش شەهید بوون ، لە دوای (ئەبوو عبیدە) ئەمیری باوەرداران ، (موحازی کوری جبل) و شوێنی گرتەوە ئەویش بە تاعوونی عەمواس شەهید بوو ، پاشان (یەزیدی کوری ئەبوو سفیان) کردە والیە و سەر کردەی موسلمانان لەوەلاتی شام ، پاشان لە سالی (١٨) کۆچیدا (یەزید کوری سفیان) وەفاتی کرد ، (معاویە ی کوری سفیان) کردە والی وەلاتی شام ... هید ؟! .[124]

هەشتەم : والیە کانی ولاتی عێراق فارس :

بەلێ لەکاتی فتح کردنی وەلاتی عیراق فارس دا ، لە سەردەمی (ابو بکر صدیق) – خوا لێ رازی بێت – دەستی پێکرد ، بۆیە سەرتا والی ئەم وەلایەتانە (موسنای کوری حارسە) کارو باری ئەم ولایەتانەی پێ سپێدرا ، پاشان (خالیدی کوری ولید) گەیشتە عیراق ، ئەو بووە والی عیراق ، دواتر فەرمان درا بە (خالید) بروات بۆ فتح کردنی وەلاتی شام ، دووبارە (موسنای کوری حارس) بووە بە والی عیرق ، بەلام کاتێك (عومەری کوری خەتاب) بووە خەلیفەی موسلمانان ، دیسان (موسنای کوری حارسی) لابرد و دووری خستەوە لە سەر کارەکەی ، ئەوە بوو (ئەبوو عبیدەی کوری مسعودی ئەلسەقەفی) لە شوێنی دانا ..؟! پێویستە ئەوە بلێن :، هاوکات لە گەل لادانی (خالیدی کوری ولید) بوو ، ئەمە ش بووە مایەی

[122]-تهذيب تاريخ دمشق (١٥٢/١).
[123]-الازدي لهةصحبة دمشق ورواية اشترك في فتحوح الشام ، تاريخ خليفة ص ١٥٥، فتوح الشام ص٢٤٨.
[124]-فتوح البلدان ص١٤٥، الولاية علي البلدان (٩٢/١-٩٣)،تاريخ الخليفة بن الخطاب ص١٥٥، فتوح البلدان (١٠٢/١).

خرۆشانی هزرو هۆشی خەلك ، بەلام (عومەر) فەرموو ی : من لەبەر ئەوە لایان نابەم کە گومانم لێیان هەبێت بەلکو خەلکی گەورەیان کردوون دەترسم پشتیان پێ ببەستن ..؟! [١٢٥] دواتر (موسنای کوری حارسی) گەراندوە ، وە سەرکردایەتی سوپای موسلمانان لە عیراق سپێدرا بە (سعدی کور ئەبی وەقاص) ..؟!.[١٢٦]

ولایەتی (بەصرا) :

پێش دامەزراندی ئەمیری باوەرداران (شورەیحی کوری عامری) رەوانەی ولایەتی بەصرای کرد ، وە کردیە والی بەصرا ، وە لە یەکێك لە جەنگەکانی ناوچەکە شەهیدکرا ، پاشان (عومەر) هەستا بە رەوانەکردنی (عوتبەی کوری غەزوان) بۆ شاری بەصرا ، هەر لەوێدا کردیە والی ، هەندێك دەلێن : (عوتبە) پاش جەنگی قادسیە یان جەلەولا رەوانەی بەصرا کراوە ..؟! [١٢٧] بەلام (عوتبە) داوای لاچوونی یان لەسەر کاری خۆی کرد لە والی بەصر ، بەلام ئەمیری باوەرداران رازی نەبوو بەم کارەی (عوتبە) ، بەلام (عومەر) هەر سوور بوو لە سەر ئەوەی (عوتبە) بگەڕێتەوە سەرکارە کەی ، ئەوە بوو کاتێك (عوتبە) گەرایەوە لە رێگادا کۆچی کرد ، هەوال گەیشتە ئەمیری باوەرداران ، ئەویش فەرمووی : من کوشتم ، ئەم وە فاتەی (عوتبە) سالی (١٧) کۆچی بوو ..؟! .[١٢٨]پاشان دوای (عوتبە) ئەمیری باوەرداران (موغیری کوری شوعبە) کردە والی پاشان ئەوەی لە سەر کار دوورخستەوە بە هۆی تۆمەتی داوێن پیسی ، دوای ئەوەی کەدەرکەوت (موغیرە) پاکە شایەدیەکەی تەمێکرد و دارکاریکرد ، پاشان دوای ئەو (ئەبوموسای ئەشعەری) کردە والی بەصرا ، وە (عومەر) ئامۆژگاری (ئەبوو موسای) کرد پێ فەرموو: (لە خوا ترسان و بەختەوەر کردنی خەلکی ، فەرمووی :بەختەوەرترین کەس ئەوەیە کە ژێردەستەکانی پێ بەختەوەر بن ، خراپترین کەس ئەوەی کە ژێردەستەکانی پێیان خراپ بێت ،وە نەکەی فێری بەرتیل بیت چونکە ژێردەستەکانیشت فێردەبن ، وێنەی تۆ لەمەدا وێنەی ئەو گیاندارەیە کە سەیری سەوزایەك دەکات لە زەویەك کەلێی لەوەراوە قەلەوی دەکات و بەراستیش قەلەوی قۆستوویەتیەوە ..؟!).[١٢٩]

ولایەتی (کوفا) :

بەلێ والی شاری (کوفا) (سعدی کوری ئەبی وەقاص) بوو ، خەلکی بە والی (کوفا) زۆر خۆش حال بوو، ئەویش (سعدی کوری ئەبی وەقاص) بووە ، ئەوەبوو ئەمیری باوەرداران پرسیاری لە یەکێك لە پیاوە بەناوبانگەکانی شاری (کوفا) کرد ، دەربارەی (سعدی کوری ئەبی وەقاص) وەلامی دایەوە ووتی : سادەو ساکارە لە کارەکەی دا ، عەربیە لە ژمارەیدا ، شێرە لە فەرمانرەواییدا ، ماف پەروەرە لە گرفتە کاندا و بە یەکسانی کارەکان دابەش دەکات ...هتد .؟!.[١٣٠]

---

[١٢٥]-الولاية البلدان (١٠٨/١).
[١٢٦]- الولاية البلدان (١١١/١-١١٣).
[١٢٧]-التنظمات الاجتماعية والاقتصادية في البصرة ص ٣٦،
[١٢٨]-تاريخ الخليفة عمر بن الخطاب ص١٢٧-١٢٨، الولايةت البلدان (١١٥/١-١١٧).
[١٢٩]-مناق عمر بن الخطاب لابن الجوزي ص ١٣٠.
[١٣٠]-الولاية البلدان (١٢٣/١).

والی مەدائن :

مەدائن پایتەختی دەولەتی کیسرا بوو ،وەلاتی فارس دەکات ، ئەوە بووئەمیری باوەرداران (سەلمانی فارسی) کردە والی لە شاری مەدائن ، بەلام سەلمان رازی نەبوو ، چونکە سەلمان چەند جارێك نامەی دەنووسی بۆ ئەمیری باوەرداران بۆ ئەوەی ئەم پۆستە وەرنەگرێت ، بەلام (عومەر) رازی نەبوو چونکە سەلمان پیاوێکی لە خوا ترس و بەناوبانگ بوو بە لە خوا ترسی ، وە جل بەرگی خوری لە بەردەکرد ، وە سواری کوێدرێژ دەبوو ن بەبێ کورتان وە نانی جوی دەخوارد سەلمان پێاوێکی زۆر لە خوا ترس بوو ..؟! .[١٣١] دەگێرنەوە لە سالی (٣٢) کۆچیدا سەلمان وەفاتی کرد ، لە شوێنی و (ئەبوو حوزەیفەی یەمانی) چووە جێ ..؟! .[١٣٢]

والی ئازربایجان :

بەلێ (حوزیفەی یەمانی) والی ئازربایجان بوو ، پاش ئەوەی کە لە مەدائن والی بوو ، دواتر (عوتبەی کوری فەرقەدی ئەسەلمی) رەوانەی مەدائن کرا لە شوێنی (حوزیفەی یمانی) ئەوبوو ئەویش گۆزرایەوە بۆ ولایەتی ئازربایجا ، ئەوە بوو کاتێك (عوتبە) هات بۆ ئازربایجا ، بینی خەلکی جۆرێك شیرینیان هەیە پێ دەلێن : (الخبیص) ، وە (حوزیفەش) هەندێکی پێچایەوە ناردیبە پۆستە ناردی بۆ (عومەر) ئەویش تەماشای کردو خواردی بینی زۆر بەچێژە وە زۆر پی سەر سام بوو ، پاشان فەرمووی : ئایا بۆ هەموو کۆچ کەرانی ناردووە ، کە لێی تێر بوون : پۆستە جیە کە ووتی : نەخێر . بەلکو ئەم خواردنێکە تایبەت بۆ تۆیە ، ئەویش فەرمانی دا بە گەرانەوەی شیرینیەکە بۆ (عوتبە) لە ئازربایجان نامەیەکی بۆ نووسی ، فەرمووی : ئەی (عوتبە) ئەمە لە هەول و ماندووبوونی تۆ و باوکت نیە ..!! موسلمانان بەوەی لە هەگبەتدایە لە هەگبەیان تێر بکە ، نەکەی لە خۆش گوزەرانی دابیت وەکو هاوبەش پەیداکەران پۆشاکی ئاوریشم لەبەر بکەی چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ رێگری لە پۆشینی و لە بەر کردنی کردووە ..؟! .[١٣٣]

دامەزراندنی والی یان کاربەدەستان لە سەردەمی ئەمیری باوەرداران

بەلێ (عومەر فاروق) یان ئەمیری باوەرداران لەسەر بنەکاکانی سوونەت پێغەمبەری خوا ﷺ دەرۆیشت ، لە دامەزراندین کاربەدەست یان والیە کان لە ولایەتەکاندا یان کاربەدەستان لە شارەکاندا ، بۆیە هەرکەسێك دوای والی یان کاربەدەستی بکردایە یان واستە یان بۆ بکردایە ، ئەمیری باوەرداران بۆ ئەم کارە بەکاری نەدەهێنا و یان نەی دەخستە سەرکار و بەرپرسیارەتی ، چونکە وای دەبینی هەلبژاردنی کاربەدەست لە بابی گەیاند ئەمانەت سپاردەیە لە سەر شانی ، بۆیە وا بە چاك دەزانی ئەوەی شیاوی پۆستەکەی دەست نیشانی دەکرد بۆ کاربەدەستی بەلام ئەگەر لەویش

---

[١٣١]-مروج الذهب (٣٠٦/٢)،
[١٣٢]- سيرة إعلام النبلاء (٣٦٤/٢).
[١٣٣]-الولاية علي البلدان (١٣٤/١-١٣٥).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

باشتر هەبووایە ئەوا دەی گۆری باشترینەکەی هەلدەبژارد بۆ ئەم پۆست والی و کاربەدەستی لێپرسراویەتیە دا یان بۆ ئە بەر پرسیاریەتیە ، لە گەل نەبوونی ئەو مەرجانەی کە دەی ویست پێ وابوو ئەوا خیانەت و ناپاکی لە خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ کردووە ..؟! . [١٣٤] هەر بۆیە لە ووتەکانیش لەم بارەیەوە دەفەرمووی : من بەر پرسم لە ئەمانەتەکەم و ئەوە کە تیایدان ، بە ئاگام لە سەر ئەوەی کە دەروونی خۆم ئامادەم دەکات إنشا الله ، نایسپێرم بە هیچ کەسێك ، نازانم لێی دووریکەومەوە مەگەر بە سپاردنی بە دەست پاکان و ئامۆژگاری کاران بێت لە ئێوە بۆ خەلکی بە گشتی ، ئەمانەتی خۆم جگە لەوان بە کەسی تر نادەم ..؟! .[١٣٥] هەروەها لە ووتەیەکی تردا دەفەرمووێت : هەر کەسێك دوای کەسێك بکەوێت لە نێو کۆمەلێکدا و ئەوەش بزانێت لە نێو ئەو کۆمەلە دا کەسێکی تر هەیە شیاو تر یان زیاتر بۆ رەزامەندی خود کاردەکات ئەوە سەختەی یان ناپاکی کردووە لە خودا و پێغەمبەرەکەی ﷺو هەموو ئیمانداران یان باوەرداران دا ..؟! .[١٣٦] هەروەها لە ووتەیەکی تریشدا دەفەرمووێت : هەر کەس بۆ کاروباری موسلمانان لە بەر هەست و سۆز و خزمایەتی نێوان خۆی و ئەو کەسێك بکاتە والی .؟! ئەوا سەختەو ناپاکی لە خوا پێغەمبەرەکەی دا و تەواو باوەرداران دا کردووە ..؟! .[١٣٧]

گرینگترین یاساکانی ئەمیری باوەرداران لە دامەزراندنی والی یان کار بەدەست و بەرپرسەکان

١-بەهێزی و دەست پاکی :

چونکە (عومەر) بە هێزترینی پەسەند دەکرد بە سەر بەهێزدا ، ئەوە بوو (شەرحەبیلی کوری حەسنەی) لابرد (معاویە کوری سفیانی) دانا.[١٣٨]

٢-بەرچاو روونی بەکارەکان :

---

[١٣٤]-الوقائع ندوة النظم الاسلامية (١/٢٩٥-٢٩٦).
[١٣٥]-دور الحجاز في حياة السياسة ص ٢٥٥.
[١٣٦]- الفتاوى ابن تيمية (٢٨/٤٢).
[١٣٧]- الفتاوى ابن تيمية (٢٨/١٣٨).
[١٣٨]-تاريخ الطبري (٥/٣٩)

مانای ئەوەیە کە ئەو کەسانەی ئەمیری باوەرداران لێ یان گەراوە ، ئەو کەسانە بوون لە خوا ترس رەوشت بەرز بوونە ، بەلام ئەوی تێدا بەدی دەکردن تا چەند شارەزایان لە کارەکاندا هەبووە بەتایبەتی فەرمانرەوایی ، چونکە ئەگەر بەرچاو روونی یان دیدەی نەبێت لە کاروباری بەرپرسیارەتی دا ئەوا دەبێتە نمایشێك بۆ هەڵخەڵەتاندنی فێل لێ کردنی کەسانی ئارزوو باز تەماح کارو پیسکە قتور چاو چنۆك و خراپەکار و دوو رووەکان ، ئەوا دواتر سەر گەردان دەبێت بەدەستی ئەو جۆرەکە کەسانەوە ، بۆیە کەسی لە باری تاقی دەکردەوە ، بۆیە (عومەر) هەلدەستا بە دوور خستەوەی کە و بەرپرسانە کە کەسی خراپ نەناسێت یان خراپە و چاکە لێك جیا نەکاتەوە ، بۆنموونە : ئەمیری باوەرداران پرسیاری لە پیاوێك کرد ، کە بە نیاز بوو بەر پرسیاریەتێکی پێ بسپێرێت ..!! لەوەلامدا پێیان ووت : ئەی ئەمیری باوەرداران ئەو خراپە ناناسیت ..؟! (عومەریش) پێ فەرموو: بەلام لێدای ئەوە سوکترینیانە ئەگەر تێی بکەوێت ..؟؟! .[١٣٩]

٣-زەمینەی زانست بە شەریعەت لە بە والی کردندا :

واتە : لە قورئان و سوونەتی پێغەمبەری ﷺ برۆیشتایە ، ئەگەر سوپایەك بەرێکەوتایە لە باوەرداران دا ئەوکەسێکی دەکردە فەرماندەی سوپای یان فەرمانرەوای سوپا ئەواخاوەنی تێگەیشتن و زانیاری و زاستی شەریعی بوایە لە قورئان و سوونەت دا ..؟!

٤-شارەزایی لە دانیشتوانی دەشتەکی و دانیشتوانی شار هەبووایە:

٥-لێبردەیی و رەحم و بەزەیی بەخەلکیدا :

بۆنموونە:(رۆژێکیان ئەمیری باوەرداران نامەی بۆ پیاوێکی هۆزی ئەسلەمی نووسی تابیکات بە کاربەدەست یان بە بەرپرس ، پیاوەکەش چووە ژوورەوە بۆ لای (عومەر) ، پیاوەکەش بینی هەندێك منداڵی (عومەر) لە ژوورەکەی باوکیانن یاریان پێ دەکات ، پیاوەکە ووتی : ئەی ئەمیری باوەرداران ئەمەش دەکەیت ..؟! سوێند بەخوا من هەرگیز منداڵی خۆم ماچ نە کردووە ، پاشان (عومەر) فەرمووی: بە خوا لێبووردەت بەرانبەر بەخەلکی زۆر کەمە ، هیچ کارێکم بۆ مەکە یان هیچ بەرپرسیایەتێك هەلمەگرە ،دواتر (عومەر) گەراندیەوە بەر پرسیاریەتی پێ نەدا)..؟! .[١٤٠]

٦-هیچ کام لە دۆستانی خزم کەسی نەدەکردە بە پرس یان کاربەدەست :

بەلێ (عومەر) سوور بوو لەسەر ئەوەی کە هیچ کام لە دۆستان خزمانی خۆی نەکاتە بە کار بەدەست یان والی شارەکان ..؟!

نموونەیەك: دەربارەی ئەم بابەتە(ئەوە بوو پیاوێك گوێیی بوو (عومەر) سکالای دەکرد بۆ خەلکی کوفا ، لە کاروباری والیە کانیان ، (عومەر) فەرمووی: بریا من پیاوێکی بەهێز و دەست پاك و موسلمانم ببینیبایەوە و بمکردایە کار بەدەست یان بەرپرس بەسەریانەوە ، پیاوەکەش ووتی : سوێند بەخوا من ئەو کەست نیشادەدەم ، ئەو کەسە (عبدالله کوری عومەرە) ئەمیری باوەرداران فەرمووی : خوا بتکوژیت ، سوێند بەخوا من

[١٣٩]-نظام الحاكم في الشريعة الاسلامي (٤٧٩/١).
[١٤٠]-محض الصواب (٥١٩/٢).

مەبەستم ئەو نەبووە) ..؟! .[١٤١] هەر لەبەر ئەمە (عومەر) فەرمووی: هەر کەسێك پیاوێك بکاتە والی یان کاربەدەستێك ، لەبە خاتری یان سۆزداری دۆستایەتی یان خزمایەتی بە کاربهێنێت ، ئەوا لە بەر شیاوی نەبێت ئەوا غەش یان ساختەی کردووە لە خوا پێغەمبەرەکەی ﷺ ..؟! .[١٤٢]

٧-هەرکەسێك بەخۆی داوای بەرپرسیاریەتێکی بکردایە یان داوای پۆستێکی بکردایە (عومەر) هەر گیز پێ نەدەبەخشی :

(عومەر) – خوا لێ رازی بێت – هیچ کارێك یان بەرپرسیاریەتیکی نەدەسپارد بەکەسێك ئەگەر بەخۆی داوای بکردیە ، لەم بارەیەوە ، ئەمیری باوەرداران دەی فەرموو : هەر کەس داوای کارێك بکات لە سەری دانامەزرێت وە لەسەر ئەم کارەی پەیوەست بە سوونەتی پێغەمبەری ﷺ دەرۆیشت ..؟!

٨-(عومەر) – خوا لێ رازی بێت – هەرگیز ئەو کەسانەی نەدەکردە بە والی یان کاربەدەست کە کاری بازرگانیان بکردیە :

بۆیە (عومەر) رێگری دەکرد لە کاربەدەستەکانی کاری مامەلەکردن و بازرگانی بکەن لە سەر پۆستەکەیان ، چونکە نەی دەهێت بچنە نێو مامەلە بازرگانیەکانەوە ،چ وەك فرۆشیار چ وەك کریار ئەمەی قەدەغە کردبوو لە کاربەدەستان و والیەکاندا، بۆ نموونە: (دەگێرنەوە کاربەدەستێکی کە ناوی (حارسی کوری کەعبی کوری وەهب) بووە ، سەر مایەکی زۆری لێ دەرکەوتووە ، ئەمیری باوەرداران پرسیاری سەرچاوەی ئەم سەرمایەیەی لێ کردووە ئەویش لە وەلامدا ووتی : من بە سامانێکەوە دەرچووم و بازرگانیم پێوە کردووە ، (عومەر) فەرمووی : سوێند بە خوا ئێمە تۆمان نە ناردووە تا بازرگانی بکەیت وە هەرچیەك کە قازانجی لێوە دەست کەوتبوو (عومەر) لێ سەندەوە)..؟! .[١٤٣]

تێبینی : بۆ بەرپرسان و کاربەدەستانی ئەم سەردەمە دەزانن ، بۆ تووشی قەیران لە سەر قەیرانی ئابووری بوونە ، چونکە خۆتان بووینە بازرگان بە هەموو چومگەکان ، بۆیە باردۆخی خەلکی رۆژ بەرۆژ بەرەو دارمان و وێران تر دەچێت ، ئەوەند بە کۆمپانیان بەنزینخانە و بانگە بازرگانیەکان سەرقالن بەئیش کاری هاولاتیە سەرقال نین بۆیە حال مان ئەوایە زەیلی دەستی بێگانە بووینە ..؟! بۆ خوێندەوار نێن سەری دادپەروەری حکم فەرمانرەوایەتی ئەمیری باوەرداران بکەن ..؟!

٩-هەژمارو ئاماری سامانی کاربەدەستانی ئەنجامدەدا پێش دەست بەکار بوونیان :

بەلێ (عومەر) هەژمارو ئاماری کاربەدەستانی دەکرد پێ دەست بەکار بوونیان ، تاکو ئەگەر دوای بە والی بوونیان یان بە بەرپرسارییەتیان ، ئەو سەرمایەیە زۆرتر بوو ، ئەوا لێ پرسینەوەیان لە گەلدا بکرێت ، بەجۆرێك کە زیاد کردنە لە سەر مایەیان ئەقل بیبرێت ، چونکە هەر کەس لەوان

---

[١٤١]-مناقب أمير المؤمنين لابن الجوزي ص ١٠٨.
[١٤٢]- الفتاوى الكبرى ابن تيمية (١٣٨/٢٨).
[١٤٣]-الادارة الاسلامية في عصر عمر بن الخطاب ص٢١٣.

دەست بکردیە بە بازرگانی کردن لە کاتی ئەرکەکەیدا ، ئەوا سکالایان حجەیان نەی دەخوارد بۆ بەرگری کردن لە خۆیان ، چونکە (عومەر) هەمیشە پێ دەفەرموون : ئێومان ناردووە بۆ کاربەدەستی یان بۆ والی نەوە ك بۆ بازرگانی کردن ..؟! .[١٤٤]

١٠- مەرجی (عومەر) لە سەر کاربە دەستان :

بەلێ ئەگەر (عومەر) هەر کەسێکی بردایە کاربەدەست نووسراوێکی پێ دەنووسی ئەنصارەکانی لەسەر دەکردە شاهید ، پاشان پێ دەفەرموو: ئەو کەسە سوارەی باگیر نەبێت ، لە خواردندا زیادە رۆیی نەکات وە پۆشاکی نەرم نیان لەبەر نەکات ، لەرووی موسلمانان دەرگای دانەخات پاشان دەی فەرموو : (خوای گەور) تۆ شایەدی ..؟! .[١٤٥]

تێبینی : مەبەست لەم کارەی ئەمیری باوەرداران ئەوەیە تاکو والیە کان و کاربەدەستان پابەند بکات بە لە خوا ترسان و ، هەروەها بابەند بوونیان بە شەریعەت و سوونەتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئەوان ببنە پێشەنگ بۆ ژێردەستەکانیان لە کاری چاکسازیدا ، هەروەها خۆیان لە خەلکی نەدزنەوە دەرکا لەسەر خۆیان قەبات نەکەن ، بۆ ئەوەی خەلکی فەقیر و هەژارو نەدار سەردیان نەکات ، یان ئەو کەسانەی کە سکالایان هەیە ، دیارە بۆ ئەم مەبەست بەرپرسەکانی ئێستای ئەم سەردەمە ، هەر وان تەلەفۆنەکانیان بە رووی هاولاتیان دادەخەن ، دەرگاکانیان داخستووە ، وەلامی سکالاکاران نادەنەوە ، بۆخۆیان نایەنە دەروە لە کۆشك و تەلارەکانیان بۆیە ژیان ئابووری خەلکی رۆژ بەرۆژ بەرەو دارمان دەچێت ، ئەی لەم رۆژە دا چۆن وەلام دەدەنەوە کە (خوای گەورە) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤] واتە: وە ڕایانبگرن و بەندیان بکەن بۆ لێپرسینەوە لە وتەو کردەوەکانی دونیایان لەبەر ئەوەی ئەمانە لێپرسراون، لە مافی خوای گەورە یەکەم شت پرسیار لە مرۆڤ دەکرێت لەسەر نوێژەکانی، وە لە مافی خەڵکی پرسیاری لێدەکرێت لەسەر خوێن رژاندن و کوشتن، وە دوو پێی هیچ کەسێك ناجولێت تا پرسیاری تەمەن و گەنجێتی لێنەکرێت لە چیدا بەسەری بردووە، وە ماڵ و سەروەت و سامانی چۆن پەیدای کردووەو لە چیدا سەرفی کردووە، وە زانست و زانیاریەکەی گەیاندۆتی و کاری پێکردووە یان نا، وە پرسیاری هاوڕێکانی لێدەکرێت هاوڕێتی کەسانی دینداروو خواپەرست و رەوشت بەرزی کردووە یان بە پێچەوانەوە..؟!

١١-راوێژ کردنی ئەمیری باوەرداران لە هەلبژاردنی کاربەدەست یان والی :

١٤٤- الادارة الاسلامية في عصر عمر بن الخطاب ص٢١٥.
١٤٥-محض الصواب (٢/٥١٠).

بەراستی بۆ هەلبژاردنی والی یان کاربەدەست ئەمیری باوەرداران راوێژی یان پرس رای بە یارانی دەکرد ، ئەگەر ئەکێکی بکردیە والی یان کاربەدەست ، بۆئەم مەبەست ،(عومەر) رۆژێك بە یارانی فەرموو: پیاوێکم نیشان بدەن ئەگەر لە ناو گەل و هۆزەکەی ئەمیر بێت کەس هەستی پێ نەکات کە ئەمیرە ، کاتێك ئەمیر نیە خەلکی وابزانن کە ئەمیرە ..؟! .[١٤٦] ئەوانی ئاماژەیان بە (رەبیعی کوری زیاد) کرد ..؟! .[١٤٧]

١٢-ئەمیری باوەرداران کاربەدەستانی تاقی دەکردەوە پێش بە والی بوونیان :

(عومەر) کاربەدەستانی تاقی دەکردەوە پێ بوونیان بە کاربەدەست یان بیانکاتە بەرپرس و والی ، (ئەحنەفی کوری قەیس) باسی لێوە دەکات ماوەیەکی درێژ دەخایەند ، (ئەحنەف) دەفەرمووێت : چوومە بۆلای (عومەر) لە لای خۆی هێشتمەوە پاشان فەرمووی : ئەی (ئەحنەف) تاقیم کردێتەوە و بینیم کە ئاشکراو دەرو روخسارت باشە و من تکا دەکەم کە پەنهانیە کەیشت وەك ئاشکراو دەور روخسارت وا بێت ، ئێمە باسی ئەومان دەکرد کە ئەم ئومەتە بە دورووبەکی زانا تیادەچێت ، دواتر (عومەر) پێی فەرموو : (ئایا دەزانی کە بۆچی بەندم کردی ..؟! بۆی روون کردەوە کە ویستوویەتی تاقیبکاتەوە پاشان بیکاتە والی ..؟! . [١٤٨] (عومەر) چەند ئامۆژگاریەکی (ئەحنەفی) کرد و فەرمووی : ئەی (ئەحنەف) هەر کەسێك زۆر پێبکەنێت سام و هەیبەتی نامێنێت ، هەر کەس گالتە بکات پێیی سووك دەبێت ، هەر کەس خراپەی زۆر بێت شەرمی کەم دەبێت و هەر کەسیش قۆر بلێ بێت خراپەی زۆر دەبێت ، هەر کەس خراپەی زۆر بێت شەرمی کەم دەبێت و هەر کەسیش شەرمی کەم بێت لە خوا ترسانی کەم بێت و هەر کەسی لە خواترسانی کەم بێت ، دەلێ دەمرێت ..؟! .[١٤٩]

١٤-لە کاروباری موسلمانان پشت بە گاور جوولەکە نابەسترێ :

دەگێرنەوە لە وەلاتی شامەوە هەوال ئازادکردنی هات بۆ (عومەر) ئەویش فەرمووی : بە (ئەبو موسا ئەشعەری) نووسەرەکەت بانگ بکە تا لە مەزگەوت ئەم هەواله بخوێنێتەوە بۆ خەلکی ، (ئەبو موسا) ووتی : ئەو ناتوانێت بێتە ناو مەزگەوتەوە ، (عومەر) فەرمووی : بۆ چی ..؟! ئایا لە شی گرانە ..؟! ئەبو موسا ووتی : نەخێر ئەو گاورە ..!! دواتر (عومەر) فەرمووی : لێیان نزیك مەبنەوە لە کاتێکدا کە (خوای گەورە) پارچە پارچەی کردوون ن رێزیان مەگرن لە کاتێك کە پەروەردگار سووکایەتی پێ کردوون ، لێیان دلنیا مەبن کاتێك کە خوا ناپاکی کردوون ، من رێگریم لێ کردوون کە گاور و جوولەکە لە کارەکانتاندا بەکاربهێنن ، لەبەر ئەوەی ئەوان بەرتیل وەرگرتن ، (ئۆسق) دەلێت : من بەندەیەکی گاور بووم لەبەر دەستی (عومەر) پێ فەرمووم : موسلمان ببە هەتا لە بەرێکردنی هەندێ لە کاروباری موسلمانان پشتت پێ ببە ستین ، لە بەر ئەوەی کەشیاو نیە بۆ ئێمە کە پشت بە کاروبارەکانی ئەوان ببەسین لە کاتێکدا کە لەوان نین وە کاتێك کە ئامادەی سەرەمەرگی بووم ئازادی کردم و فەرمووی : برۆ بەو شێوەیەی کە خۆت پێت خۆشە ..؟! .[١٥٠]

گرینگترین سیفەتەکانی کاربەدەست یان والی لە لای ئەمیری باوەرداران

---

[١٤٦]-فرائد الكلام ص١٦٥.
[١٤٧]- فرائد الكلام ص١٦٥.
[١٤٨]-الولاية على البلدان (١٤٢/١).
[١٤٩]-صفة الصفوة (٢٨٧/١).
[١٥٠]-محض الصواب (٥١٤/٢).

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمْ ۖ إِنَّهُم مَّسْـُٔولُونَ ﴿٢٤﴾﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

١-متەدین یان ئاینگەرێتی :

٢-خۆبەکەم زانین :

٣-لە خوا ترسان ، یان خواپەرستی بە دلسۆزی و ئەخلاصی :

٤-زێزگرتنی والی بۆ والی پێش خۆی .

هاڤەکانی والی لەسەر خەلك وە لەسەر ئەمیري باوەڕداران

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]

١-سەرپێچی نەکردنی خەلك یان ملکەچی لە سەر پێچی نەکردندا :

واتە: ملکەچی خەلك بۆ والی ئەمەش مافی والیەکانە یان سەرکردەکان پێویستیەکە کە شەرع بریاری لەسەر داوە ،کە (خوای گەورە) دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَـٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ٥٩﴾ [النِّسَاء : ٥٩] واتە : [يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ] ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمانتان هێناوە گوێڕایەڵی خواو گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا بکەن- صلى الله عليه وسلم - وە ئەوانەی کە فەرمانڕەواو کاربەدەستی ئێوەن چ فەرمانڕەوایان وە چ زانایان هەردووکی ئەگرێتەوە لە چاکەدا بەڵام لە خراپەو تاواندا گوێڕایەڵی بۆ کەس نیە، ئەم ئایەتە لەسەر (عبدالله بن حذافة بن قيس بن عدي) دابەزی کە پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - کردی بە ئەمیری سریەیەك و فەرمانی پێ کردن کە گوێڕایەڵی بکەن، ئەویش توڕە بوو وتی ئایا پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - فەرمانی پێ نەکردون گوێڕایەڵیم بکەن؟ وتیان بەڵێ، وتی دارم بۆ کۆ بکەنەوە، کۆیان کردەوە، وتی: ئاگری تێبەر بدەن، ئاگریان تێبەردا، وتی: بچنە ناوی، ویستیان بچنە ناوی، بەڵام هەندێکیان هەندێکیان دەگرت و وتیان: ئێمە لەترسی ئاگر رامان کرد بۆ لای پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - بە قسە یان نەکرد تا ئاگرەکە دامرکایەوەو ئەویش توڕەبوونەکەی ئارام بوەوە کە ئەم هەواڵە بە پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - گەیشت فەرمووی: ئەگەر بچونایەتە ناو ئاگرەکە لێی دەرناچوون تا رۆژی قیامەت، چونکە گوێڕایەڵی تەنها لە چاکەدایە. {گەڕاندنەوەی کێشە بۆ لای خواو پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم -} [فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ] وە ئەگەر لە هەر شتێکدا کێشە کەوتە نێوانتانەوە لە دین و دونیا ئەوە بیگەڕێننەوە بۆ لای خواو پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - واتە: بۆ لای قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - پاش مردنی پێغەمبەر- صلى الله عليه وسلم - [إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ] ئەگەر ئێوە ئیمانتان بەخواو بەڕۆژی دوایی هەیە [ذَلِكَ خَيْرٌ] کە کێشەتان بگەڕێننەوە بۆ لای قورئان و سوننەت ئەم گەڕاندنەوەیە بۆ لای قورئان و سوننەت باشترین کارێکە کە ئەیکەن [وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا (٥٩)] وە باشترین سەرەنجام و شوێنی گەڕاندنەوەیە کە ئێوە لە کاتی کێشەدا بگەڕێنەوە بۆ لای قورئان و سوننەت..؟!

٢-خەلاتی ئامۆژگاری بۆ والی :

بەلێ دەگێڕنەوە دەڵێن : پیاوێك هات بۆلای ئەمیری باوەرداران پێی ووت : ئەی میری باوەردارارن لە بەر خودا باکم نیە لە لۆمەی لۆمەکاران ئەگەر چی چاك بیچت بۆم یان لە خۆم برۆمە پێشێ ..؟! (عومەر) فەرمووی : هەر کەس لە کاروباری موسلمانان شتێکی گرت دەست ئەوا لە لۆمەی لۆمەکاران ناترسێت لە بەر خوا ، هەر کەس خالی بوو لەمە با لە خۆی برواتە پێشێ و ئامۆژگاری بەر پرسەکەی بکات ..؟! [١٥١]

٣-گەیاندنی هەوال و زانیاری بە والی :

بەلێ پێویستە لەسەر خەلکی هەوالی راست و دروست بگەیننە بە والی و لەمەدا راست و دروستی و راسگۆیی لە سەرووی هەموو شتێکە ،ئەگەر چی هەوال و زانیارەکە تایبەت بێت یان بە بارودۆخی خەلکی بە گشتی بێت یان هەوال و زانیاری گەیاندنی تایبەت بە دوژمنانی سوپای موسلمانان ، یان ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بە خراپەکاران ئەو کەسانی زیان بە موسلمانان دەگەیەنن یان وەکو غش و سەختەکاری و بەتیل خۆری کارمەندانی یان فەرمانبەران دولەت یان کاربەدەستانی دولەت ئەوانەی کە پەیوەندیان هەیە بە فساد و گەندەلی نێو دولەت کۆمەلگای ئیسلام ، پێویستە هەوال و زانیاری بە والی بگات بەراست و دروستی ئەوانەی کە سەرپێچی و خراپەکاری دەکەن ، دەبێت هەم فەرمانرەوای هەم خەلکی لە منتقی هابەشی بوون لە بەرپرسیاریەتی لەگەل والی و چاودێری کردنی بەرژەوەندی گشتی بۆ ئۆمەتی ئیسلامی ..؟! . [١٥٢]

٤-هاریکاری والی لە هەلوێستیدا:

بەلێ کەواتە ئەگەر هەلوێستی والی بۆ بەژەوەندی گشتی بوو ، ئەوا پێویست لەلایەن خلیفە یان ئەمیری باوەرداران پشتگیری بکرێت .

٥-مافی والی یان سەرکردە لە هەولداندا یان لە کۆشش کردنی :

بەلێ مافی والیە یان سەرکردەیە کە هەولدان و کۆششی بەرای خۆی بێت لە کارکردنی دا ، یان لەو کارانەی کە بواری کراوەیان تێدا بەدی دەکرێت ، بەتایبەتی لەو کارانەی کە شەریعەتی ئیسلام بە ووردی دیاری نەکردووە ، یان ئەو کارو یاساو رێنمایانەی کە دولەت بەووردی دیاری نەکردووە ،والی یان کاربەدەست مافی خۆیەتی کە ئیجتهادی یان کۆششی تێدا بکات ، هەروەها لەو کارانەش کە سپاردەی خەلیفەی یان ئەمیری باوەرداران تێدا نەهاتووە بۆ کارپێکردنی لە سنوورێکی دیارکراودا ، دەگێڕنەوە یەکێك لە والیە کانی ئەمیری باوەرداران لە وەلاتی شام هەولی خۆیدا بۆ دابەشکردنی بەشەکانی غەنیمەت یان دەست کەوت لە نێوان پیادە و ئەسپ سواراندا ، (عومەر) هەولەکەی بە بەرزو بە شیاو نرخاند (ابن مسعود) — خوا لێ رازی بێت — بەناوبانگە یەکێك بوو لەو والیەکانی ئەمیری باوەرداران لە سەر ئەم مەسئەلەی هەولداندا پێچەوانەی رای (عومەر) بوویەوە ..؟! . [١٥٣]

٦-رێزگرتنی والیە کان لە دوای لابردنیان لە سەر کارەکانیان :

---

[١٥١]-الخرج لأبي يوسف ص ١٥، الولاية البلدان (٥٧/٢).
[١٥٢]-الولاية البلدان (٥٧/٢).
[١٥٣]-إعلام الموقعين (٢١٨/٢).

دەگێڕنەوە دەڵێن : کاتێك ئەمیری باوەرداران – خوا لێ رازی بێت – (شەرحەبیلی کوری حەسنەی) لە والی ئۆردن دوور خستەوە یان لە کاری لابرد ،هۆی ئەم لە کار لابردنی بۆ خەلکی روون کردەوە ، کاتێ کە (شەرحەبیل) پرسیاری کرد : ئایا لە بێزاریت بوو لە کار من لابرد ئەی ئەمیری باوەرداران ..؟! (عومەر) فەرمووی : من هەردوو کتانم خۆش دەوێت ..؟! واتە: وادیارە والیەکی تریش لە گەل (شەرحەبیل) لابردووە ، بۆیە دەفەمووی : من هەردووکتانم خۆش دەوێت ..!! بەلام پیاوێکی بە هێزترم لە پیاوێکی بەهێز خۆشتر دەوێ ..؟! [١٥٤] دەگێڕنەوە دەڵێن : (عومەر) هاوەلی بەرزێزی (سعدی کوری وەقاصی) لە والی کوفا لابرد یان دوور خستەوە ، وەك رێز بووە ، چونکە نەی ویستووە خەلکی کوفا ، عەیبداری بکەن بە ناتە و تەشەنە کانیا ، بەوەی کە لە نوێژە کانی دا چونکە (سعدی کوری وەقاص) – خوا لێ رازی بێت – زۆر لێکچوونی هەبووە لە نوێژەکانی دا بە نوێژی پێغەمبەری خوا ﷺ ، چونکە زۆر شارەزایی هەبووە لە سیفەتەکانی نوێژی پێغەمبەری خوا ﷺ ، بۆیە (عومەر) لەکاری لابرد وەکو رێزێك بۆی تا نەبێتە تانە بەسەر رازی کەسانی خراپ و نەفامەکانەوە ..؟! .[١٥٥]

٦-مافی ماددی یان مووچەیان لە دولەتی ئەمیری باوەرداران :

بەلێ لە لایەنی ماددی یەوە والیەکان مافی تایبەتی خۆی هەبووە لە سەروی هەمووشیانەوە ئەو مووچەیان بووە کە ئەمیری باوەرداران بۆی برینەتەوە کە پێی ژیاون ..!! بۆیە هاوەلانی بەرێز – خوا لێیان رازی بێت – وە لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەمیری باوەرداران ، زۆر گرینگی بەم مەسەلەیە داو دەربارەی پاداشت مووچە برینەوە رزق رۆزی والیە کان و کاربەدەسانی دەولەتی ئیسلام ، مافەکانیان پاراستوون بێ نیازیان نەکردوون ، کە چاویان لەدەستی خەلك بێت ، چونکە دەبێتە کاریگەری زۆری بۆ سەختەکاری غەش و بەرتیل خۆری و دەم چەورکردن ، ناحەقی و دادگەری لە بریارەکانیاندا، دەگێڕنەوە گفتو گۆو مشتوڕێك لەنێوانی (عومەر) و (ئەبوو عبیدە) دا پەیدابوو ، کە (ئەبوو عبیدە) بە (عومەری) فەرموو : هاوەلانی پێغەمبەر ﷺ پۆژخلە کردووە – واتە کردونتە کار بەدەست – (عومەریش) لەوەلامدا فەرمووی : ئەی ابا عبیدە ، ئەگەر من بۆ پاك راگرتنی ئاینەکەم پشت بە خەلکی دیندار نەبەستم ئەی پشت بە کری ببەستم ..؟! (ئەبوو عبیدەش) فەرمووی : ئەگەر ئەمەت کرد بێ نیازیان بکە بە کاربە دەستی لە خیانەت کردن ..؟! . [١٥٦] واتە: ئەگەر لە شتێك بە کارت هێنان ئەوا مافیان یان مووچەی چاك یان پێ بدە ، یان لە بەخشین و رزق رۆزیان تێر یان بکە ، تا پێویسیان بە ساختە کاری و غەش و بەرتیل و دەم چەورکردن خەلکی نەبێت ..؟! ئەوە بوو (عومەر) هاوشێوەی کارەکانیان لە سەر رێژەی ئەوەی کە شیاو بوو بۆیان لە خواردن و ئەوەی کە لە کارەکانیان پێی هەلدەستن بۆ فەرماندەی سوپا و گوندەکان و تەواوی کاربەدەستان هێندی بەخشش دەدانێ کە بە باشی بەشیان بکات ..؟! .[١٥٧] نموونەیەك (عومەر) – خوا لێ رازی بێت) بۆ (سەلمانی فارسی) کە والی مەدائن بووە ، نزیکەی بەرپرسی (٣٠) هەزار کەس بووە ، (عومەر) (٥٠٠٠) هەزار دەرهەمی وەك مووچەکەی بۆ بریوە تەوە ..؟! .[١٥٨]

٨-چارە سەری کێشەکانی والیە کان یان کاربەدەستان :

---

[١٥٤]-تاريخ الطبري (٣٩/٥).
[١٥٥]- الولاية البلدان (٥٩/٢).
[١٥٦]الولاية البلدان (٦٠/٢)، الخراج لأبي يوسف ص١٢٢.
[١٥٧]-الولاية البلدان (١٤٩/٢) تاريخ المدينة (٦٩٤/٢).
[١٥٨]-سير أعلام النبلاء (٥٤٧/١).

پێویستە لە سەر سەرکردەکان یان ئەوانەی فەرمانرەوایی دەکەن ، کێشەکانی ئەوانە چارەسەربکە ، کە کرایینە والی یان کاربەدەست و فەرمانبەر و کارمەندی دەولەت ، چونکە ئەوان لە پێناوی خەلکی بە گشتی کارەکانیان ئەنجامدەدن ، هەلبەت ئەوانەی کە بە دلسۆزی راست و دروستی کارەکانی دەکەن بەتەوایی ئەنجامی دەدەن بێ غەش و سەختەکاری ، دەبێت لە سەر دەولەت بە دوای کێشەکانیان بچن بۆیان چارەسەر بکەن ، چونکە ئەوانەن وەلات بەرێوەدەبن نکە فەرمانرەواکان ، بۆیە ئەمیری باوەرداران زۆر بە پەرۆش بووە ، کاتێك والیەکی یان کاربەدەستێکی تووشی کێشەو ناخۆشیەك بووە ..؟!

دەگێرنەوە دەلێن : (موعەیقیب)- خوا لێ رازی بێت – کە خەزینەداری بیت و مال بووە لە سەردەمی ئەمیری باوەرداران ، ئەوە بوو (موعەیقیب) نە خۆش کەوت ..!! (عومەری) زۆر بە پەرۆش بوو بۆی ، داوای چارەسەری بۆ دەکرد لە هەر کەسێك کە باسی چارەسەر کردنی لێوە بیستبێت ، هە تاکو دوو پیاو کە خەلکی یەمەن بوون ، هاتنە لای و ئەویش پرسی : ئایا هیچ چارە سەرێکتان لە لایە بۆ ئەم پیاوە باشە چونکە ئە ئازارە زۆر بە خێرایی تەشەنە لە گیانی دەکات ..؟! ئەوانیش ووتیان : شتێك کە نەخۆشیەکەی برەوێنێتەوە یان چارەسەری بکات ، ئەوەیە ئێمە توانامانداە نیە بەلام ئێمە بە دەرمانێك تیماری دەردەکەی دەکەین کە ئازارەکەی رابگریچت و زیاد نەکات ، (عومەر) فەرمووی : ئەمە سەلامەتیچکی گەورەیە ئەگەر ئازارەکەی بوەستێت و زیاد نەکات ، ئەوانیش ووتیان : ئایا لە زەوی تۆدا گوژالکە هەیە ..؟! (عومەریش) فەرمووی : بەلێ .ئەوانیش وتیان : هەندێکمان بۆ بێنە ، (عومەریش) فەرمانی دا خەلکیش دوو پۆپەلی گەورەیان بۆ کۆکۆدەوە ، پاشان هەلسان هەر گوژالکەیەکیان کرد بە دوو کەرتەوە دواتر (موعەیقیب) یان پالخست و هەر یەکیان پێیەکی گرت ژێر پێیان بەو گوژالکە یە هەنود ، هەتا ئەگەر خراپ ببوایە یەکێکی تریان دەگرت بە دەستەوە ، پاشان ناردیان (عومەر) فەرمووی : ئەم ئازارەی هەرگیز زیاد ناکات ، گێرەرەوەکە ووتی : سوێند بە خوا (موعەیقیب) پاش خۆراگربوو وە تا مردیش ئەو ئازارەی زیادی نەکرد ..؟! .[١٥٩]

تێبینی / بەرپرسان و کاربەدەستانی ئەم سەردەمە ،نەوەك بەدوایی کێشە و گرفتی کارمەندان و فەرمانبەرانەوە ، بەلکو هەر حەز دەکەن ، نەخۆش بکەون کێشەیان هەبێت ، تاکو نخرۆی بووختان و تانە تەشەنەی بکەن ، من ئەمە بە سەر خۆ دا هاتووە ، نەك کێشەکەیان بۆ چارەسەر کردم بەلکو قولتریان کردەوە چەندین بووختان تانەو تەشەنەشیان لێدام ، خودا گەردنیان ئازاد نەکە حەقی خۆم لە رۆژی مەحشر دەوێتەوە لەم ستەمکاران (إنشا الله) هەروەها هاوریەکی تریش هەر وای بەسەر هات زۆر داماو بوو ، تووشی نەخۆشی شەکرە یان سوکەری بوو ، نەك چارەسەیان بۆ نەکرد بەلکو بەهۆی نەخۆشەیەکەیەوە خانە نیشیان کرد بە (٢٥٠)هەزار دینار ، لە پاشاندا هەردوو لاقیان بریەوە لەماوە بە پەکەوتی ژیان دەکەات ژن منداليش هەیە هەر دوو قاچی برایتەوە خانەنیشە بە (٢٥٠) هەزار دینار ئێستا ، بۆیە نەك بەدوای کێشەکاندا دەچن بەلکو خراپتری دەکەن ، زۆر بە بێ رەحمانە ستەمیان لێ دەکەن یان فصلیان دەکەن یان خانەنیش یان دەکەن ،ئائەمەیە دادگەری ئەم سەردەمە لەم ولاتە کوا مافی خانەیشی کە چەندین سال خزمەت بە دولەت دەکات مووچەکەی وەك مووچەی سوالکەرێکە ئایا ئەمە رەوایە ..؟!

ئەرکەکانی والی یان کاربەدەستان لە سەردەمی ئەمیری باوەرداران

[١٥٩]-نصيحة الملوك للماردي ص ٧٢. الولاية على البلدان (٦٥/٢).

١-گەیاندنی کاروباری ئاینی :

-بەبلاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە سەرتاپەی ولایەتیەکای.

-گرینگی بدات بە نوێژکردنی موسلمانان وە پارێزگاریان لێ بکات چونکە ئەمە ئەرکێکی سەرەکی والیە یان کاربەدەستی دولەتی ئیسلامە .

-پاراستی ئاین و بنەماکان و پەیاکانی ئاینی ئیسلام .

-نەخشە سازی بینا کردن بۆ شوێنی نوێژ کردن یان مەزگەوت دروست کردن .

-ئاسانکاری کردنی خەلك بۆ کاروباری حەج عومرە کردن .

-پابەندبوونی بە سزا شەرعیەکانی ئاینی ئیسلام .

دەگێرنەوە دەلێن : لە وەلاتی مصر دا ، سزایی ئاینی حدە رەساند بە سەر یەکێك لە کورانی (عومەر) و پاشان (عومەر) خۆی چەند قامچی یەکی لێدا ..!! دەلێن : پاشان ئەو کورە بگاریگەری ئەو قامچیە وەفاتی کرد یان مرد ..؟! .[١٦٠]

٢-ئەمن ئاسایش و هێمنی وئارامی لە ولایەتیەکەی دا، یان لە دەولەتە کەی کارێکی گرینکە بۆ رێگری کردن لە ئاژاوە و ترس تۆقاندن دزی و جەردەی و مافیاگەری بەزمانی ئێستا ، ئەرکی والیە ئەوەیە کە ئاسایشی بۆ گشت خەلکی دابین بکات ، هێمن بگەرێنتەوە بۆ خەلکەی ، خۆشگوزەرانی دورست بکات ، بۆ پارێزگاری کردن لە ئاسایشی ژیانی ولایە تەکاندا ، لە گرینگترین ئەو کارانەی سپێدراوەبە والی ،وەك ئەمانەت لە سەر شانیەتی کە ئەمن ئاسایش بەرقرار بکە بۆ خەلکەیە تا بە ئارامی ژیان بکەن ..؟!

٣-جیهاد و تێ کۆشان لە پێناوی (خوای گەورە) دا .

٤-هەولدان لە پێناوی دابین کردن رزق رۆزی بۆ وەلایەتەکەی یان بۆ خەلکەکەی دا .

٥-دامەزراندنی کارمەندان و فەرمانبەرانی دەولەت ، کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاوی خۆی .

٦-رێزگرتن لە ئەهلی کتاب و یان پەیمان پێدراوان کە لە ئاینە کانی تر دا بۆ نموونە جوولەکە گاورەکان .

٧-راوێژ کردنی والی یان کاربەدەستا بۆ خاوەانی فکرە موهەبە یان خاوەن حیکمەت خاوەنی رای جوان ئەرکی سەرەکی والیە کە گوێیان بۆ بگرێت.

٨-بەرچاو روونی یان تێروانینی والیە بۆ پێویستەکانی وەلایەتەکەی بۆ گەشە پێدان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکەی دا .

سەردانی کردنی ئەمیری باوەرداران بۆ مال و شوێنی کاربەدەستان والیەکان

[١٦٠]-مناقب عمر بن الخطاب لإبن الجوزي ص(٢٤٠-٢٤٢).

بەلێ (عومەر) – خوا لێ رازی بێت – رازی نەبوو بەوەی کە بایەخ بە هەلبژاردن باشترین کاربەدەستانی بدات بەلکو تەواوی هەولی دەخستە گەر بۆ بەدوا داچوونی کارەکانی والیەکان یان سەردانی کردنی مالی والیەکان لە نزیکەوە لە بارودۆخی بزانێت ، پاش ئەوە کە ئەو کارانەی بە والیەکان دراوە تاکو دلنیابێت لە باشی ژیانیان و ترسان لەوەی کە نەفسان زال بێت بە ریاندا و لایان بدات لە سەر رێگای راست و دروست دا ، بۆیە هەموو مەبەستی (عومەر) ئەوە بووە کە دەی فەرموو : (باشتر وایە کە من هەموو رۆژێك والیەك یان کاربەدەستێك لە سەر کارەکەی لاببەم یان دوورخەمەوە ، نەك ستەمکارێك ماوە یەك کات ژمێر لە پۆستەکەی دا بهێلمەوە)..؟!.[١٦١] هەروەها دەی فەرموو: (هەر کاربەدەستێکم ستەمێك بکات و کەسێك ستەمەکەیم پی رابگەیەنێت ئەوا دەی گۆرم یان دووری دەخەمەوە لە پۆستکەی ،یان دەی گۆرمەوە بە کەسێکی تر من ستەمم لێ کردووە) ..؟! .[١٦٢] بەلێ ئەمیری باوەرداران رۆژێك بەو کەسانەی دەورو پشتی خۆی فەرمووی : ئایا بینیوتانە ئەگەر من کەسیچکم لە سەر ئێوە کردە کاربەدەست و باشتر بوو لەوەی کە من دەیزانم پاشان فەرمانم پێداوە ماف پەروەردی یان دادگەری ، ئایا من ئەوەی کە لە سەرمە بەجێم نەهێناوە ..؟! ئەوانیش ووتیان : بەلێ . (عومەر) فەرمووی : نەخێر . چونکە هەتا سەیری کارەکەی دەکەم ، ئایا کاری بەوە کردووە کە فەرمانم پێ کردووە یان نا ..؟! .[١٦٣] بەلێ ئەمیری باوەرداران دەزگایەکی نهێنی و چاودێری کردنی بۆ کاربەدەستان و والیە کان داناوە ، تاکو لە گرفتەکانی نێوان والیە کان یان کاربەدەستان و خەلك بگات ، ئەوەیە وەکو دەزگای (هەوالگەری) ئێستایە ، کە لای (عومەر) هەبووە ، کە هەموو زانیاری هەولگەریەکانی پێ دەگەیشت لە رۆژ هەلات و لە رۆژ ئاوادا لە بەیانیان و ئێواران دا ..؟! .[١٦٤] بەلێ بێ گومان ئەمیری باوەرداران خۆی گەشتی دەکرد سەردانی هەرێمەکانی ژێر فەرمانرەوایەکەیی دەولەتی ئیسلامی دەکرد ، هەروەها سەردانی مالی والی و کاربەدەستانی دەکرد تاکو لە نزیکە وە لە بارودۆخ و گرفتەکانی یان بزانێت ، بەلێ ئەمیری باوەرداران پێش شەهید بوونی – خوا لێ رازی بێت – بیرۆکە یان بیری لەوە دەکردەوە کە خۆی بە سەر هەموو ولایەتەکاندا بگەرێت و گەشتی بۆ هەمووان بکات ، بۆ چاودێری کردنی والیە کان یان کاربەدەستەکانی و بەسەرکردنەوەی حال و بارودۆخیان و وە خەلکە کانیان ، بۆ دلنیابوون لە کاروباری هەرێمەکان ... هتد

[١٦١]-النظم الاسلامية صبحي الصالح ص ٩٨ ، الادارة الاسلامية ص ٢١٥.
[١٦٢]-مناقي أمير المؤمنين لأبن الجوزي ص٥٦،الادارة الاسلامية ص ٢١٥.
[١٦٣]-الادارة الاسلامية في عهد عمر بن الخطاب ص٢١٥.
[١٦٤]- التاج في أخلاق الملوك ص ١٦٨.

ئەمیری باوەرداران فەرمووی : (ئەگەر نەمرد (إنشاء الله) یەك سوور دەگەریم بە نێو خەلیکدا ، چونکە من دەزانم کەسانێك پێویستیان بە من هەیە ، کار بەدەستانیشیان رەوانەی لای منیان ناکەن وە یان خۆیان دەستیان ناماگاتێ ، دەرۆم بۆ دورگەری عەرەبی و دوومانگ تیایدا دەمێنمەو ، پاشان دەرۆم بۆ کوفا و دوومانگ تیایدا دەمێنمەوە ، وە دواتر دەچمە بۆ بەصرا و دوومانگ تیایدا دەمێنمەوە ، ئەمەباشترین گەشتە بۆ من ..؟! بۆیە (عومەری کوری خەتاب) – خوا لێ رازی بێت – هەندێك لەو ئاواتەی هاتەدی لە وەلاتی شامدا ، کە چەندین گەشتی کرد بۆ وەلاتی شام ، بارودۆخی ناوچەکەی بە سەر دەکردەوە و دەچووە نێو مالی کاربەدەستان یان والیەکان و سەرکردەکان ..؟! .[١٦٥] (عومەر) چووە مالی (ئەبوو عبیدە) وە حال و بارودۆخی (ئەبوو عبیدەی) کە دەست گرتنەوەی بە دونیا بە چاوی خۆی بینی ..؟! وە لە نێوان (عومەر) خێزانی (ئەبوو عبیدە) گفتو گۆیەك روویدا و خێزانی (ئەبوو عبیدە) لۆمەی (عومەری) کرد بە هۆی ئەو ژیانە نارەحەت و سەختەی کە تیایدا دەژین ..؟! هەروەها (عومەر) سەردانی مالی (خالیدی کوری ولید) ی بینی هیچی لە لای ئەو بەرچاو نەکەوت جگە لەو چەکەی یان ئەو صلاحەیان ئەوشمشیرەی کە (خالید) سەرقالی چاککردنی بوو ، بەلێ ئەمیری باوەرداران لە کاتی ئەو سەردانە دا یان ئەم گەشتەی بەشێوەیەکی کەت وپر دەچوویە ژوورەوە ئەو نەبێت کە پیاویچکی لە گەل بوو ، کە دەیدا بە دەرگا و داوای مۆلەتی لە والی دەکرد بۆ خی و هاوەلەکەی بەبێ ئەوەی والی بزانێت ئەم هاوەلە (عومەر)ە کاتێك (عومەر) دەچوویە ژوورەوە بۆ ئەو ماله دەست بەجێ هەلدەستا بە بەسەر کردنەوەی کالاکانی شت ومەکە کانی ناو ماله کە ، وە بە ئاگا بوون لەوەی کە لەو ماله دایە لە کەل وپەل شتو مەك ..؟! .[١٦٧] ئەوە بوو هەوالیان بۆ (عومەر) هێنا کەوا (یەزیدی کوری سفیان) – خوات لێ رازی بێت – هەموو شتێك لە مالەکەی دایە یان هەموشتێك لە خواردنی لە مالەکەی دایە ..؟! (عومەر) چاوەروانی کرد تا کاتی نانی ئێوارە یان شێوان هات ، داوای مۆلەتی لە (یەزیدی کوری سفیان) کرد کاتێك کە خواردنەکەی بینی رێگری لێ کرد لە زیادەرەوی یان زیادە خۆری ..؟! .[١٦٨] بەلێ ئەمیری باوەرداران لە چاودێر کردن و بە دواداچووندا بەوەش نە وەستا ، بەلکو چەندین رێگەی تری گرتە بەر یان بە کاردەهێنا ، لەوانە ناردنی برێکە لە پارە یان سامان و دارایی بۆ والیەکان و کاربەدەستان ، یان ناردنی کەسێك بۆ چاودێری کردنیان تا بزانێت چۆن هەلسو کەوت تێدا دەکەن ، (عومەر) (٥٠٠)دیناری نار بۆ (ئەبوو عبیدە ی کوری جەراح) – خوا لێ رازی بێت – ئەویش هەمووی دابەش کرد ، لەم کاتە دا خێزانەکەی ووتی : سوێند بەخوا هاتنی ئەم دینارانە زیانەکەی لە سەر ئێمە لە سوودەکەی زۆر ترە ..؟! پاشان (ئەبوو عبیدە) پەنای برد بۆ دروست کردنی پۆشاکێك کە ئێمە نوێژمان لە سەر دەکرد ئەو درزی تێ دەکرد ، پاشان ئارامی لە سەر دەگرت لە دینارو زێرانەوە کە رەوانەی دەکرد بۆ هەژاران ، دابەشی دەکرد بە سەریاندا هەتا تەواو دەبوو ..؟! .[١٦٩]

[١٦٥]-تاريخ الطبري (١٨/٥). الولاية البلدان (١٦١/١).
[١٦٦]-الولاية البلدان (١٦١/١)
[١٦٧]تاريخ المدينة (٨٣٧/٣).
[١٦٨]- الولاية البلدان (١٦٢/١)
[١٦٩]- تاريخ المدينة (٨٣٧/٣).

سکالای خەلکی لە دژی والیەکان یان کاربەدەستانی ئەمیری باوەڕداران

یەکەم: سکالای خەلکی کوفا دژی (سعدی کوری وەقاص) – خوا لێ رازی بێت -:

بەلێ کۆمەلێك لە خەلکی کوفا کۆبوونەوەی بە سەرپەرشتی (جەراحی کوری سنانی ئەسەبینی) ئەوە بوو سکالایان تۆمار لە دژی (سعدی کوری وەقاص) کە ئەودەمە والی یان کاربەدەستی شاری (کوفا)بوو لە وەلاتی عێراق ، ئەم سکالایەشیان بردە خزمەت ئەمیری باوەرداران (عومەری کوری خەتاب) – خوا لێ رازی بێت - بەلام ئەم کارەش لەم کاتەدا رووید ا ، کاتی مەجووسەکان یان فارسە ئاگر پەرستەکان کۆبوونەوە لە شاری نەهاوەند بۆ هێرش کردنە سەر سوپای موسلمانان ئەم کۆمەلەیەش واتە : کۆمەلی سکالاکاران بە سەرۆکایەتی (جەراحی کوری سنانی ئەسەبینی) هیچ چاویان لەمە نەبوو کەوا موسلمانان لە چ کاتێك دان یان کەوتوونەتە چ بارودۆخێك لەم کاتە دا ، بەلام سەرەرای ئەوەش کە (سعد) پیاوێکی دادگە ر بەخشندەبوو بەرانبەر خەلکی ، وە بەهێزو توانا بوو لە بەرانبەر کەسانی ناحەق و نارەوا و گەندەل و فساد و گێرەشێوێندا ،بەلام بە سۆز بووە بەرانبەر کەسانی حەق بێژو راستگۆ ، لەگەل ئەوەشدا ئەم کۆمەل لێ بەدەنگ هاتن ساکالایان لە دژی کرد ن ئەوانەش بۆ مەبەس و مەرامی خۆیان یان دەیانویست ئارەزووەکانی خۆیان بەدی بهێنن ..؟! ئەوە بوو (عومەر) بۆ سکالاکەیان کاتێ کی دیاری کرد بۆ بینینی ئەم کۆمەلە هەلپەرستە یان ئارەزوو بازە ، بەلام (عومەر) پاش دەی زانی کە ئەوان خەلکی خراپ هەلپەرست چووە بە دەم ساکالاکەیانەوە و لێکۆلینەوە لەسەر کرد ، هەلبەتە (عومەر) باوەری خۆی دەربارەی ئەوانە نەشاردنەوە بەلکو بە راشکاوی بەوە ئاگاداری کردنەوە، وە بۆشی روونکردنەوە کە راو بۆچوونی من وایە یان کە باوەری وایە ئەم سکالانەیان لە دژی (سعد) ستەمە لە والی ئەوان بە هەلدا چوون ، رێنمایی کردن لە سەر خراپی ئارەزوو مەبەستەکیان وە لەسەر خراپی کاتەکەیان بە جۆرێ پێی فەرموون: (چاکترین بەلگە لە سەر ناراستی ساکالاکاتان یان دەعواکەتان دیاری کردنی ئەم کاتە ناسکەیە کە سوپای ئیسلام توشی جەنگێکی چارەنووس ساز بوونەتەوە ، کە دوژمنتان ئامادە کردووە هێرش بکات ، سوێند بەخوا ئەمە نابێتە بەربەست لە بەردەم وەلامدانەوەی سکالاکەتان) ..؟! .[١٧٠]

[١٧٠]-تايخ الطبري (١٠٣/٥).

پاشان (عومەر) هاوەلێکی نارد بۆ شاری کوفا ناوی (محمد کوری مەسلمە) بوو ، ئەو پیاوە بە شوێن ئەو سکالانە دەچوون کە دەکرا لە سەردەمی ئەمیری باوەرداران ، ئەوە لەو کاتە دا سوپای ئیسلام خۆی کۆدەکردەوە بۆ جەنگی جەجووسەکان یان ئاگر پەرستە فارسەکان لە نەهاوەند ، بەلام لەم کاتە دا خەلکی کوفا خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون بۆ جەنگ ، بەلێ (محمد کوری مەسلمە) کاربەدەستی دەولەت بووە ن بە دوای سکالاکان دادەچووە لە لایەنی (عومەر) وە ، ئەوە بوو (محمد) رۆیشت بۆ لای (سعد) لە شاری کوفا ، تاکو بە ناو خەلکی کوفا دە بگەرێت ، وە (سعد) و (محمد) بەسەر مەزگەوتەکانی شار کوفا دا دەگەران ، بە لکو بە ئاشکرا لە ناو مەزگەوتە کان دەگەران ، چونکە ئەو دەمە بۆ گەران بەدوای لێکۆ لینەوە بە دزی باوی نەبووە ، بەلام بە ئاشکرا بەدەم سکالاکانیانەوە بۆ لێکۆلینەوە دەگەران ، هەروەها (محمد) هیچ مەزگەوتێك ناوەستیٚ و پرسیار لە خەلکە کە دەکات دەربارەی (سعدی کوری وەقاص) ، ئەوانیش دەربارەی (سعد) دەیان ووت : ئێمە جگە لە چاکە هیچمان نە بینیوە ..!! ئارەزووی گۆرینی ناکەین ..؟! نە لە سە ری شتمان هە یە ، نە دەشتوانین پشتگیری بکە ین ..!! تەنانەت ئەوەی کە (جەراحی کوری سینانی) و کۆمەلە کەی لە گەلی بوون پر کردبوو ، ئەوانیش هیچ خراپە یەکیان لە (سعد) نەبینی بوو ، نەشیان دەتوانی بلێن خراپەی هەیە ، تەنها بە هانەیان ئەوە بوو لە سەر کارەکەی لادرێت بۆ پر کردنەوەی مەرامو مەبەست ئارەزووەکانیان لە دونیادا ، دیارە کەسی بەژەوەندی خواس چاوی بە چاکەکاران هەل نیایەت ، ئەوە بوو شاندکەی (محمد یی کوری مەسلمە) گەیشتنە هۆزی عەبس ، (محمد) ووتی : سوێندتان دەدەم بە خوا راستیم پیٚ بلێن دەربارەی ئەم والیە تانەوە ، ئالەم کاتەدا (ئوسامەی کوری قتادە) ووتی : مادام سویچندت بە (خوای گەورە) داین راستیە کانت پیٚ دەلێم : (سعد) شتەکان بە یەکسانی دابەش ناکات ، لە نێوان خەلکیدا دادوەر نیە ، لە گەل دەستە سەربازیەکاندا ناچێتە دەرەوە بۆ جەنگ ، (سعد) ووتی : (ئەی خوای گەورە) ئەگەر ئەوەی (ئوسامە) ووتی : درۆ و بووخانە چاوی کوێر بکەیت ..!! منداڵی زۆری بدەیتیٚ ..!! دووچاری نارەحەتی و گەمە پێکردنی خەلکی بکەیت ..!! لە دوایی دا (ئوسامە) کوێر بوو ، وە بووە خاوەنی (١٠) کچ ، ئەویش : هەر دەی ووت دەی ووتەوە ئەمە دوعاو نزای (سعد) بووە وام بەسەر هات ، چونکە پیاوێکی پیرۆزە ، پاشان (سعد) بەردەوام بوو لە دوعاو نزاو پارانەوە لە خوای گەورە ، بەدەوام نزای دەکرد لەو کۆمەلە خراپەکارە کە درۆ و بووختانیان پیٚ کرد ، بۆیە (سعد) فەرمووی : (ئەی خوای گەورە) ئەگەر ئەوان بۆ بوختان درۆزنی خراپە دەرچوون ، ئەوا بەلای قورسیان بە سەردا بێنی ، دواتر چەندین بەلای قورسیان بە سەردا هات ، (حەسەنی علی) — خوا لیٚ رازی بێت — ئەودەمە لە (سابات) جەنگی بەرپاکرد ، (جەراحی کوری سینانی) بە شمشێر پارچە پارچە کرا ..؟! چونکە کەسێکی خراپە کارو دوو روو بوو ، (قەبیس) بە بەرد سەری پانکرایەوە ..؟! (ئەربەتیش) لە ژێر ئازارو ئەشکەنجە دا مرد ..؟! ئەوە بوو (محمد ی کوری مەسلمە) هەوالەکەی برد بۆ لای (عومەر) ئەویش بە (سعدی) فەرموو : تۆ چۆن نوێژ دەکەیت : ئەویش فەرمووی : من دوو رکاتی یەکەم درێژ دەکەمەوە ، وە دوو رکاتی دووەم کورتترە ، (عومەر) ووتی : گومانم هەر وایە ..!! فەرمووی : ئگەر خۆ پارێزی نەبووایە لە فتنە دەمزانی چیان لە گەل بکەم ، پاشان فەرمووی : کیٚ جیٚ نشینتە لە کوفا ئەی سعد ..؟! ئەویش فەرمووی : (عبدالله کوری عوتبان) (عومەر لە شوێنی خۆی هێشتیەوە کردیە کاربەدەست لە کوفا ..؟! . [171] (عومەر) فەرمووی (من سعدم لە بەر خراپی لە کار دوور نەخستەوە ، بەلکو ترسام لەمەوە دووچاری گرفتێك بێت لە بەر خراپەکان یان دووروەکان).[172]

[171]-تاريخ الطبري (١٠٤/٥).
[172]-تاريخ الطبري (٢٢٥/٥).

دووەم : سکالا لە دژی (عومری کوری عاص) – خوا لێ رازی بیت- کە والی مصر بوو :

بەراستی چاودێری کردنی ئەمیری باوەرداران بۆ (عومری کوری عاص) چاودێریەکی توند و تیژ بووە ، تەنانەت کاتێك (عومری کوری عاص) لە مصر مینبەرێك یان شیوەی کورسیەکی بەرز بۆ خۆی دروست دەکات ، خلیفە یان ئەمیری باوەرداران زۆر بە توندی لە رووی دەوستێتەوە ، ئەوە بوو نامەیەکی بۆ دەنووسێ : (لە پاشدا هەوالم پێگەیشتووە کە مینبەرێکت دروست کردووە و بەرزی بە سەر موسلمانانەوە..؟! هێندە بەسە کە تۆ بە پێوە بیت و موسلمانان لە بەردەمتا دانیشن ..؟! بۆیە من بریاری خۆمم لە سەر داوە کە ئەو مینبەر بشکێنی ..؟! .[173]

ئەوە بوو لە مصر (عبدالرحمن کوری عومەری کوری خەتاب) لەگەل پیاوێکی تر دا لە وەلاتی مصر مەی یان شەراب دەخۆنەوە بێ ئەوەی بزانن شەرخۆش دەبن ، پاشان سەر خۆش دەبن ، هەردووکیان دێن بۆ لای (عومری کوری عاص) و داوای لێ دەکەن کە حدەی شەرعی یان سزایی شەرعیات بە سەردا بسەپێنێت ، بەلام (عەمری کوری عاص) دەلێت : من زانیم ئەگەر سزاکەیان بەسەر دا نەسە پێنم ئەمیری باوەرداران ، زۆر لێم تووڕە دەبێت و لە کار لام دەبات یان دوورم دەخاتەوە ، لە پاشان (عومری کوری عاص) لە بەر چاوی هەموو خەلکی سزای شەرعی دان و لە مالکەی خۆی سەری تاشین ..؟! بەلام لە راستی دا پێویستە سزای سەرتاشینەکە لە هەمان کاتی حدەی قامچی لێدانە کە دابێت ، لە بەر چاوی خەلك بێت ، ئالەم کاتەدا پەیامێکی ئەمیری باوەرداران هاتە هەرەشەی لە (عومری کوری عاص) دەکرد لە بەر ئەوەی کە لەبەر چاوی خەلك سەری (عبدالرحمن)ی نەتراشیوە ، لە نامەکدا هاتووە : (لە مالەکەی خۆتدا لە (عبدالرحمن) دەدیت و هەر لە مالەکەتدا سەری دەتراشی و وە چاکیش دەزانی کە ئەمە سەرپێچی کردنی منە ..؟! ئەوەش بزانە (عبدالرحمن) پیاوێکە لە پیاوەکانی ژێر دەستت و ئەوەی بە خەلکی تری موسلمانی دەکەیت دەبێ بە (عبدالرحمن) نیش بکەیت ..!! بەلام تۆ ووتووتە ئەمە کوری ئەمیری باوەردارانە و زانیوتە کە لە لای من نەرم و نیانی بۆ هیچ کەسێك نیە لە مافێکدا کە (خوای گەورە) پێویستی کردبێت لە سەری ..؟! [174]

[173]-فتوح مصر وأخبارها ص ٩٢ .

[174]-

سێ یەم : سکالای دژی (ئەبو موسا ئەشعەری) – خوا لێ رازی بێت – والی (بەصرا) بوو :

(جورەیری کوری عبدالله بەجلی) – خوا لێ رازی بێت – دەلێت : پاوێکی دەنگ زل و جەربەزە لەگە (ئەبو موسا ئەشعەری) دا بوو ، کاتێك دەست کەوتێکیان دەست کەوت (ئەبو موسا) هەندێ لە بەشەکەی خۆی پێدا ، بەلام پیاوەکە پێ رازی نەبوو داوای هەموو بەشەکەی کرد ، لەبەر ئەم هۆکارە ،(ئەبو موسا) هەستا بە سزا دانی (٢٠) قامچی لێدا و سەری تاشی ، پیاوەکەش مووەکانی پرچی سەری کۆکردەوە و رۆیشت بۆ لای (ئەمیری باوەرداران) جورەیرە دەلێت : من نزیکترین کەسی (عومەر) بووم ، پیاوەکە دەستی کرد بە گیرفانیدا و پاشان مووەکانی دەرهێنا ، و دای بە سنگی ئەمیری باوەرداران (عومەری کوری خەتاب) ،وە پیاوەکە ووتی : ئەی ئەمیری باوەرداران من پیاوێکی دەنگ زل جەربەزەو لێهاتووم ، چیرۆکەکەی بۆ گێرایەوە ووتی : (ئەبوموسا) (٢٠) قامچی لێداوم و سەری تاشیوم ، پێی وایە کە تۆلەی لێ ناکرێتەوە ، (عومەر) فەرمووی : هەم کەس ئاوا نەترسانە سکالا بێنن لام ، پێم خۆشترە لە هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە (خوای گەورە) دەمانداتێ ، دواتر (عومەر) نامەیەکی بۆ (ئەبو موسا) نووسی : (سلاوی خوات لێ بێت : فلان کەس هەوالی پێداوم بە چەند شتێك ئەگەر تۆ ئە کارەت لە نێو قەرەبالغی خەلکدا کردووە ئەوا بریام لە سەر داوی کە لە نێو یان لە ناو قەرەبالغی خەلکدا دانیشی ، تا تۆلەت لێ بکاتەوە ، ئەگەر تۆ ئەم کارە لە چۆلیدا کردووە ، ئەوا بریارم لەسەر داوی لە چۆلیدا دانیشی ، تا تۆلەت لێ بکاتەوە ..؟! پیاوە هاتە پێشێ و خەلکی پێیان وون : بیبەخشە پیاوەکە ووتی : نا سوێند بە خوا لێ ناگەرێم و نایبەخشم ، کاتێك (ئەبو موسا) دانیشت بۆ ئەوەی پیاوەکە تۆلەی لێ بکاتەوە ، پیاوەکە سەری بۆ ئاسمان بەرز کردەوە ووتی : (خوای گەورە) وا بەخشیم لە بەر خاتری تۆ ..؟! .[١٧٥]

[١٧٥]-محض الصواب (٤٦٧/٢). إسناد حسن

چوارەم : سکالای خەلکی حەمص لە دژی (سعیدی کوری عامر)-خوا لێ رازی بێت - :

(خالید کوری معدان) – خوا لێ رازی بێت – دەڵێت : ئەمیری باوەرداران لە شاری حەمص لە وەلاتی شام (سعیدی کوری عامری الجمحی) کرد والی یان کاربەدەست لەم شاردەدا ، کاتێك ئەمیری باوەرداران گشتی کرد و هات بۆ شاری حەمص ، فەرمووی : ئەی خەلکی حەمص ، کاربەدەستەکەتان چۆنە ..؟! ئەوانیش ساکالایان کرد ، بە شاری حەمص دەووترا لەم سەردەمدا (کوفا) ی دووەم ، لە بەر زۆر ساکالا کردن یان شکات کردن و ئاژاوە دروستکردن ، ئەوانیش ووتیان : چوار سکالامان هەیە ، لە (سعیدی کری عامر) ، ئەو نایەتە ناومان هەتا رۆژ بەرز نەبێتەوە ، واتە درەنگ دێتە سەرکارەکەی ..!! (عومەر) فەرمووی : چی تر ..؟! ئەوانیش ووتیان : بە شەو وەلامی کەس ناداتەوە ، فەرمووی :ئەی چێ تر ..؟! ووتیان : هەموو مانگێك رۆژی هەیە کە تیایدا نایەتە دەرەوە بۆ ناومان ، (عومەر) فەرمووی: چی تر ..؟! ووتیان : چەند رۆژ جارێك دەبوورێتەوە (واتە : لە هۆش خۆی دەچێت ئاگای لە خۆی نامێنێت) (عومەر) ..!! (سعید) و هەموو خەلکە کەی کۆکردەوە و فەرمووی : (خوای گەورە) ئەمرۆ ئەو گومانە چاکەی من بە (سعید) راست دەرکەوێت ، (عومەر) دادگاییەکی کردەوە لە بەردەم (سعید) دا فەرمووی : لە چی سکلای لێ دەکەن ..؟! ووتیان : تا رۆژ بەرز نەبێتەوە نایەتە ناو مان ..؟؟! (عومەر) فەرمووی بە (سعید) تۆ چی دەڵێت ..؟! (سعید) ووتی : سوێند بە خوا پێم ناخۆشە باسی بکەم ، خێزانەکەم خزمەتکاری نیە ، هەر خۆم هەوریر بۆ دەشێلیم و دایدەنێم تا هەلبێت دواتر دەی کەمە نان و دواتر دەست نوێژ دەشۆرم دێمە ناویان ..!! (عومەر) فەرمووی : لە چی تر سکالا دەکەن ..؟! ووتیان : شەو وەلامی کەس ناداتەوە ، (عومەر) فەرمووی : تۆ چی دەڵێت ..؟! (سعید) ووتی : زۆر پێم ناخۆشە کە ئەمەش بدرکێنم ، من رۆژم داناوە بۆ ئەوان و شەویشم داناوە بۆ خۆم و خودا ، (عومەر) فەرمووی : لە چی تر سکالاتان هەیە ..؟! ووتیان : ئەو لە مانێگێك یان حەفتەیەك رۆژێکی هەیە کە نایەتە دەرەوە بۆ لامان ..یان نایەتە ناومان.. یان نایەتە سەرکارەکەی ...؟! (عومەر) فەرمووی : تۆ چی دەڵێت ..؟! (سعید) ووتی : خزمەتکارم نیە جلەکانم بۆ بشوات و جلی ترشم نیە کە بی گۆرم ،دادەنیشم هەتا جلە کانم ووشك دەبێتەوە و پاشان لە بەردەکەم و دوات لە ئێوارەی ئەو رۆژەدا دێمە دەرەوە یان دەێمە سەرکار یان دێمە ناویان ..!! دواتر (عومەر) فەرمووی : سکالای چی تری لێ دەکەن ..؟! ووتیان : چەند رۆژ جارێك دەبوورێتەوە ..!! (عومەر) فەرمووی : ئەی تۆ چی دەڵێت ..؟! (سعید) ووتی : جەستەی (خوبیبی ئەنصاریم) بینی لە شاری مککە کە کافرانی قورەیش گۆشتەکەیان پارچە پارچە کرد پاشان هەلیان واسی بە قەدی دارێکدا ، قورەیش پێیان دە ووت : ئایا پێت خۆشە ﷺ لە شوێنی تۆ دابێت ..؟! ئەویش فەرمووی : سوێند بە خوا پێم خۆش نیە من لە نێو مال و منداڵەکەمدا بم و ﷺ درکێك بچێت بە لە جەستەی دا، پاشان هاواری کرد ئەی ﷺ ..!! ووتی : من هەر رۆژێك یادی ئەوساتە دەکەمەوە کە نەمتوانیووە لەو حالەتدا پشتیوانی لێ بکەم ، چونك مووشریك بووم و باوەرم بە (خوای گەورە) نەبوو تەنانەت گومان وایە کە (خوای گەورە) بە تاوانە لێم نەبوورێت ، بۆیە لەبەر ئەمە دووچاری ئەم بوورانەوەیە دەبم ، لێرەدا (ئەمیری باوەرداران) فەرمووی : سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە ئەو گومانەی هەمبوو هەر وابووە ، پاشان (عومەر)هەزار دیناری بۆ نارد و پێ فەرموو : کارەکانتی پێ تەواو بکە ،دوتر لێ جیابوویەوە ..؟! .[١٧٦]

[١٧٦]-صحيح توثيق في سيرة حياة الفاروق ص ١٣٤، اسناد حسن .

تەمەیّ کردن و سزای شەرعی والیە و کاربەدەستان لە سەردەمی ئەمیری باوەرداران

١-حەق لێکردنەوە تۆلە سەندنەوە رووبەرووی والی یان کاربەدەست :

بەلێ وەکو ئەوەی کە لە بەصرا دارویدا بەسەر (ئەبوموسای ئەشعەری) تۆلەی لێسەندەوە بۆ پیاوەکە .

٢-لە کارخستن دوورخستنەوەیان لە کارەکانیان بە هۆی لەکردنیان :

بەلێ ئەوە بوو ئەمیری باوەرداران کاربەدەستێك یان فەرماندەیەکی سوپای دوور خستەوە یان لای برد لە سەر کارەکەی بە هۆی ئەوە هەلە یەکی کردبوو ، ئەوە بوو کە دەستی وەردابوویە ناو کاری سەربازەکانی کە ناردبووی بۆ سەر سوپایەك وە کاتێك فەرماندەکە چوویتە ناو سوپاکە بە سەر بازەکانی ووتبوو ، وەرن هەوالم پێ بدەن بە هەر تاوانێك کە ئەنجامتان داوە ئەوانیش هەستابوون بەدان نان بە تاوانە کانیان پاشان ئەم هەواله گەیشتە ئەمیری باوەرداران ئەویش فەرمووی : ئەوە چیەتی دایکی لە باری بچێت ، ریچك هەلدەمالێت کە خودا داپپۆشیوە ..؟! سوێند بەخوا سبەینی کار بۆمن ناکات ..؟! . [١٧٧]هەروەها (عومەر) تووره دەبێت لە والیەك یان کاربەدەستێك کە لە یەکێك لەوالیەکانی کاتێ کە هەندێ شعرو هۆنراوەی والیەکەی پێ دەگات ، کە تیایدا خۆ بەمەی یان شەراب نۆشینەوە دەنوێنێت ..؟! لە پاشان ئەمیری باوەرداران لای دەبات یان لە کاری دەخات لەسەر کارەکەی..؟!.[١٧٨]

٣-لە ناوبردنی شتێکی ناشەرعی نایاسایی لە مالی والیە کان یان کاربەدەستان :

بەلێ مەرجی بوون بە والی یان کاربەدەست لەسەردەمی ئەمیری باوەرداران ئەوە بووە ، کە مالی والیە یان کاربەدەستانی دەبێت ، بۆ هەمیشە بێ دەرگا بێ یان بێ پەردەو پەرژین بێت ، تەنها ئەوە نەبێت مالەکەی ستر بێت لەرووی دابوو نەریتی ئیسلامی ، بەلکو مەبەستی ئەمیری باوەرداران ئەوەبووە نابێت مالی والیەکانی دەرگای هەبێت ، بەلکو هەر خەلکێك ویستی لەسەر بێت بێ دەرگا والیە کەی ببینی ، والی دەبێت بۆ خەزمەتی خەلکی بێت چۆن دەکرێت دەرگاو پرسگەی پاسەوانی زۆری هەبێت خەلکی بە چەند سال یان هەتا تەمەنیان نەتوانن والی یان کاربەدەست ببینن .؟!

کاتێك هەوال گەیشتە (عومەر) کەوا (سعدی کوری وەقاص) دەرگای داناوە بۆ مالەکەی ، (محمدی کور مەسلمەی) بۆ نارد فەرمانی سووتانی ئەو دەرگایەی پێدا ..؟! .[١٧٩]لەراستی دا هۆی دروست کردنی ئەو دەرگایەی مالی (سعدی کوری وەقاص) ئەوە بوو ، کە مالەکە لە ناو بازار بوو ئەویش بە هۆی قەلەبالغی ژاوەژا دەرگا کەی دانابوو ، بەلام ئەم دەرگایە خەلکی ناویان لێنا بوو ، کۆشکەکەی (سعدی کوری وەقاص) ، ئەوە بۆ هەواکە گەیشتە (عومەر) هەر لە بەر ئەمە بۆ ئەمیری باوەردارا (محمدی کوری مەسلمەی) نارده شاری کوفا ،پێ فەرموو : برۆ کۆشکە و دەرگاکەی بسووتێنە ..؟! پاشان دارەکەی بگێرەوە سەر سەرەتات محمد بەرەو کوفا بەرێکەوت هەندێ داری کری و هێنای بۆ کۆشکەکە ، و دواتر دەرگاکەی سووتاند ..؟! .[١٨٠]

---

[١٧٧]تاريخ المدينة (٨١٨/٣).
[١٧٨]-السياسة الشرعية لابن تيمية ص ١٠٥.
[١٧٩]-فتوح البدان ص ٧٧.
[١٨٠]- الاداضرة الاسلامية مجدلاوي ص٢١٦.

٤-تەمێ کردن بەلێدان یان دارکاریکردن :

بەلێ ئەمیری باوەرداران بەوە بەناوبانگ بوو کە هەلگری قامچی تەمێکردن بووە ، وە بە کاری هێناوە وە دارکاری پێکردووە بۆ والیە کان یان کاربەدەستانی ، بەلێ هەر بەم قامچیە لە هەندێ والی داوە ، بە هۆی ئەوەی چەند هەلیەکیانەوە ، کە ئەنجامیانداوە ، بۆ ئەو چەند جارەی کە ئەمیری باوەرداران گەشتی بۆ وەلاتی شام کردووە لە چەند والیەکی بە قامچی لێداون بە هۆی ئەوەی کە شت ومەکی زیادەیان لا بەدی کردن ، هەر لەبەر ئەوەی ررقی لە زیدەرۆیی بووە بێتاقەت بووە لێیان بۆیە لێداون ..؟! . [١٨١] بەلێ لە کاتی سەردانەکەی بۆ وەلاتی شام لە رێگادا گەیشتە هەندێ فەرماندەی سوپاکەی لە شا، یەکەم کەس کە پێ گەیشت (یەزیدی کوری ئەبو سفیان) بوو ، وە (ئەبو عبیدە) و پاشان (خالیدی کوری ولید) بوو ، لەسەر ئەسپەکانیان بوون ، هەندێ جل بەرگی نایابیان لە بەردابوو کەبۆ موجاهید یان سەربازی نەدەبوو ، لە بەر ئەمە (عومەر) دابەزی چەند بەردێکی هەلگرت بەرد بارانی کردن و فەرمووی : چی وای لێ کردن خێرا لە رای خۆتان پاشگەز ببنەوە ، ئەکەن بەو جل بەرگانەوە پێشوازیم لێ بکەن ، یان لە ماوەی ئەم دووسالە تێربوون ، سوێند بە خوا ئەگەر لە سەری دوو دەوە ئەم کارە ئەوا بکەن دەتانگۆرم .[١٨٢] بەکەسانی تر ، ئەوانیش ووتیان : ئەی ئەمیری باوەرداران ئەم تەنها سپیە و ئێمە ش چەکمان پێیە ، ئەویش فەرمووی : کەواتە شتێکی باشە ..؟!

٥-دابەزاندنی دەسەلاتی والیە کان یان کاربەدەستە کان بۆ شوان کاری :

بێ گومان ئەمیری باوەرداران ئەکارەی لە گەل والیەکان یان کاربەدەستانی کردووە ، ئەمەش بۆ سەردەمی خۆی یان بۆ ئەم سەردەمەش باشترین شتە ، چونکە هەندێك لە کاربەدەستا شیاوی شوانکارییش نین ..؟! کە ئێستا دەسەلات هێز دەست رۆیشتوون ، تەنها بەلکی هیچ نایەن ، بەلێ سەردەمی ئەمیری باوەرداران (عومەری کوری خەتاب) یەکێك لە کاربەدەستانی خۆی لە کارەکەی نزم کردۆتەوە دای بەزاندووە کردوویەتی بە شوانی مەر مالات ، هەر وەکو (ابن شیبە) — دەگێریتەوە : (عومەر) — خوا لێ رازی بێت — (عەیازی کوری غەنەمی) کردە کار بەدستی شام ، دواتر هەوالی پێگەیشت (عەیاز) سەر قالی کۆتر بازی شەورا بواردنە یان لە شوێنەداوێن پیسیەکان دەبینرا ..؟! (عومەر) پەیامێکی بۆ نارد هەتاکو بێت بۆلای ، ئەویش هات و (عومەر) سێ رۆژ لای خۆی هێشتیەوە ، پاشان بانگی کرد و ، وە عەبایەکی خوری بۆ هێنا ..؟! فەرمووی : ئەمە لەبەر بکە ، دواتر مێگەلە مەریچکی (٣٠٠) سەر مەری دایە و ، فەرمووی : دوایان بکەوە ..؟! ئەویش دوایان کەوت کاتێك کە هەنگاوێکی تێپەراند فەرمووی: وەرە ، ئەویش هات خزمەتی پێی فەرموو : ئەوە و ئەوە بکە یان ئەمە و ئەمە بکە و برۆ ..؟! ئەویش رۆیشت ، تاکو دوور کەوتەوە دووبارە بانگی کردەوە هاتەوە ، فەرمووی : برۆ برۆ ، جاریکی تر بانگی کردەوە ..؟! هێندی هێناو بردی تاکو تەواو ماندووی کرد و ناو چەوانی پر بوو لە عارەقە ، دواجار فەرمووی : برۆ بیبە لە رۆژێکی ئاوا و ئاوا بۆم بهێنەوە ، ئەویش بردی لەو رۆژەدا هێنایەوە ، (عومەر) رۆیشتە دەرەوە و فەرمووی : ئاویان بۆ بێنە ..؟! ئاوەکەی بەردایەوە هەتا پەنگاوەکە پربوو ، پاشان رانە مەرکەی ئاودا و دواتر : فەرمووی : برۆ بیبە کاتێك کە ئەو رۆژە هات بیهێنەرەوە ..؟! ئەم کارە دووتا سێ مانگی خەیاند ، پاشان (عومەر) بانگی کرد و فەرمووی : ها ، ئەو رادەبوێری و کۆتربازی دەکەیت ،ئایا دەگەرێتەوە سەر ئەم کارە ..؟! (عەیاز) ووتی : نەخێر . (عومەر) فەرمووی : بگەرێوە سە کارەکەی خۆت ..؟! .[١٨٣]

---

[١٨١]-تاريخ المدينة (٨٣٤/٣).
[١٨٢]-الولاية على البلدان (١٢٩/٢).
[١٨٣]-تاريخ المدينة (٨١٧/٣-٨١٨).الولاية البدان (١٠٣/٢).

٦-دابەشکردنی مالی کاربەدەستان یان والیەکان :

بێ گومان بەراستی چەپساندنی ئەم یاسایە کارێکی خۆ پارێزی لە حەرام ..؟! بەڵێ ئەمیری باوەڕداران بەم کارە هەڵدەسا بە جۆرێك کە هەستی پێ دەکرد بە زۆربوونی مالی هەندێك لە کاربەدەستانی یان والیەکانی لە وەلایەتەکاندا ، دەترسا لەوەی کە ئەوان هەندێ لە مالەیان بە هۆی بە کار هێنانی دەسەلاتی خۆیان کۆیان کردۆتەوە یان بەهۆی کاری ولایەتەوە دەستی کەوتبێ ..؟! .[١٨٤] (ابن تیمیه)- رەحمەتی خوا لێ بێت –لەسەر ئەم کارەی (عومەر) دەڵێت : یارمەتی و هاوکاری لاگری کردنی والیەکان یان کاربەدەستان لە سەودا کردن ، بە کرێدان و لێکدان ، ئاودێری و دامەزراندنەوەبووە، ئەمەش جۆرێکە لە دیاری ، بێ گومان دیاری یان هەندیە وەرگرتن بۆ کاربەدەستان هەر هەمووی حەرامە ، (چونکە دەبێتە خراپ بەکارهێنانی دەسەلات بۆ پۆستەکەی) هەر لەبەر ئەوە بووە کە (عومەر) لە کاربەدستانی لەوانە ی کە باش بوون و خواناس بوون وەربووە و تۆمتبار نەکراوە بە ناپاکی و بەکلکو وەریای کردوونەتەوە بەوەی پێیان وەك ئەمانەت سپێدراوە لە پێناوی ولایەت و یارمەتی و لاگری و چەندین شتی تریش ...هتد ،کارەکەی بەمە کۆتا دەهات ، لەبەر ئەوەی (عومەر) پێشەوایەکی دادوەر بووە بە یکسانی شتەکانی دابەش کردووە ..؟! .[١٨٥]

بەڵێ ئەمیری باوەڕداران هەلساوە بە دابەشکردنی مالی کاربەدەستا بە دوو کەرتەوە ، لەوانە (سعدی کوری وەقاص) و ((ئەبوو هریرە) (عومری کوری عاص) _ خوا لێیان رازی بێت - بەڵێ کاتێك (عومەر) هەر کاربەدەستێکی دەکردە والیە لە ولایەتێکدا ئەوا شت ومەکەکانی مالکەی لە لای خۆی دەنووسی ..؟! و پاشان ئەگەر زیادی بکرادیە ئەوا دەبەشی دەکرد یان لێ دەساندەوە ..؟! .[١٨٦]

هەروەها ئەگەر سەرنج بدەین بۆ ئەم باسە دەبینین ، کەوا ئەمیری باوەڕداران ، مالی خزمە نزیکەکانی کاربەدەستانی یان والیەکانیشی هەژماردەکرد ئەگەر زیادی کردوو بایە ، بۆ نموونە : (عومەر) هەلدەسا بە دابەشکردنی مالی هەندێ لە زمانی نزیکی والیەکان ئەگەر حجە یان بەهانەیەکی هەبووایە ، (عومەر) نیوەی مالەکەی (ئەبی بکر)ی وەرگرت ..؟! (ئەبی بکریش) رەخنەی لەم کارە گرت ووتی : من چ کاریچکم بۆتۆ گرتۆتە دەست ..؟! (عومەر) پێ فەرموو: بەلام برا کەت لە سەر (بیت و مال) دەیەکی ووشترەکان بووە پارەی داوێتێ بە قەرز و تۆش بازرگانیت پێوە کردووە ..؟! .[١٨٧]

٧-سەرزەنشتکردنی زارەکی و نووسراوەیی کاربەدەستان و والیەکان :

بەڵێ (عومەر) لەکاتی کۆبوونەوەی فەرماندەو والیەکاندا هەلساوە بە سەرزەنشت و لێ پرسینەوە تەمێ کردنی هەندێك لە والیەکان و کاربەدەستانی دا ، بەجۆرێك چەندین جار بەهۆی لەهەکانیانەوە سەرزەنشت کراون هەندێ لە والیەکان ، بۆنموونە : سەرزەنشت کردنی (عومری کوری عاص) و (عەیازی کوری غەنەم) و (خالیدی کوری ولید) و (ئەبو موسای ئەشعەری) و (یەزیدی کوری سفیان) چەندی کاربەدەست فەرماندەی تری کردووە..؟! .[١٨٨]

---

[١٨٤]-الولاية البلدان (١٣٠/٢).
[١٨٥]-الفتاوى الكبرى ابن تيمية (١٥٧/٢٨).
[١٨٦]-فتوح البلدان ص (٢٢٠-٢٢١)
[١٨٧]-شهيد المحراب ص ٢٥.
[١٨٨]-فتوح البلدان ص ٤٤٣.

سەرباسەکان

١-پیشەکی :----------١-٢

٢-پێناسەی بەرتیل یان (الرشوه) ----------٣

٣-ئامۆژگاریەك بۆ کاربەدەستان و فەرمانبەران و کارمەندانی دامودەگاکانی دەولەت----------٤

٤-ئەو ووشانەی کە پەیوەندی دارن بەووشەی (ریشوه یان بەرتیل) لەرووی شەرعیەوە ----------٥

٥-تووخمە کانی تاوانی بە رتیل یان (الرشوه) ----------٦-٨

٦-حکمی بەرتیل لە شەریعەتی ئیسلامدا----------٩-١٢

٧-جۆرەکانی بەرتیل دان بە کاربەدەستان یان ئەو کەسانەی حکم و فەرمانرەوایی دەکەن----------١٣-١٧

٨سزای تاوانی بەرتیل لە شەریعەتی ئیسلامدا----------١٨

٩-جۆرە کانی حدەی یان حدودی شەرعی دابەش دەبێت بەسەر شەشە جۆردا----------١٩-٢٩

١٠دارکاریکردن یان تەمێکردن لە شەریعەتی ئیسلامدا----------٣٠

١١-جۆرەکانی (تعزیر)یان تەمێکردن یان دارکاری کردن لە شەریعەتی ئیسلامدا----------٣١

١٢-سزای بەلگەی شەرعی تاوانی بەرتیل یان (الرشوه)----------٣٢-٣٨

١٣-هدیە و دیاری بەخشین ----------٣٩

١٤-جیاوازی نێوان بەریتل و هدیە----------٤٠

١٥-چ کاتێك بۆ کارمەند و فەرمانبەری حکومەت دروستە هدیە یان دیاری وەربگرێت..؟----------٤١-٤٢

١٦-هۆکارەکانی پەیدابوونی بەرتیل یان (الرشوة) ----------٤٣

١٧-شوێنەوار و گاریگەری و زیانە کانی (الرشوه) یان بەرتیل لە سەر تاك و کۆمەلگادا----------٤٤-٥٥

١٨-حکم ودادگەری کردن لە سەردەمی (عومەری کوری خەتاب) – رضي الله عنه ----------٥٥-٦١

١٩- دادگەری ئەمیری باوەرداران لە خەرج کردن یان لەدابەش کردنی مووچە----------٦٢

٢٠دامودەزگای دادگەری لە سەردەمی ئەمیری باوەرداران دا----------٦٣-٧٠

٢١-قەدەغەکردن هاوسەرگیری یان زواجی کاتی ..؟! -(سیغە یان موتعە)----------٧١

٢٢-تێگەیشتنی ئەمیری باوەرداران لە مامەلە کردن لە گەل والیە کان وە دامەزراندنی والی----------٧٢-٧٦

٢٣-دامە زراندنی والی یان کاربەدەستان لە سەردەمی ئەمیری باوەرداران ----------٧٧

٢٤-گرنگترین یاساکانی ئەمیری باوەرداران لە دامەزراندنی والی یان کاربەدەست و بەرپرسەکان ----------٧٨-٨١

٢٥-گرینگترین سیفەتەکانی والی یان کاربەدەست لە لای ئەمیری باوەرداران----------٨٢

٢٦-مافەکانی والی لەسەر خەلك وە لەسەر ئەمیری باوەرداران----------٨٣-٨٦

٢٧-ئە رکەکانی والی یان کاربەدەستان لە سەردەمی ئەمیری باوەرداران ----------٨٧

٢٨-سەردانی کردنی ئەمیری باوەرداران بۆ مال و شوێنی کاربەدەستان و والیەکان----------٨٨-٨٩

٢٩-سکالای خەلکی لە دژی والیەکان یان کاربەدەستانی ئەمیری باوەرداران ----------٩٠-٩٤

٣٠-تەمێکردنی یان دارکاریکردنی سزا شەرعی والیە و کاربە دەستان لە سەردەمی ئەمیری باوەرداران ----------٩٥-٩٧

قال تعالى: ﴿وَقِفُوهُمْ ۖ إِنَّهُم مَّسْـُٔولُونَ ﴿٢٤﴾﴾ [الصَّافَّات : ٢٤]